دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ژمارە: ٤٤٦
شەمە ١٥ی ڕەزبەری ١٣٨٥
٧ی ئوکتۆبری ٢٠٠٦
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

بزووتنەوەی نوێی خوێندکاری‌و شۆڕشی دووهەمی فەرهەنگی ٢
هەواڵەکانی کوردستان ٣
خەڵکی شارە ئازەرییەکان، داوای بە فەرمی ناسرانی خوێندن بە زمانی زگماکی دەکەن ٤
ئێمەش دەبینە دێموکرات ٥
قسەکانی بەڕێز د. میرۆ عەلیار لە کۆبوونەوەی ١٤ی سێپتامبری ٢٠٠٦ی پارلمانی ئورووپادا ٨
تاران: کۆڕی بیرئانینی مەستوورەی کوردستانی بەڕێوەچوو ٩
ڕاپۆرتێك لەسەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران ١٠
لە قامووسی فیمینیزمدا ١١

رایس لە سەردانی‌دا بۆ هەرێمی کوردستان:

## ئێمە لەپێش پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە، پشتگیریمان لە نەتەوەی کورد کردوە

سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٤ی ڕەزبەری ١٣٨٥، کاندۆلیزارایس، وەزیری دەرەوەی ئامریکا لەگەڵ زاڵمای خەلیلزاد، باڵوێزی ئامریکا لە عێراق سەردانی هەرێمی کوردستانی کردو لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشوازی لێکرا.

پاشان خاتوو رایس‌و بەڕێز مەسعوود بارزانی لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دا چاویان بە یەك کەوت‌و باسیان لەسەر دوایین ئاڵوگۆڕەکانی عێراق‌و کوردستان‌و ناوچە کرد. پاش ئەم چاوپێکەوتنە بەڕێزان رایس‌و مەسعوود بارزانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی‌دا وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان‌و هەواڵنێرانیان دایەوە.

کاندۆلیزارایس لە وەڵامی پرسیارێك دا سەبارەت بە گەرەنتیی ئامریکا بۆ پاراستنی ئاسایشی کوردستان لە ئێستاو داهاتوودا گوتی: ئێمە بەر لە ئازاد کردنی عێراق دۆستی کورد بووین، تەنانەت بەر لە پرۆسەی ئازادیی عێراق، ئێمە پشتگیریمان لە نەتەوەی کورد کردوەو ئێستاش دەتوانین بڵێین هەوڵ دەدەین کە عێراقێکی دێموکراتیك هەبێ نەك تەنیا هەرێمی کوردستان دێموکراتیك بێ‌و گەرەنتی بۆ ئەوەش ئەوەیە کە لە دەستووردا هاتووە کە عێراق یەکگرتوو دەبێ‌و...

هەروەها سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وەڵامی دوو پرسیاردا لەسەر سەربەخۆیی‌و نەوتی کوردستان گوتی: کورد وەك هەر نەتەوەیەکی تری ئەم دنیایە مافی خۆیەتی بڕیاری چارەنووسی خۆی‌بدا، بەڵام پارلمانی کوردستان کە نوێنەری گەلی کوردستانە بڕیاری داوە کە لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی‌و دێموکراتیك دا بڕیاری چارەنووسی خۆی بدا. سەبارەت بە داهاتی نەوتیش وتی: هەر وەك لە دەستووریش دا هاتووە ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە داهاتی نەوت بە شێوەیەکی یەکسان‌و دادپەروەرانە بەسەر هەموو عێراق دا دابەش بکرێ.



لە پرسیارێك دا سەبارەت بە ڕەوشی هێزەکانی PKK رایس وتی: یەکێك لەو خاڵانەی کە لەگەڵ سەرۆك بارزانی‌دا باسمان لێوە کردوە، مەسەلەی PKK بوو، منیش خۆشحاڵم کە بەرەوپێشچوونێك لە مەسەلەی PKK دا لەم ماوەیەدا بووەو لەلایەن حکوومەتی ئامریکاشەوە ژەنراڵ رامستن بۆ ئەم بابەتە دەستنیشان کراوەو پێویستە هەموو لایەك ڕۆڵی خۆیان لەم مەسەلەیەدا بگێڕن چ کورد چ عێراقییەکان‌و یان تورکیە **سەرچاوە: PUKmedia**

---

## ڕێککەوتنی ٦ هێزی باڵادەستی جیهان لەسەر گەمارۆی ئێران

٦ هێزی باڵادەستی جیهان، بەدوای کۆبوونەوەی هەینیی رابردوو لە لەندەن، بەیاننامەیەکی هاوبەشیان لەبارەی ئێران بڵاو کردەوە. لەم بەیاننامە هاوبەشەدا کە وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ١+٥و نوێنەرانی پایەبەرزی یەکیەتیی ئورووپا دەریان کردوە هاتوە: ئێمە بە قووڵی لە ڕاپۆرتی خاویەر سۆلانا لەبارەی هەڵنەپەسێرانی چالاکی‌یەکانی تایبەت بە پیتاندنی ئۆرانیوم لەلایەن ئێرانەوە، بەداخین. ئەمە داوایەك بوو کە شووڕای حاکمانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی هێنابوویانە گۆڕێ‌و لە بڕیارنامەی ١٦٩٦ی ئەنجومەنی ئاسایش دا جێبەجێکردنەکەی بەپێویست زانرابوو. هەربۆیە ئێستا ئێمە لەبارەی هەندێك هەنگاو بە گوێرەی ماددەی ٤١ی فەسڵی هەشتەمی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان کەلە بڕیارنامەدا هاتوە، خەریکی ڕاوێژ کردنین.

ئەم ٦ هێزە لەسەر ئەمە ڕێك کەوتن کە لە گەمارۆ ئیحتیمالی‌یەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەدژی ئێران بکۆڵنەوە.

"اخبار روز"

---

## خەڵکی ورمێ لە خۆپیشاندانێك دا خوازیاری مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بوون

ڕۆژی شەممە، ١ی ڕەزبەری ١٣٨٥، هاوکات لەگەڵ دەست پێکردنی قوتابخانەو زانکۆکان لە ئێران دا لەسەر ڕاگەیەندراوی ئازەرییەکان خۆپیشاندانێك بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە پێشێل کردنی مافی خوێندن بە زمانی زگماکی لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، لە شەقامی "خەیام"ی شارستانی ورمێ‌دا بەڕێوەچوو.

خۆپیشاندانەکە کاتژمێر ٦ی ئێوارە دەستی پێکردو سەدان کەس تێیدا بەشداربوون. هەر لە سەرەتای خۆپیشاندانەکەوە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم (هێزەکانی دژی شۆڕش) هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران‌و دەیان کەسیان لە خۆپیشاندەران گرت. هەروەها هێزە ئینتیزامییەکان شەقامە سەرەکییەکانی شاریان خستە ژێر کۆنترۆڵ‌و چاوەدێریی توندەوە پێشیان بە کۆبوونەوەی چەند کەس لە شەقامەکان دا گرت.

شیاوی باسە نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بە گشتی‌و لەوانە کوردو ئازەری لە مافی خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆیان بێبەشن. لە کاتێك دا لە ماددەی ١٥ی یاسای بنچینەیی کۆماری ئیسلامی‌دا مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ نەتەوە غەیرەفارسەکان بە فەرمی ناسراوە، کاربەدەستانی ڕێژیمی دژی‌گەلیی ئاخوندی ٢٧ ساڵە ئەو مافە یاساییەیان پشت گوێ خستوەو پێشێلی دەکەن.

---

## سەردانی هەیئەتێکی حیزبی شیوعیی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزب

ڕۆژی سێشەممە، ١٣٨٥/٧/٤، هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی شیوعیی کوردستان کە بریتی بوو لە بەڕێزان: ئەبوتارا، مامۆستا ڕەوەند، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و زیرەك کەماڵ، ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و بەرپرسی ڕاگەیاندن، ئەبوو دڵشاد، ئەندامی کومیتەی پەیوەندییەکانی ح.ش.ك سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لەلایەن بەڕێزان، کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب، حەسەن شەرەفی، حەسەن ڕەستگار، عەلی مێهرپەروەر، محەممەد نەزیف قادری‌و تەیموور مستەفایی، ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و حەسەن قادرزادەو حوسێن محەممەدزادە، ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بە گەرمی پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارە دۆستانەیەدا باسی بابەتە سیاسی‌یەکانی پێوەندیدار بە ناوچەو ئێران‌و کوردستان‌و هەل‌ومەرجی ئێستا هاتنە گۆڕێ‌و لەو بارەوە ئاڵوگۆڕی بیرورا کرا. هەروەها باس لەسەر پێوەندیی دۆستانەو لەمێژینەی حیزبی شیوعیی کوردستان‌و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کراو جەخت لەسەر پتەوکردنی ئەو پێوەندییانە کرایەوە.

---

## سەردانی شاندێکی پارتی ویفاقی کوردی سووریە لە دەفتەری سیاسیی حیزب

ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٣٨٥/٧/٦، هەیئەتێکی پارتی ویفاقی کوردی سووریە کە بریتی بوو لە بەڕێزان: خاتوو نالین جوودی، سکرتێری گشتیی‌و کاك نەشئەت محەممەد، ئەندامی دەفتەری سیاسی، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لەلایەن بەڕێزان کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب، عەلی مێهرپەروەر، محەممەد نەزیف قادری، ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و عومەر باڵەکی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی‌و عەلی سۆرانی‌و عێرفان ڕەهنموون، موشاویرانی کومیتەی ناوەندی‌و ئیبراهیم ئیبراهیمی، کادری پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزب بە گەرمی پێشوازی لێکرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا، ڕەوشی سیاسیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و بارودۆخی زاڵ بەسەر ئەو ناوچەیەدا بە گشتی‌و ڕەوشی سیاسی‌و بارودۆخی کوردەکان لە وڵاتی ئێران‌و سووریەدا بە تایبەتی خرایە بەر باس‌و وتووێژو هەردوولا لەسەر کێشەکانی پێوەندیدار بە کوردەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد. هەروەها جەختیان لەسەر پتەوکردنی پێوەندیی دۆستانە لەنێوان حیزبی ویفاقی کوردی سووریەو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا کردەوە.

---

## دانانی پارازیت لەسەر کاناڵە ماهوارەیی‌یەکان

دانانی پارازیت‌و تێکچوونی کاناڵە ئاسمانییەکان لە چەند ڕۆژ بەر لە چوونی ئەحمەدی‌نژاد بۆ شاری مەهاباد دەستی پێکردو تا ئێستاش هەر درێژەی هەیەو بە تایبەت کاناڵە فارسی‌و کوردییەکان وەرناگیرێن. ئەو ئامێرو دەزگایانەی کە لە ڕێگەیانەوە پارازیت دەخرێتە سەر کاناڵەکان لە نەخۆشخانەی مەهاباددا دامەزراون‌و لەلایەن چەند مۆرەی خۆجێیی ڕێژیم‌و سووپای پاسدارانەوە ئیدارە دەکرێن. جێی باسە ماوەیەکی زۆرە ڕێژیم خەریکی ئەم کردەوەیەیەو پێشتر پارازیتی لەسەر ڕادیۆکان بە تایبەت "ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران"داناوەو دەنگی ئەم ڕادیۆیە لە مەهابادو شارەکانی‌تر بە باشی نابیسرێ.

---

## فەڕانسە پێشنیاری ئێرانی بۆ پیتاندنی ئورانیۆم ڕەت کردەوە

لە کاتێك دا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی چاوەڕوانی ئاکامی وتووێژەکانی نێوان خاویەر سۆلاناو عەلی لاریجانی بوون، پێشنیاری محەممەد سەعیدی، جێگری ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمیی ئێران بە فەڕانسە بۆ پیتاندنی ئورانیۆم لەلایەن فەڕانسەوە لە ئێران دا لەگەڵ پێشوازییەکی ئەوتۆدا بەرەوڕوونەبووە.

کاربەدەستانی فەڕانسە دەڵێن بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ١+٥دا ئەم پێشنیارە تاوتوێ دەکەن. عەلی ئاهەنی، باڵوێزی ئێران لە پاریس دا گوتی: پیتاندنی ئورانیۆم لە ئێران دا لەلایەن فەڕانسەوە بە واتای کۆنترۆڵی هەمیشەیی‌یەتی.

ژان باتیستە ماتئی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی فەڕانسە لە کۆنفڕانسێکی چاپەمەنی‌دا گوتی: هەڵوێستی وڵاتانی ١+٥و هەڵوێستی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە تەواوی ڕوونەو لە ئێران داواکراوە چالاکییەکانی پیتاندنی ئورانیۆم هەڵپەسێرێ‌و ئێمەش ڕێکاری سزادانە نێونەتەوەییەکان لە شووڕای ئەمنییەت دا هەڵدەپەسێرین. کاتێ وتووێژەکان دەست پێبکەنەوە کۆماری ئیسلامی دەتوانێ پێشنیارەکانی بێنێتە ئاراوە.

**سەرچاوە: ڕادیۆ فەردا**

---

## درێژەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان، زنجیرەیەك پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لەم دوایی‌یانەدا لە کوردستان ڕوویان داوە کە هێندێك لە وان بریتین لە:

*** داخرانی وێبلاگی "رنج مردم" سەر بە محەممەد سەدیق کەبوودوەند سەرۆکی ڕێکخراوی داکۆکی لەمافی مرۆڤ لە کوردستان:** ئەم وێبلاگە ساڵی ١٣٨٣ دامەزراوەو زۆر لە وتووێژو بەیاننامەکانی بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوە لەبارەی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستانی تێدا بڵاو ببۆوە.

*** بەر بە کۆبوونەوەی زیاتر لە ١٠٠ ژن‌و پیاوی دێهگولانی لە کێوی شەیدا، گیرا:** ئەم ١٠٠ کەسە دیانەویست بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان، گەشتێکی شاخەوانی لە کێوی شەیدا لە نزیك دێهگولان ئەنجام بدەن کە هێزە ئەمنییەتی‌یەکان پێشیان پێدەگرن.

*** ژمارەیەك لە زیندانی‌یەکانی بۆکان بۆ مەهاباد ڕاگوێزران:** کامیل قادری، حوسێنی گەردشی‌و جەعفەر گەردشی لەنێو ئەو زیندانییانەدا بوون. ئەم چەند کەسە سەرەتای مانگی ڕابردوو بەتاوانی پێوەندی لەگەڵ حیزبە کوردەکان گیرابوون‌و چارەنووسیان هەتا ئێستا ڕوون نیە.

*** گوشار بۆ سەر زیندانی‌یەك بە مەبەستی بەدەستەوەدانی کوڕەکانی دەستی پێکردوە:** ئەو زیندانی‌یە ناوی "جەهانگیر بادوزادە"یە. بە پێی هەواڵەکان دوو کوڕی ناوبراو لەگەڵ حیزبە سیاسی‌یەکان دان‌و مەئموورانی ئەمنییەتی ناوبراویان بە مەبەستی تەحویلدانەوەی کوڕەکانی بە هێزە دەوڵەتی‌یەکان خستۆتە ژێر فشار. جەهانگیر بادوزادە ٣ ساڵ لەوەپێش بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردەکان بە ئێعدام مەحکووم ببوو بەڵام حوکمەکەی لەلایەن دیوانی بەرزی وڵات، هەڵپەسێردرا.

ماڵپەڕی: ئەخباری‌روز

---

## بەشداریی شاندێکی حیزب لە کۆنفڕانسی لیبێرپارتی لە شاری مەنچێستێر

ڕۆژی ٢٤ی سێپتامبری ٢٠٠٦، "کۆنفڕانسی لیبێرپارتی ٢٠٠٦" لەژێر ناوی "داهاتوو بۆ بریتانیا" لە شاری مەنچێستێری بریتانیادا دەستی پێکرد. بەشدارانی کۆنفڕانسەکە پێك هاتبوون لە: ٨٤ نوێنەر لە ٥١ باڵوێزخانەی وڵاتانی دنیاوە، ٤٢ حیزبی خوشك، ٢٣ نوێنەر لە ١٢ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی. ژمارەی سەرجەم میوانەکانی ٢٣٣ کەس بوون.

شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە بەڕێزان مەولوود سوارە، هەمزە بایزیدی‌و ئارام چراغی بۆ ئەم کۆنفڕانسە بانگهێشت کرابوو کە چاوی بە چەندین وەزیرو کاربەدەستی دەوڵەتی بریتانیاو وڵاتانی‌تر کەوت‌و لە چاوپێکەوتنەکان دا لەسەر خەباتی حیزب‌و سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی باس‌و ئاڵوگۆڕی بیرورا کرا.

جێی باسە بەڕێز تۆنی بلێر، سەرۆك وەزیری بریتانیاو چەند کەس لە ئەندامانی کابینەکەی لەم کۆنفڕانسەدا بەشداربوون.

# بزووتنەوەی نوێی خوێندکاری و شۆڕشی دووهەمی فەرهەنگی

جەمیل کولاهی

به گوێرەی ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێرانەوە دەگەن شەپۆلێکی نوێی سەرکوتی خوێندکاران دەستی پێکردۆتەوە کە ئەم سەرکوتانە شێوەگەلی جۆراوجۆر بەخۆوە دەگرن، کە لەو چەند مانگەی دواییدا لە زانستگەکانی ئێران بەردەوام بەڕێوەدەچن کە بۆ نموونە ئاماژە بەو خاڵانەی خوارەوە دەکەم:

**پێشگرتن بە تێکۆشانی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان**، بۆ وێنە دەتوانین ئەوانەی خوارەوە بێنینەوە:

ـ بە بڕیاری هەیئەتی چاودێریی بە سەر ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی زانستگای مازندەراندا، تێکۆشانی ئەنجومەنی ئیسلامیی ئەو زانستگایە بۆ ماوەی دە مانگ وەدواخرا (ئەمیر کەبیر ٨٥/٤/٤)

ـ بە هۆی هێرشی مەئموورێکی ئینتیزامیی زانستگای سیستان و بەلووچستان بۆ سەر دەفتەری ئەنجومەنی ئیسلامیی خوێندکارانی ئەو زانستگایە، دوو کەس لە خوێندکارەکان بریندار بوون (ایسنا ٨٥/٤/٢١)

ـ بە بڕیاری هەیئەتی چاوەدێریی بەسەر تێکۆشانی ڕێکخراوە خوێندکارییەکاندا، تێکۆشانی ئەنجومەنی ئیسلامیی زانستگای بوو عەلی سینای هەمەدان، دواخرا (ایسنا ٨٥/٤/٢٧)

**داخستنی گۆڤاری خوێندکاری**، بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بەوانەی خوارەوە بکەین:

ـ داخستنی گۆڤاری خوێندکاری "فریاد" لە زانستگای یاسووج بۆ ماوەی ٦ مانگ (ایسنا ٨٥/٤/١٧)

ـ داخستنی گۆڤاری خوێندکاری "واژە" لە زانستگای ئەمیرکەبیر بۆ ماوەی یەك ساڵ (گویانیوز ٨٥/٤/١٩)

**بانگهێشت و لێکۆڵینەوە:** بۆ وێنە

ـ نۆ خوێندکاری کچ لە زانستگای تاران بە هۆی مانگرتنی سینفی زانستگا، بانگهێشتنی کومیتەی ئینزیباتی کران (ادوارنیوز ٨٥/٤/٣١)

**دادگایی کردن:** بۆ نموونە

ــ محەممەد ڕەزا ڕەحیمی ڕاد، عەلیڕەزا فەرروخ نیا، ئازادە زیا، مورتەزا بورش جان، عیماد بەهاوەرو بێهرووز خالێقی ئەندامی ئەنجومەنی خوێندکارانی کۆماریخوازی زانستگای یەزد. بە تۆمەتی تەوهین بە خامنەیی لە لقی پێنجەمی دادگای پێداچوونەوەی یەزد دادگایی کران (ایلنا ٨٥/٤/٢١)

**دەرکردنی بڕیار دژی خوێندکاران لە دادگاکاندا:** بۆ وێنە

ــ پوویا مەحموودیان ئەندامی ئەنجومەنی ئیسلامیی زانستگای ئەمیرکەبیر بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنییەتی گشتی لە لایەن دادگای شۆڕشی تارانەوە بە سێ مانگ و نیو زیندان مەحکووم کرا (امروز ٨٥/٤/٥)

ـ هانی باوی، لفتە سەرخە، حسین بوغدار، مەنسوور تەیووری نەسەب و قاسم کرشاوی خوێندکارانی زانستگای چەمران بە تۆمەتی بەشداری و بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی نایاسایی بە ئامانجی تێکدانی ئەمنییەتی گشتی و تێکۆشان دژی ڕێژیم لە لقی سێزدەی دادگای پێداچوونەوەی خووزستان بەندکران و بە دوورخستنەوە مەحکووم کران، (ایلنا ٨٥/٤/١٣)

ئەو سەرکوتە تەنیا خوێندکارانی نەگرتۆتەوە بەڵکوو هەر لەو پێوەندییەدا پرۆژەی خانەنشین کردنی زۆرەملێی مامۆستایان و پێش گرتن بە دەرس وتنەوەی هێندێك لە مامۆستایان لە زانستگاکاندا هاتە ئاراوە. نوێترین گەڵاڵەی ڕێژیم لەو پێوەندییەدا بریتییە لە پێش گرتن لە وەرگرتنی خوێندکاران واتە "گزینش" کردنیانە کە بە گوێرەی هەواڵەکان ئەو خوێندکارانە بە سێ دەستە دابەش کراون.

ــ تەك ستارەیی، کە لە باری سیاسییەوە، کێشەیەکی ئەوتۆیان نیەو بە وەرگرتنی بەڵێنی لە سەر دوورکەوتنەوە لە هەرچەشنە کارێکی سیاسی، لەو کەسانە، لە زانستگا وەردەگیرێن.

ــ دوو ستارەیی، کە کێشەیەکی زۆریان هەیەو دەبێ وەزارەتی ئیتلاعات ڕای خۆی لەمەڕ دۆخی سیاسیی ئەو کەسانە دەربڕێ و سیاسی بوون یان نەبوونیان پشت ڕاست کاتەوە.

ـ سێ ستارەیی، کەسانێکن کە پێش بە چوونیان بۆ زانستگا دەگیرێ و "گزینش" ناکرێن.

گرتنەپێشی سیاسەتی توندوتیژی و سەرکوتکەرانە لە بەرامبەر خوێندکاراندا نیشانەی سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی خوێندکارییە. ڕێژیم بە شۆڕشی فەرهەنگی و سەرکوتەکانی دەیەی شەست و حەفتا وای بۆ دەچوو کەچی دیکە بزووتنەوەیەك لە ژێر ناوی بزووتنەوەی خوێندکاری سەرهەڵ ناداتەوە. بەڵام مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایانە بە تایبەت دوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژاد جارێکی دیکە ئەو بۆچوونەی ڕێژیمی ڕەد کردەوە. بە لێکدانەوەی ئەو شێوە هەڵسوکەوتانەی ڕێژیم چەند پرسیارێك لەمەڕ چۆنیەتیی گرتنە پێشی ئەو سیاسەتانە لە بەرابەر ئەو بزووتنەوەیەدا دێتە پێش لەوانە: بنەمای فیکریی ئەو سیاسەتانە چیە؟ ڕێژیم بۆ لە سیاسی بوونی زانستگا دەترسێ؟ بزووتنەوەی خوێندکاری بۆ دەربازبوون لەو دۆخە دەبێ چ بکا؟

سیستمی فێرکاریی باڵا گەورەترین پارادۆکسی ڕێژیمە دیکتاتۆرو توتالیتێرەکانە، چونکە زانستگا بە هۆی ئەوەوە کە جێگای لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی بابەتگەلی جۆراوجۆرە، بۆتە کانگای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگادا، ئەم ئاڵوگۆڕانە بێجگە لە گۆڕانی بوارگەلی فەرهەنگی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، دەبێتە هۆی پێکهێنانی گۆڕان لە دەزگای سیاسی و بەڕێوەبەریی کۆمەڵگاکاندا، کە هەر ئەم تایبەتمەندییانە وایان کردوە کە ئەو ڕێژیمە زاڵانە بەسەر کۆمەڵگاکاندا بە تایبەت ڕێژیمە ئیدئۆلۆژیکەکان بکەونە بیری ئەوە کە زانستگاو خوێندکار لەگەڵ ئەو بنەما ئیدئۆلۆژیکانەی کە ڕێژیم لەسەریان دامەزراوە ڕێك بخەن، چونکە بە هۆی ئەوەوە کە لە دنیای ئەمڕۆدا، وڵات پێویستیی بە بارهێنانی کادری تێکنۆکرات و بوروکرات هەیە ناتوانن زانستگەکان دابخەن، بۆیە تێدەکۆشن وێڕای هەبوونی سیستمی باڵای فێرکاری، هێژمونی فیکریی خۆیان بەسەر ئەو سیستمەدا زاڵ بکەن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە ڕێژێمێکی ئیدئۆلۆژیکی مەزهەبییە، ڕاست بە پێی ئەو سیاسەتە لەگەڵ ئەو سیستمە بەرەوروو دەبێتەوە. کاتێك لە سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧دا لەگەڵ بارودۆخێك بەرەوروو بووەوە کە لە نێو زانستگە، وەك سەرەکیترین سەرچاوەی ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگا، کەمترین لایەنگری هەبوو و کەشوهەوایەکی سیکۆلار بەسەر زانستگەدا زاڵ بوو، خومەینی دامەزرێنەرو ڕێبەری ئایینی ڕێژیم لە پەیامی نەورۆزی ١٣٥٩دا دەڵێ "دەبێ شۆڕشێکی قووڵ لە زانستگەکانی سەرانسەری وڵاتدا پێك بێت. کەسانێك کە بەستراوە بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوان بپاڵێورێن و زانستگە ببێتە جێگای زانست، ببێتە جێگایەك بۆ فێرکردنی زانستی بەرزی ئیسلامی" ئەم وتانە بوون بە بنەمایەکی فیکری بۆ پێك هاتنی "شۆڕشی فەرهەنگی" کە دوو ئامانجی سەرەکیی هەبوون:

١ـ ڕێکخستنی زانستگە لەگەڵ بنەماکانی ڕێژیم

٢ــ پاڵاوتنی جودابیران لە زانستگە.

ئێستا پاش تێپەڕینی پتر لە دوو دەیەو نیو لە شۆڕشی فەرهەنگی، سەرلەنوێ زانستگەکان بەرەو ڕێبازێك دەڕۆن کە دژایەتیی لەگەڵ بنەماکانی ڕێژیم هەیەو دەیانخاتە مەترسییەوە. بۆیە ئەحمەدینەژاد سەرکۆماری ڕێژیم کە بە بۆنەی ساڵڕۆژی یەکیەتیی "حەوزەو زانستگە"وە دەئاخاوت، لە درێژەی وتەکانیدا هەڕەشەی لە گرووپە سیاسییەکان کرد، کە لە زانستگەدا تێکۆشان و دەستێوەردان و ئەندامگیری نەکەن و هەروەها لە خوێندکاران خوازیاری ئەوە بوو کە خۆ لە تێکۆشانی سیاسی و حیزبی ببوێرن. ئەم وتانە ڕاست پەیامە نەورۆزییەکەی ساڵی ١٣٥٩ی خومەینیمان وەبیردەخەنەوە کە شۆڕشی فەرهەنگییان لێکەوتەوە. هێنانەوەی "گزینش" و ستارەدارکردنی خوێندکاران شتێکی لەو بابەتەیە. کە ئەم جارە دەیانەوێ هەنگاو بە هەنگاو ئەو شۆڕشە بە ئاکام بگەیەنن. شۆڕشی فەرهەنگی لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی زاڵبوون و جێگیرکردنی ڕێژیم بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا بوو، کە بە باشی لە شەڕی ئێران و عێراق کەڵکی لێوەرگرت و دەستی دایە سەرکوتی جودابیرەکانی ئێران، چونکە ئەوکات بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران بەرەو بەرەکانی شەڕ بەلاڕێدا چووبووو کەس بیری لە کێشەکانی نێوخۆیی نەدەکردەوە. ئێستا ڕێژیمی ئێران لە دەرەوەو نێوخۆی ئێراندا تووشی قەیرانی جۆراوجۆر بۆتەوە، و ئەو ڕێژیمە لەسەر بنەماکانی خۆی ترازاوەو ئاستی سیاسی و فەرهەنگیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە نیسبەت سەرەتای شۆڕش چۆتە سەرێ کە بزووتنەوەی خوێندکاری بە کەڵك وەرگرتن لەو فاکتەرانە دەتوانێ ڕێبەرایەتیی شۆڕشێکی نوێ بگرێتە دەس، بۆیە دەیەوێ بە پاڵاوتنی زانستگە لە جودابیرەکان، پێش بە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران بگرێ. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە بنەماو بایەخەکانی خۆی دوور کەوتوونەتەوەو دەیەوێ بە هەر شێوەیەك کە بۆی دەکرێ لەو بنەماو بایەخانەی خۆی نێزیك ببێتەوە، کە بەم سیاسەتە نوێیانەی کە لە مەر زانستگە گرتوونیتە بەر، دەیەوێ کەشوهەوای زانستگە بۆ دەیەی شەست کە تازە شۆڕشی فەرهەنگی کۆتایی هاتبووو زانستگە لەگەڵ ڕێژیم ڕێك کەوتبوو، بگەڕێنێتەوە.

ئەم سیاسەتەی ڕێژیم کە لەو ماوەیەی دواییدا گرتوویەتە پێش بە سەرنجدان بە بارودۆخی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانیی ڕێژیم، تووشی شکست دەبێت، بۆیە دەبێ داڕێژەرانی ئەو پرۆژەیە باش بزانن نرخدارکردن و ریسك دارکردنی تێکۆشانی خوێندکاری، نە تەنیا نابێتە هۆی دڵساردی و پاشگەزبوونەوەی تێکۆشەرانی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئامانجەکانیان، بەڵکوو بەدڵنیاییەوە هەروەك یەك دەیە دوای شۆڕشی فەرهەنگی ئەو بزووتنەوەیە سەری هەڵدایەوە، ئەم جارەش بە توندی سەرهەڵدەداتەوە. پێویست بە ئاماژەیە کە بارودۆخی ئەم جارە لەگەڵ سەرەتای شۆڕشدا جیاوازیی هەیە، چونکە جیا لەوە کە ڕێژیمی ئێران کەوتۆتە ژێر فشاری نێونەتەوەیی، بە هۆی کردەوە دزێوەکانییەوەو هەروەها پرۆژەی ناوکییەوە بەرەورووی کێشەی قووڵ بۆتەوە، هەروەها بیروڕای گشتیی جیهان وەك پێشوو نەماوەتەوە، بۆیە چی دیکە ئیزن بە شۆڕشێکی دیکەی لەو چەشنە نادات و بە هۆی گەشەی لە ڕادەبەدەری میدیاو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە جیهاندا بە خێرایی ئەو سیاسەتانە لەقاو دەدرێن، بۆیە مەیدانی تێکۆشانی ڕێژیم لەو بارەیەوە بەرتەسکە.

ئەم سیاسەتە کە هەروەك پێشتر تاقی کراوەتەوە بێجگە لە ئاکامگەلی نیگاتیڤ بۆ کۆمەڵگای ئێران وەك هەڵهاتنی مێشکەکان و بە فیڕۆچوونی هێزی مرۆڤی و خاڵی بوونەوەی وڵات لە کەسانی پسپۆڕو ئاکادیمیك هیچی دیکەی بەدواوە نیە. ئەم سیاسەتە بە بەرتەسککردنەوەی مەیدانی کردەوەو ژێرپێنانی مافی تێکۆشەرانی خوێندکاری بە شێوەگەلی جۆراوجۆر وەك وەرنەگرتنی ئەو خوێندکارانەی کە بۆ دەورەگەلی بانتر قبووڵ بوون، پێش گرتن بە تێکۆشانی ئەنجومەنە ئیسلامییەکان، داخستنی گۆڤارە سەربەخۆوە خوێندکارییەکان و بە فەرمی نەناسینی مافە سینفییەکانی خوێندکاران و..... جێبەجێ دەکرێ، کە ئامانج لەوە تەنیا پاسیڤ کردنی بزووتنەوەی خوێندکارییە. مەبەست لەم پاسیڤ کردنەش کوشتنی ڕوحی ڕەخنەگری لە خوێندکارو بزووتنەوەی خوێندکاری دایە، چونکە ڕەخنەگرتن بەشێکە لە شوناسی خوێندکارو بزووتنەوەی خوێندکاری، هاوکات ڕەخنەگرتن ڕێگایەکە بۆ لەقاودانی سیاسەتەکانی ڕێژیم، بۆیە ئەم ڕێگایە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم یەك ناگرێتەوەو هەموو کات تێکۆشاوە کە ئەم ڕوحیە لە نێو توێژی خوێندکاردا بکوژێ. بە تایبەت ئێستا کە سیاسەتە گشتییەکانی دەوڵەتی ئەحمەدینەژاد لە دەرەوەو نێوخۆدا کەوتونەتە بەر ڕەخنەی خوێندکاران، زیاتر لە هەموو کاتێك لەو بارودۆخە نوێیەی کە لە ناوچەو جیهاندا پێك هاتوەو ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بەرەو نەمان و تێك شکان دەڕۆن، ڕێژیم دەرکی بە پێویستیی سەرکوتی بزووتنەوەی خوێندکاری کردوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو هەلومەرجە ناسکەدا کە لە ناوچەکەدا هەیە بە هیچ شێوەیەك نایەوێ کەشوهەوای زانستگە بەرەو کەشوهەوایەکی سیاسی بڕوا. چونکە ترسی ئەوەی هەیە حیزب و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم لە زانستگەدا ئەندامگیری بکەن و بارودۆخی زانستگە وەك پێش لە شۆڕشی فەرهەنگیی ١٣٥٩ی لێبێتەوەو ببێتە سەنگەرێك بۆ خەبات و بەربەرەکانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ ڕێژیم. ڕێژیم بۆ پێشگرتن لە خولقانی کەشوهەوایەکی لەوبابەتە ئاواها بە توندی خەریکی سەرکوتی خوێندکارانە.

بزووتنەوەی خوێندکاری دەبێ لەو هەلومەرجە تایبەتەدا کە بۆ ئێران پێش هاتوە بە تێبینی زانستی و سیاسییەوە هەنگاوەکانی هەڵبگرێ و ئەو گوشارە نێوخۆیی و نێونەتەوەییانەی کە کەوتوونەتە سەر کۆماری ئیسلامی بە قازانجی بزووتنەوە بیانقۆزێتەوەو بیانخاتە خزمەتی جووڵانەوەکەو هەر وەك چۆن لە ئاڵوگۆڕەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێراندا جێگا پەنجەی دیارو زەق و بەرچاوە پێویستە وەك هێزێکی مودێڕنخواز جارێکی دیکە بێتەوە مەیدان و ئەرکی مێژوویی خۆی بە جێ بگەیەنێ و ڕۆڵی کارامەی خۆی لەو ئاڵوگۆڕە چاوەڕوانکراوانەی داهاتووی ئێراندا بگێڕێ. بەڵام پێش لە هەموو شتێك لە قۆناخی یەکەمدا پێویستە پێداچوونەوەیەکی قووڵ بەسەر پێکهاتەو شێوە خەباتی خۆیدا بکاتەوە. بۆ ئەم کارە پێویستە لەسەر مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاری خوێندنەوەیەکی هەبێ و بە جیددی بیخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، چونکە لە مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێراندا شێوەخەباتی جۆراوجۆری زۆر تاقی کراونەتەوە، وەك ڕێکخستنی خۆپیشاندان، پێکهێنانی کۆنفیدراسیۆن بۆ خوێندکارانی ئێران، خەباتی چەکدارانە، و.... کە پێداچوونەوە بەو مێژووەدا پێویستییەکی سەرەکییە، چونکە لە شۆڕشی فەرهەنگی بەملاوە دابڕانێك لەنێو ئەو مێژووەو خوێندکاری ئەو سەردەمەدا پێك هاتوە، کە بە خوێندنەوەی ئەو مێژووەو باس کردنی لە نێو خوێندکارانی ئێستادا ئەو دابڕانە تا ڕادەیەکی زۆر لەنێو دەچێ. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە توێژی خوێندکاری ئێستا لە ئەزموونە نرخەکانی ئەو مێژووە بە چاکی کەڵك وەربگرێ.

لە قۆناخی دووهەمدا دەبێ بیرلەوە بکاتەوە کە لەو ساڵانەی دواییدا زۆرترین خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین لە زانستگەکانەوە سەریان هەڵداوە، بەڵام هیچ کامیان بە ئاکام نەگەیشتوون و دەنگدانەوەیەکی شیاویشیان نەبووە. کە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە لە ئێراندا ڕێکخراوی خوێندکاری و زانستگە لە باری سیاسییەوە سەربەخۆ نین و ڕێکخراوێکی سەربەخۆی خوێندکاری لە ئێراندا بەدی ناکرێ تا لە نێو خوێندکاراندا ڕێکخستن پێك بێنێ و جوولانەوەکە ڕێبەرایەتی بکا، تا بە ئامانجەکانی بگا، بۆیە هەمووی ئەو ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانانە بە هۆی نەبوونی ڕێبەرایەتی و ڕێکخراوێکی سەربەخۆ هەر زوو بە بێ ئاکام دامرکاونەتەوە. هەر بۆیە لەم قۆناخەدا هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆی خوێندکاری پێویستییەکی مێژووییە.

بابەتێکی هەرە گرنگی دیکە کە بە داخەوە تا ئێستا لەنێو بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێراندا وەبەرچاو نەگیراوەو کاری لەسەر نەکراوە فرە نەتەوە بوونی ئێرانە کە ئەمڕۆ وەك کێشەیەکی گەورە لە ئێراندا سەری هەڵداوە، بۆیە ئەگەر بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران بیەوێ بە شێوەیەکی واقیعبینانەو مودێڕن خەباتی خۆی دەست پێبکاتەوە دەبێ بە دوور لە هەرچەشنە بەرچاوتەنگییەك و بیری شۆڤینیستی سەیری کێشە نێوخۆییەکانی ئێران بکاو بۆ چارەسەری دیموکراتانەیان تێبکۆشێ. ئەگەر بزووتنەوەی خوێندکاری بەرگری لە مافی نەتەوایەتی نەتەوەکانی ئێران بکا، بە دڵنیاییەوە نەتەوەکانی ئێران لەو بزووتنەوەیە پشتگیری دەکەن. هەروەها ئەو بزووتنەوەیە دەتوانێ بە کەڵك وەرگرتن لەو پتانسیلانە ببێتە هێزێکی گەورە لە بەرامبەر ڕێژیمدا کە بە سانایی ڕێژیم توانایی سەرکوتی ئەو بزووتنەوەیەی نەبێ. بۆیە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی خوێندکاری بتوانێ بەردەوام بێت و لە بەرامبەر ڕێژیمدا توانایی ڕاوەستانی هەبێ بە کورتی دەبێ ئەو هەنگاوانەی خوارەوە هەڵبگرێ:

١ــ پێداچوونەوە بە مێژووی خوێندکاری لە ئێران و ئەزموون وەرگرتن لەو مێژووە.

٢ــ هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی خوێندکاری سەربەخۆ.

٣ــ گرتنە پێشی ئامانجگەلی واقیع بینانە بۆ چارەسەری کێشەکانی ئێران.

بزووتنەوەی خوێندکاری بە هەڵهێنانەوەی ئەو هەنگاوانە بەهێزترو باشتر لە جاران دەتوانێ بەرەورووی سیاسەتەکانی ڕێژیم بێتەوەو بەرپەرچیان بداتەوە، چونکە تێکشکاندنی بزووتنەوەیەکی خاوەن ڕێکخراوو ڕێبەرایەتی زۆر دژوارتر لە شکاندنی بزووتنەوەیەکی بێ ڕێکخراوو سەرلێشێواوە.



**بابەتێکی هەرە گرنگی دیکە کە بە داخەوە تا ئێستا لەنێو بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێراندا وەبەرچاو نەگیراوەو کاری لەسەر نەکراوە فرە نەتەوە بوونی ئێرانە کە ئەمڕۆ وەك کێشەیەکی گەورە لە ئێراندا سەری هەڵداوە، بۆیە ئەگەر بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران بیەوێ بە شێوەیەکی واقیعبینانەو مودێڕن خەباتی خۆی دەست پێبکاتەوە دەبێ بە دوور لە هەرچەشنە بەرچاوتەنگییەك و بیری شۆڤینیستی سەیری کێشە نێوخۆییەکانی ئێران بکاو بۆ چارەسەری دیموکراتانەیان تێبکۆشێ**

## بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# هەواڵەکانی کوردستان

## چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزب لە نێوخۆی وڵات

کرماشان ـ ١٣٨٥/٧/٩:

تاق بوستان و مەیدانی ئازادی (لەم دوو شوێنەدا لەسەر پارچەیەك بە خەتی گەورە نووسرابوو قاسملوو قاسملوو رێگات درێژەی هەیە)، شارەکی تەعاون، شارەکی موعەلیم، گەڕەکی فەرهەنگییان، گەڕەکی روودەکی و شارەکی ئاناهیتا.

بانە ـ شەوی ١٣٨٥/٧/١١:

ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزب ئارمی حیزبیان لەسەر پارچەی یەك لە یەك میتری لەم شوێنانەی خوارەوەدا هەڵواسی:

چوارڕای سازمانی ئاو، شەقامی بیمارستان، بازاڕی کەوشفرۆشەکان و بلواری سەردەشت.

جێی باسە ئەم چالاکییە بووە هۆی خۆشحاڵیی خەڵك و دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لەنێو خەڵك دا هەبووە.

بۆکان ـ ١٣٨٥/٧/٢٢ :

بەبۆنەی چواردەیەمینساڵیادی تیرۆرکردنی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاورێکانی بەدەست تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی تراکت و راگەیەندراوی حیزبییان لەم شوێنانەی خوارەوەدا بڵاوکرایەوە:

میراوا، شەقامی شەمسەدینی بورهان، شەقامی پەیام و شەقامی ٢٠ میتریی میراوا.

### تەبلیغات بەبۆنەی ساڵی نوێی خوێندنەوە

لە شارەکانی سەقز و بۆکان بەبۆنەی دەست پێکردنی ساڵی نوێی خوێندن و کرانەوەی قوتابخانەکان کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتیی بە شێوەی خوارەوە بەڕێوەچوو:

سەقز ـ ١٣٨٥/٧/١:

دەبیرستانەکانی کارودانشی دوکتور مەحموود حسابی، بەناو شەهید رەزا حسێنی، فارابی، ئێقباڵی لاهوری، ئازادە، ئەندیشە، کارودانشی عیسمەت، فەننیوحیرفەیی ئازادەگان، قەتابخانەکانی حیجاب (دانشسەرا)، حاجی ستوودە، "پیش دانشگاهی"، زانکۆی پەیام نوورو چەند قوتابخانەی دیکە.

بۆکان ـ ١٣٨٥/٧/١:

بڵاوکردنەوی بەیاننامەی پلینۆمی هەشتەم لە هونەرستانی "عیلمو سەنعەت"، هونەرستانی موفەتێح، دەبیرستانی ئەندیشە، ١٢ی بەهمەن (کچانە)، شەهیدان، ئەمیرکەبیر، ئیستیقلال، سەعادەت (کچانە)، خومەینی، ئامووزش و پەروەرش، قوتابخانەی هیجرەت، کارودانشی کچانە، قوتابخانەی ٢٢ی بەهمەن و قوتابخانەی ئیبن سینا.

دواتر بەیاننامەکە لەنێو بەشێك لە مامۆستایانی بۆکان و خوێندکاران دا کە بەرەو زانکۆکان دەچوون بڵاوکرایەوە.

## مانگرتنی شۆفیری ماشینە بەنزینییەکان لە بەردەم ئوستانداریی کوردستان و رەوشی شاری سنە

رۆژی چوارشەممە، ١٣٨٥/٧/٥، لە بەرامبەر ئوستانداریی کوردستان، شۆفیری ماشینەبەنزینیەکانی سنە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە کەم کردنەوەی ١٠ لیتر لە "سەهمیە"ی بەنزینی رۆژانەی ماشینەکانیان بۆ ماوەی ٣ کاتژمێر مانیان گرت.

شۆفیرەکان بە وەستاندنی ماشینەکانیان لە بەرامبەر ئوستانداری و پێکهێنانی ترافیك، خوازیاری چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بوون. لە درێژەی مانگرتنەکەدا چەند کەس لە بەرپرسانی ئوستانداری بەڵێنیان بە مانگرتووان دا کە تا ٢٤ کاتژمێر وەڵامی داخوازییەکانیان دەدەنەوە. ئەوە لە حاڵێك دا بوو کە نزیك بە ٨٠ شۆفیر هەڕەشەیان کردبوو کە ئەگەر ئەو کێشەیە چارەسەرنەکرێ مانگرتن و ناڕەزایەتیی گەورەتر لە سەرانسەری کوردستان دا پێك دێنن.

بەهۆی گوشاری شۆفیرەکانەوە لە ئاکام دا رۆژی پێنجشەممە، ١٣٨٥/٧/٦، بەرپرسانی ئوستانداری ناچار بوون ملکەچانە رۆژانە ٢٥ لیتر بەنزین بە شۆفیرەکان بدەن. بەڵام ئەو دۆخە زۆری نەخایاندو، سەرلەنوێ رۆژی هەینی، لەلایەن بەرپرسانی رێژیمەوە بڕیار درا کە پۆمپ بەنزینەکان رۆژێ ١٠ لیتر بەنزین بدەن بە شۆفیرەکان و، ئەمەش بۆتە هۆی چۆڵبوونی شەقامەکان لە ماشینی شەخسی و ئاڵۆزیی بارودۆخی شار. ئەمەش لەحاڵێك دا بوو کە هێندێك لە نیشانەکان هەواڵیان لە مانگرتنێکی بەرینترو بەربڵاوتریان لە داهاتوودا دەدا. هەندێك لە نیشانەکان وەك جێگیربوونی هێزەئینتیزامییەکان لە بەرامبەر ئوستانداری وزۆربوونی هێزە جلوبەرگ مەدەنییەکان لە شەقامەکان دا نیشاندەری ئەم دۆخە بوون.

جێی باسە لە مانگرتنەکەی رۆژی چوارشەممە بە چەند دوربین لە مانگرتووانی بەرامبەر ئوستانداری فیلم هەڵگیراوەو ئەمەش بۆ شۆفیرەکان بۆتە مەترسی.

سەرەڕای ئەم هەموو کێشانە رێژیم بە گەلاڵەی "کارتی هووشمەند" کە گوایە بەپێی کارتی هووشمەند رۆژانە ٣ تا ١٠ لیتر بەنزین بە خەڵك دەدرێ، بارودۆخی ئاسایشی شاری سنەی ئەوەندەی دیکە خستۆتە قەیران و مەترسییەوە. بۆ وێنە رێکەوتی ١٣٨٥/٧/١٠ هێزە ئینتیزامییەکان دەست بەسەر بەشێکی زۆر لە ماشینە شەخسییەکانی شاری سنەدا دەگرن کە زۆربەیان بۆ دابین کردنی بژێوی بنەماڵەکانیان کرێچێتی دەکەن.

ئەم کردەوانەی رێژیم لەم دواییانەدا خەڵکی سنەی تووڕە کردووەو هەر رۆژەو چاوەڕوانیی خۆپیشاندانێکی بەربڵاوتر لەخەڵك دەکرێ.

## بەیانیەی یەکەی مەهابادی رێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە بەندکردنی محەممەد سدیق کەبوودوەند

یەکەی مەهابادی رێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستان لە بەیانیەیەك دا لە سەرجەم کەسایەتییەکان، رێکخراوو ئۆرگانەکانی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ و راگەیەنە گشتییەکان لە کوردستان و ئێران و جیهان داوای کردوە کە لە بەرامبەر بەندکردنی سەرۆکی رێکخراوی ناوبراو، محەممەد سدیق کەبوودوەند بێدەنگ نەبن و بە دەربڕینی ناڕەزایەتیی بەرین بۆ بەرگری لە ناوبراوو مرۆڤە مافخوازەکانی دیکە لە کوردستان و ئێران دا هەنگاو بنێن.

هەروەها لە بەیانیەکەدا هاتووە کە لە کاتی دامەزرانی رێکخراوی پارستنی مافی مرۆڤی کوردستانەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئەم رێکخراوە، بە تایبەت بەرپرسانی، لەلایەن هێزە ئەمنییەتی و دادوەرییەکانەوە کەوتوونەتە بەر راوەدوونان و لێکۆڵینەوەو سزادراون. لەوانە دەتوانرێ بە رفاندنی سروە کامکار، دادگاییکردن و هەڕەشەکردن لە زەینەب بایزیدی، ئیجلال قەوامی، شێرکۆ جیهانی ئەسڵ، نەوید فەتحی، بەندکردنی سامان رەسووڵپوور، غەفوور محەممەدی، بێهزاد کەمانگەرو بورهان غەسالی، پوریا مۆفەڕەح، هێمن مەحموودی و... ئاماژە بکرێ.

لە بەیانیەکەدا هاتووە کە محەممەد سدیق کەبوودوەند بەهۆی ئازادبیری، کردەوەو چالاکیی مرۆڤ دۆستانەو بەبیانووی بەرپرسایەتی لە حەوتوونامەی داخراوی"پیام مردم"دا لەلایەن دادگای سنەوە حوکمی ناڕەوای بەندکردنی لەسەر دەرکراوە.

## کوژران و بریندار بوونی ٢ کەس بەهۆی تەقینەوەی کورە لە کارخانەی قەندی پیرانشاردا

رۆژی ١٣٨٥/٧/٣، بەهۆی تەقینەوەی کوورەی کارخانەی قەندی پیرانشار دوو کرێکار ئاگریان تێبەربوو. یەکێکیان بەناوی "رەحیم ئیبراهیمی"، خەڵکی دربکەی پیرانشار گیانی لەدەست داو ئەوی دیکەشیان کە خەڵکی میاندواوە بریندار بوو.

## گرتنی شیرینی پەزێك بەهۆی سازکردنی شیرینی لەشێوەی ئاڵای کوردستان دا

سنە ـ رۆژی ٣١ی خەرمانانی ١٣٨٥، دووکانی شیرینیفرۆشێك بەناوی "رادین" لە شەقامی فێردۆسیدا بەهۆی سازکردنی شیرینی بەشێوەی ئاڵای کوردستان بۆ ماوەی ٤٥ رۆژ لەلایەن رێژیمەوە داخراو ناوبراویش بەپێی حوکمی دادگا لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە قۆڵبەست کرا.

## خۆکوژیی کچێك لەناوچەی روانسەر

رۆژی پێنجشەممە، ١٣٨٥/٧/٦/ کچێکی ١٥ ساڵان بەناوی "شاناز خچك" خەڵکی گوندی "لەمنی" سەر بە رەوانسەر ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. ناوبراو بەهۆی قووڵیی سووتانەکەیەوە رۆژی شەممە، ١٣٨٥/٧/٨، گیانی لەدەست دا.

هۆکاری ئەم کردەوەیە روون نەبۆتەوە.

## دەستبەسەرکردن و بەندکردنی ٥ کەس بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ماوەیەك لەمەوپێش٥ کەس لە گوندی سەرچناری مەهاباد بەتۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بڵاوکردنەوەی تراکت و راگەیاندراوی ئەم حیزبە گیران.

ئەم کەسانە پاش دادگاییکران لەلایەن دادگای شۆڕشی مەهابادەوە بە شێوەی خوارەوە حوکمیان لەسەر دراوە:

١ـ جەسیم دیانەت ٢ـ ئەمیر عومەربیل ٣ـ عەبدولڕەحیم جەهانجوویی (هەر کام یەك ساڵ زیندان و دوور خرانەوە بۆ بەندیخانەی "هشترود"یان بەسەر داسەپاوە)، ٤ـ رزگار بلکامە ٥ـ مەنسوور عومەربیل (هەر یەك دوو ساڵ زیندان و دوورخرانەوە بۆ بەندیخانەی "شبستر"یان بەسەر داسەپاوە).

جێی باسە ناوبراوان تا گەیشتنی ئەم هەواڵە لە بەندیخانەی مەهاباددا دەستبەسەرکراون.

## گەندەڵیی ماڵیی شیرکەتی گازی سنەو قەرەبووکردنەوەی لەلایەن خەڵکەوە

لەساڵی ١٣٨١ەوە تا ساڵی ١٣٨٥، ئەو کارمەندەی کە لە بەشی ماڵیی شیرکەتی گازی سنە کار دەکا، ئەو پارەیەی کە خەڵك لەباتی بەکارهێنانی گاز داویانە، نەیخستۆتە حیسابی شیرکەتەوە، بەڵکوو خستوویەتە حیسابی شەخسیی خۆی و لەباری یاساییەوە کارەکەی بە شێوەیەك بەڕێوەبردوە کە لەو ماوەیەدا پێیان نەزانیوە. بەڵام پاش دەرکەوتنی ئەو کردەوەیە ئەو کارمەندە دەخرێتە بەندیخانەو، بە پێی لێدوانی چەند کارمەندێکی شیرکەتی گاز رادەی ئەم پارەیە زیاتر لە یەك میلیارد تمەنە.

ئەو بڕە پارەیە هی ١٣٠٠ بنەماڵەیە کە لەم ماوەیەدا داویانەتە بەشی ماڵیی شیرکەتی گازو، زۆربەیان لە گەڕەکە کەم داهاتەکانی شاری سنە، لەوانە شەقامی بەناو "شوهەدا"و "١٧ی شەهریوەر"دان.

پاش چوار ساڵ بەم بنەماڵانە راگەیەندراوە کە دەبێ ئەو بڕە پارەیەی کە لەلایەن بەشی ماڵیی شیرکەتەوە دزراوە قەرەبوو بکەنەوە. جیا لەمە گازەکەیان دەبڕن و، ئێستا ئەم بنەماڵانە تووشی تەنگوچەڵەمە بوون.

## بریندار بوونی کەسێك لە ناوچەی سەڵماس بەهۆی دەستڕێژی هێزەکانی رێژیمەوە

ماوەیەك لەمەوپێش کەسێك بەناوی "بەهمەن یوسفیزادە"، کوڕی حەسەن و خەڵکی گوندی "ئاشناك"ی سەڵماس لەلایەن هێزەکانی رێژیم لە پایەگای جاندەران دا درایە بەر دەستڕێژو بە توندی بریندار کراو رەوانەی نەخۆشخانە کرا.

جێی باسە لەو ماوەیەدا چەند کەس لە خەڵکی ناوچەی سەڵماس کە ناچارن بژێوی ژیانیان لەرێگای کاسبی سەر سنوورەکانەوە دابین بکەن، لەلایەن هێزە دژیگەلییەکانی رێژیمەوە دراونەتە بەر گوللەو بەتوندی بریندارکراون یان گیانیان لێئەستێندراوە.

## ناڕەزایەتیی خەڵکی بۆکان لە بەتاڵانبردنی کانگا ژێرزەویەکانیان

رۆژی شەممە، ١٣٨٥/٧/٨، لاوانی شاری بۆکان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە رووخاندنی چیای "تولەکە" (هەڵکەوتوو لەسەر رێگای بۆکان ـ سەقزو بەرامبەر گوندی "حەسار") لەلایەن رێژیمەوە، لە بلواری کوردستانی بۆکان دا تومارێکیان داناو داوایان لە خەڵك کرد بە ئیمزاکردنی تومارەکە ناڕەزایەتیی خۆیان لەم کردەوەیەی رێژیم دەربڕن. خەڵك بە گەرمی پێشوازییان لەم کارەی لاوان کردو بە سەدان کەس تومارەکەیان ئیمزا کردو دەستخۆشییان لە لاوان کرد.

شیاوی باسە رووخاندنی چیای ناوبراو بەهۆی ئەوە بوو کە لەو شوێنەدا کانگای ژێرزەمینی دۆزراوەتەوە.

## مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی "تربیت معلم"ی تەورێز

رۆژی یەکشەممە ١٣٨٥/٧/٩، خوێندکارانی زانکۆی "تربیت معلم"ی تەورێز بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە کەموکوڕییەکانی زانکۆ مانیان گرت. بەشێك لە کەموکوڕییەکان بریتین لە نەبوونی خەوتنگە بۆ زیاتر لە ٣٠٠ خوێندکاری کچ، نەبوونی ئیمکاناتی سرویس، خاوێن نەبوونی ئاوی خواردنەوەو...

خوێندکاران لە کاتژمێر ١٠ی بەیانییەوە نەچوونە سەر کلاس و لەبەر دەرگای زانکۆدا مانیان گرت. دواتر بەرپرسی زانکۆ داوای لێکردن کە لە هۆڵی "ئامفی تێئاتر"دا کۆببنەوەو، لەوێ قسەیان بۆ خوێندکارەکان کرد. بەڵام خوێندکاران لە وتەکان دا بۆیان روون بۆوە کە کەموکوڕییەکان بە ئاسانی چارەسەر ناکەن هەر بۆیە بڕیاریان دا دیسان مانبگرنەوەو هەواڵدەرییەکانی "ئیسنا"و "ئیرنا"ش ئاگادار بکەن تا دەنگیان بە شوێنە پێوەندیدارەکان بگەیەنن.

## بەمەبەستی ناڕەزایەتیی دەربڕین بەرامبەر لێسەندنەوەی رەگەزنامە، کوردەکانی سووریە ماندەگرن

نەوا: لە بەیاننامەیەکدا لێژنەی هەماهەنگیی حیزبە کوردییەکانی سووریە بانگەوازی هاووڵاتییانی کوردی کرد کە رۆژی پێنجشەممە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی سووریە مانبگرن. "فەیسەل بەدر" ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی "یەکیەتیی" بە ئاژانسی هەواڵی فەڕانسەی راگەیاند: کوردەکانی سووریە بە مەبەستی ناڕەزایەتیی دەربڕین بەرامبەر لێئەستاندنەوەی رەگەزنامە، کە پێش ٤٤ ساڵ لەمەوبەر ئەنجامدراوە، ماندەگرن و داوا دەکەن مافی هاووڵاتیبوون و رەگەزنامەی ئەو وڵاتەیان بۆ بگەڕێنرێتەوە. شیاوی باسە ٢٢٥ هەزرا کوردی سووریە لەسەر ژمێریەکەی ساڵی ١٩٦٢ی ئەو وڵاتەدا ناونووس نەکراون و لە مافی هاووڵاتیبوون بێبەشکراون و تا ئێستا چەندین جار حکوومەتی سووریە بەڵێنی داوە رەگەزنامەکانیان بۆ بگەڕێنێتەوە.

## مەجید ئیوەر بە دانانی بارمتەی ١٠ میلیۆن تمەنی ئازاد کرا

سەرلەئێوارەی رۆژی چوارشەممە، ١٣٨٥/٦/٢٩، مەجید ئیوەر، خەڵکی مەهاباد پاش ١٩ رۆژ ئەشکەنجەکێشان لە بەندیخانەی رێژیمی کۆنەپەرستی ئاخونددا بە دانانی ١٠ میلیۆن تمەن بارمتە بەشێوەی کاتی ئازاد کرا.

جێی باسە ناوبراو بە تۆمەتی پێوەندی لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان و هەوڵدان بۆ شێواندنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، لەلایەن هێزە دژیگەلییەکانی رێژیمەوە گیرابوو. هەروەها مەجید ئیوەر بەهۆی ئەشکەنجەدرانەوە ئێستا لە بارودۆخێکی نالەباردایە.

## سەرۆکی دادگای شاری پاوە: سواری گوێدرێژی بکەن!

رۆژی سێشەممە، ١٣٨٥/٧/١٢، لەلایەن ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی شاری پاوەوە ٦ تا ٧ لاو بە تاوانی رۆژوونەگرتن و مەشرووب خواردنەوە گیران و دواتر بەڕێی دادگا کران. لە کاتی دادگاییکردن دا سەرۆکی دادگا سووکایەتی بە لاوەکان دەکا، بەڵام یەکێکیان بە ناوی "ماکوان مەولوودی" لە بەرامبەرسووکایەتییەکانی سەرۆکی دادگادا داکۆکی لەخۆی دەکا هەر بۆیە سەرۆکی دادگا بۆ شکاندنی کەسایەتیی ناوبراو بڕیاردەدا سواری گوێدرێژی بکەن و لە مەیدانی فەرمانداریدا کە شوێنێکی قەرەباڵغە بیگێڕن تا خەڵك سووکایەتی پێبکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە خەڵك زۆریان پێ ناخۆش دەبێ و بێزاری خۆیان لەو حوکمە دەردەبڕن و بەڕێوەبەرانی حوکمەکەش بەرنامەکەی خۆیان بۆ بەڕێوەناچێ.

# خەڵكی شارە ئازەرییەكان، داوای بە فەرمی ناسرانی خوێندن بە زمانی زگماكی دەكەن

**ئازاد كوردی**

وەك نەریتی ساڵانی رابردوو، ساڵی نوێی خوێندنی ئەم ساڵیش، واتە ١٣٨٥ ـ ١٣٨٦ لە رۆژی یەكەمی وەرزی پاییزدا دەستی پێكرد. بەڵام ئەمساڵ دەسپێكی ساڵی نوێی خوێندن، لە چەند شاری ئازەرینشینی ئێراندا جیاوازییەكی بەرچاوی لە ساڵانی پێشوو هەبوو. لە چەند شاری ئازەرینشینی ئێران بە بانگەوازێك لە لایەن كۆمەڵێك لە چالاكانی فەرهەنگی ـ سیاسی خۆپیشاندەرانیان گرتو راپێچی زیندانیان كردن. شایانی باسە لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەكانی شارە ئازەرینشینەكانیشدا بەشداریی چالاكانەو ئەكتیڤی ژنانو كچانیش زۆر بەرچاو بوو.

رێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێران، ماوەی ٢٧ ساڵە بە درێژەدانی سیاسەتە چەوتو دژی گەلییانەكانی رەزا شای پەهلەوی، لە بەرانبەر كێشەی نەتەوایەتی لە ئێرانداو بگرە لە رێژیمی پێشوو توندترو رادیۆو تەلەویزیۆن، پێكهێنانی ناوەندو رێكخراوو ئەنجومەن بۆ بەرەوپێش بردنی زمانی نەتەوەیی، كولتوور، مێژووو هتد... بێبەش كراون.

هەر چەند لە ئەسڵی ١٥ی قانوونی بنەڕەتی رێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێرندا خوێندن لە تەنیشت زمانی رەسمی واتە فارسی، لەو ناوچانەدا كە نەتەوەكانی ئێران تێدا دەژین، بە فەرمی ناسراوە،



دیمەنێك لە خۆپیشاندانی خەڵكی شاری ورمێ لە شەقامی "خەیامی باشووری"

ئازەربایجانەوە، بە نیشانەی دەربڕینی ناڕەزایەتی لە بەرانبەر رێگەنەدران بە خوێندن بە زمانی زگماكیی نەتەوەی ئازەریو نەتەوەكانی دیكەی ئێران، رۆژی یەكەمی ساڵی نوێی خوێندنی ئەمساڵیان تەعتیل كردو لە چوون بۆ خوێندنگاو زانكۆكان خۆیان بوارد.

خەڵكی شارەكانی تەورێز، ئەردەبیل، زەنجان، مەراغە، موغانو ورمێش كە لەم شارەدا دوو نەتەوەی كوردو ئازەری پێكەوە دەژین بەدەم ئەم بانگەوازەوە چوونو لە چوون بۆ قوتابخانە، خوێندنگاو زانكۆكان خۆیان پاراست. خەڵكی ئەم شارانە لەو رۆژەدا رژانە سەر شەقامەكانو دژی سیاسەتی شۆڤێنیستیی رێژیمی كۆماری ئیسلامی خۆپیشاندانیان وەرێ خست تا بەم شێوەیە دەسەڵاتدارانی رێژیم لەوە هۆشیارو ئاگادار بكەنەوە كە: چی دیكە ناتوانن لە بەرانبەر بێعەدالەتی، زۆرداری، بێحورمەتیو پێشێلكاریی مافو ئازادییە دیموكراتیكەكانی خۆیان بێدەنگ بمێننەوە.

لەم شارانەدا خوێندكارو قوتابیی كچو كورو هەروەها خەڵكی سڤیلی شار رژانە سەرشەقامەكانو پشتیوانییان لە نێواخنی ئەو بانگەوازە دەربڕیو داوای بەرەسمی ناسینی مافی خوێندنو نووسین بە زمانی زگماكیی خۆیانیان كرد. وەك نەریتی باوو هەمیشەیی دەسەڵاتدارانی دژی گەلیی كۆماری ئیسلامی، هێزەكانی رێژیمو بە تایبەت ئیدارەی ئیتلاعاتو گاردی داپلۆسێنەر، بە توندی هێرشیان كردە سەر ئەو خۆپیشاندانە ئارامو مافخوازانەیەی خەڵكو زۆر كەس لە خراپتر، خەریكی چەوساندنەوە، زوڵمو هەڵاواردنو ئاسیمیلاسیۆنە. سیاسەتەكانی یەكسانسازیو تواندنەوەی كولتوور، زمان، مێژووو دابونەریتی گەلو نەتەوەكانی پێكهێنەری ئێران لە چوارچێوەی یەك نەتەوەو زمان دا بە شێوەی جۆراوجۆرو بە شێوەی سیستماتیكو ناسەردەمییانە بەرێوە چووەو دەچێ.

ئاكامی سیاسەتە شوڤێنیستیو نادیموكراتیكەكان كە وای كردوە كە هەموو نەتەوەكانی ئێران، ئێستا هاتوونەتە نێو گۆڕەپانی خەباتو تێكۆشانو، بۆ وەدەستهێنانی مافو ئازادییەكانیانو، هەروەها مافی بڕیاردان لە سەر چارەنووسی خۆیان خەبات دەكەن. هەڵوێستی ئەم دوایانەی نەتەوەی ئازەری، نیشانەی بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریو هەستی نەتەوەیی، نەتەوەكانی ئێرانە.

نەتەوە بندەستەكانی ئێران لە یەكێك لە سەرەكیترین مافە فەرهەنگیو ئینسانییەكانی خۆیان وەك بەرەسمی ناسرانی زمانو ناسنامەی نەتەوەكان لە شكڵی نەتەوەیەكی خاوەن مافو سەربەخۆدا، خوێندنو نووسین بە زمانی زگماكیی نەتەوەكان، لە قوتابخانە، خوێندنگاو زانكۆكانی ئەو دەڤەرانە كە ئەوان تێیدا دەژین بێبەری كراون. ئەم تراژیدیا مێژووییە بە شێوەیەك بەرێوە چووە كە نەتەوەكانی ئێران لە خوێندن بە زمانی زگماكیو نەتەوەیی خۆیان لە تەواوی ئاستو قۆناخەكاندا، بوونی وەشانو بڵاوكراوە بە زمانی خۆیان، بوونی بەڵام لە ماوەی ٢٧ ساڵی دەسەڵاتدارێتیی كۆنەپەرستانەو دژی گەلیی رێژیمی ئیسلامیی ئێراندا، بۆ یەك ساتیش ئەم ئەسڵە یاسایییە بەرێوە نەچووەو هەر كەسێك كە باس لەو مافو ئازادییانە بكا، تاوانبارەو، بەپێی مەنتیقی كۆماری ئیسلامیی ئێران بە "مخالف"، "معاند" (دوژمن) بەستراوە بە بێگانەو زۆر بەرچەسپی دیكەی لێدەدرێ.

سیاسەتو كردەوەی نامەسئوولانە، غەیرە مەنتیقیو شۆڤینیستی دەسەڵاتدارانی رێژیم، وای كردوە كە ئەمرۆ هەموو نەتەوەكانی ئێران گەیشتوونەتە سەر ئەم باوەڕە كە هەتا رێژیمێكی دیموكراتیكو گەلی لە ئێراندا نەیەتە سەركارو مافو ئازادییەكانی نەتەوەكانی ئێران دابین نەكا، عەدالەت، دیموكراسیو ئازادی جێگیر نابێ.

هەنگاوی خەڵكی شارە ئازەرینشینەكانی ئێران لە سەرەتای ساڵی نوێی خوێندندا، بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین لە بەرانبەر ئاستەنگ كردنی خوێندنو نووسین بە زمانی زگماكیی خۆیان، لە چوارچێوەی سیاسەتو پولیتیكە چەوتو نامرۆڤانەكانو ئاسیمیلەكردن دژی نەتەوەكانی ئێران بەرێوە چووو بێگومان ئەوە دوایین هەنگاوی مافخوازانەو دیموكراتیكی نەتەوەكانی ئێران نابێو هەتا رووخاندنی رێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێرانو دامەزراندنی حكوومەتێكی دیموكراتیكو فیدراڵ ئەم جۆرە هەنگاوانە هەر بەردەوامو بگرە توندترو شێلگیرانەتر دەبن.

# خووزستان، هەرێمێك كە هەرچەشنە ئاڵۆزییەك، دەبێتە هۆی تەقینەوەی ناكوكییەكانی

**میخایل سلاكمەن** — **وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە:یوسف فەقیهی** — **سەرچاوە: نیویورك تایمز**

ئەو هەرێمە لەسەر كانی نەوتی وڵات هەڵكەتووەو كەچی دانیشتوە عەرەبەكانی بەزۆری هەژارن. ئەوەش لەحاڵێكدایە زۆربەی عەرەبەكان رەخنە لەوە دەگرن كە سەرمایەی وڵاتەكەیان بۆ ئاوەدان كردنەوەی لوبنان تەرخان دەكرێ.

تاران ـ یا باری بەنیتەمیم ٦٥ ساڵان، لە ژووری كۆنفرانسێك دا لە باكووری ئەم شارە، كە ژمارەیەكی بەرچاو لە خزم و كەسی ئەو دوو پیاوە، بەهۆی بەشداری لە زنجیرە تەقینەوەیەكی مەرگ هێنەر لە ئێران بە تاوانبار ناسراون، هاوار دەكا، "یارمەتیی كورە لاوەكەم بدەن ـ تكایە یارمەتیم بدەن".

ئەو دوو پیاوە "مەلیك بەنیتەمیم" ٣٠ ساڵان و "قاسم سەلامەت" ٤٢ ساڵان، خەڵكی ئوستانی خوزستان هەڵكەوتوو لە باشووری رۆژئاوای ئێرانن. لە وڵاتێكدا كە لەلایەن فارسەكانەوە بەرێوە دەچێ، ئەوان عەرەبن و بەوە تاوانبار دەكرێن كە بە پشتیوانیی چەند گرووپێكی عەرەب كە وەك هاووڵاتیی پلە دوو سەیر دەكرێن هەوڵ بۆ جیابوونەوە دەدەن. ئێران دەیهەوێ ببێتە رێبەری جیهانی ئیسلام و كاریگەریی خۆی لەسەر عەرەبە شیعەكانی ئێندونزییەكان و سونییەكان دا زیاتر بكا. بە پشتیوانی لە حیزبوڵڵای لوبنان و دژایەتی كردن لەگەڵ رۆژئاوا هەتا رادەیەك بەرەو پێش چووە.

بەڵام لەناوخۆدا، ئێران هەوڵی زۆری داوە هوموژنكردنی خەڵك بە پێناسەیەكی تاك نەتەوەیی پێك بێنێ، بە سڕینەوەی جیاوازییە ئەتنیكییەكانی وەك زمان ـ كە ئەوە خۆی دەری دەخا ئەو هوموژنكردنە لە بناخەوە هەڵەیە. ئەم سیاسەتەش لەسەر عەرەبەكانیش زیاتر رەنگی داوەتەوە.

"مصطفی اللیاد" پسپۆرێكی كاروباری ئێران لە قاهیرە دەڵێت: لە نێوان ئێران و وڵاتانی عەرەبیدا و هەروەها ئەو عەرەبانە كە لە باشووری ئێران نیشتەجێن كێشە هەیە. ئێران وڵاتێكی فرەنەتەوەیە، زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی ٧٠ میلیون كەسی ئێران فارسن و نزیكەی ٣٪ عەرەبن جگە لەوەیش چەند نەتەوەی دیكە وەك ئازەری، كورد، توركمەن، بەلووچ، و لور ژیانی تێدا دەكەن. ئێران لەم دوایانەدا لەگەڵ دژایەتیی توندی هێندێك لە ئەتنیكەكان بۆ وێنە ئازەرییەكان بەرەوروو بووە كە چەندین خۆپێشاندانی گەورەیان بۆ ئوتونومی و ئازادیی كولتووری وەرێ خست.

دەسەڵاتدارانی ئێران دەڵێن كە لە ناوچە عەرەبییەكەدا گرووپە جوداییخوازەكان لە ساڵی رابردوودا بوونە هۆی توند و تیژی و زنجیرەیەك تەقینەوەی تیرۆریستییان ئەنجام دا كە بووە هۆی كوشتن و بریندار بوونی خەڵكێكی زۆر. بەنی تەمیم و سەلامەت بە بەشداریی لەو هێرشانە تاوانبار كراون و گیراون. بەڵام بۆ بنەماڵەی ئەم دوو پیاوە قسەكردن تەنیا سەبارەت بەو تومەتەی لەسەری گیراون بەجێ نیە، بنەماڵەكانیان ئەو كردەوە تیرۆریستییانە لە ناهومێدی و نەبوونی هیوا بە رزگار بوون لەو هەژارییەی كە بەهۆی جیاوازیدانان لەلایەن زۆرینە بەسەریان دا سەپاوە دەبینن. ئەمە راستییەكە كە دەسەڵاتدارانی ئێران هەوڵی زۆریان داوە رازییان بكەن، بەڵام نەیانتوانیوە.

"عیماد باقی" پێشەوایەكی ئایینی كە ئێستا بەرپرسی رێكخراوی پشتگیری لە مافی بەندكراوەكانە كە بنكەكەی لە تارانە دەڵێ: "كۆماری ئیسلامی هەر بەو شێوەی كە ئەمریكا لەگەڵ ئەلقاعیدە مامەڵە دەكا، بەرەنگاری كێشەی تیرۆریزمی نێوخۆیی دەبێتەوە".

ئەو دەڵێت مەبەستی ئەوەیە، كە هەردوو حكوومەت لەجیاتی گرتنەبەری رێگایەكی عاقڵانە، كەڵك لە هێز وەردەگرن. بنەماڵەكان دەڵێن: بەنی تەمیم و سەلامەت لە رۆژی ١١ی مارس دا لەگەڵ ١٥ پیاو و دوو ژنی دیكە گیران، شەش كەسیان لێكۆڵینەوەكانیان راگیرا، لە حاڵێكدا ئەوانەی دیكە تاوانبار كران و سزای مەرگیان بەسەردا سەپا.

ترس و ناهومێدی بووە هۆی ئەوەی كە زیاتر لە ١٥٠ كەس لە بنەماڵەو هاورێیانی تاوانباران بێنە تاران، هەتا داوا لە دسەڵاتداران بكەن سزای مەرگیان هەڵوەشێننەوە. هەنگاوی یەكەمی ئەوان چاوپێكەوتن لەگەڵ بەرێز "باقی"دا بوو. "یەعقووب بەنی تەمیم" براگەورەی "مەلیك بەنی تەمیم" لە سەرەتای قسەكانی لەگەڵ بەرێز باقی دەڵێت: "ئەوان سزای مەرگیان بەسەردا سەپاوە، چونكە ئیعترافیان كردوە، ئیعترافی ئەوان لەژێر ئەشكەنجەدا بووە، ئەوان هیچیان نەكردوە".

"باقی" كە چەند رۆژێكی بە گوێگرتن لە سكاڵای كەسوكاری گیراوەكانەوە تێپەڕ كرد، پرسیاری كرد كە ئایا ئەوان لەراستیدا پێوەندییان بەو رێكخراوەوە هەیە كە لە ناوەندی ئوستانی خووزستان، ئەهواز بومبی داناوەتەوە. براكەی بەنی تەمیم سەری دادەخا و دەڵێ: "ئێمە نازانین".

پاشان بەرێز "باقی" وەك ئەوەی پێشتر وەڵامەكەی زانیبێ كە ئەوان ئەندامی ئەو گرووپەبن دەڵێت: "دەتوانن ئەو بە زیندان مەحكووم بكەن. ئێمە تەنیا دەمانەوێ ئیعدامەكە رابگرین".

دەسەڵاتدارانی تاران پێ دادەگرن كە هیچ جیاوازییەك لەنێوان عەرەبەكان و كەمینەكانی دیكەی ئێران دا دانانێن بۆ وێنە باس لەو عەرەبییە كلاسیكە دەكەن كە لە قوتابخانەكان دا دەوترێتەوە. ئەوان دەڵێن رێبەری بەرزی وڵات، ئایەتوڵڵا عەلی خامەنەیی بۆخۆی ئازەرییە.

ئێران حكوومەتە رۆژئاواییەكان بە پشتیوانی دارایی و یارمەتیدان بە گرووپە بەرپرسەكانی توندوتیژی ئەهواز تاوانبار دەكا. لەوانەیە ئەوە لەخۆوە بێ، بەڵام بالوێزێكی ئوروپایی كە لە تارانە، وتی: بەپێی راپۆرتی دەزگای هەواڵگریی وڵاتەكەی ئەو راستییە دەردەكەوێ كە رۆژئاوا لانیكەم پشتیوانی لە یەكێك لەو گرووپە جوداییخوازانە دەكا.

بەڵام ئەوەی كە هەروەها داخوازی ئێرانییەكانە ئەوەیە كە دەیانهەوێ سەرنجێكی زیاتر بدرێتە بارودۆخی كولتووری، سیاسی و كۆمەڵایەتیی بەشێكی زۆر لە نەتەوەكانی دیكە بۆ وێنە عەرەبەكان. بەرێز باقی دەڵێت: "من لەو باوەرەدام كە لەجێی ئەوەی كە بوختانی تیرۆریست بە خەڵك بكەین، دەبێ هەوڵ بدەین لە هۆكارەكەی تێبگەین".

خووزستان شوێنێكە كە دژایەتی دەتوانێ ببێتە هۆی توورەیی. ئەو هەرێمە لەسەر كانی نەوتی وڵات هەڵكەوتوە لەحاڵێكدا دانیشتوانی عەرەب بەزۆری هەژارن. لە هەمان حاڵدا زۆربەی عەرەبەكان رەخنە لەوە دەگرن كە سەرمایەی وڵاتەكەیان بۆ ئاوەدان كردنەوەی لوبنان تەرخان دەكرێ.

رۆژنامەی پان ـ عەرەبی "ئەلشەرق ئەوسەت" كە لە لەندەن دەردەچێ، لەم دوایانەدا لە راپۆرتێكدا سەبارەت بە خووزستان نووسیویەتی كە دانیشتوانی ئەو هەرێمە دژی حكوومەت و حیزبوڵڵا دروشمیان نووسیوە و داوایان كردوە لەجێی دەستێوەردان لە كاروباری نێوخۆیی لوبنان دا وڵاتەكەی خۆیان چاك بكرێتەوە.

هێندێك لە گلەیییەكانی بنەماڵەی مەحكووم كراوان جێی تێڕامانە. "سەمیرە" هاوسەری سەلامەت وتی: بە سەرنجدان بەوەی كە خووزستان لە نزیكی سنووری عێراق هەڵكەوتوە ئێمە رەنجێكی زۆرمان لە شەڕ لەگەڵ ئەو وڵاتە كێشاوە، ئەوەی لەگەڵمان دەكەن بێعەدالەتییە. ئێمە هیچی خراپمان نەكردوە. خودا دەزانێ كە ئێمە هیچی خراپمان نەكردوە.

بەرێز "باقی" ناتوانی لە هەندێك رێنوێنی زیاتر شتێكی دیكەی بۆ بكا. بەڵام ئەو نوێنەری دەسەڵاتدارانە و پردی نێوان لێقەوماوانی ئەهواز و كاربەدەستانی تارانە. سەمیرە بە توورەیییەوە دەڵێت: "كێشەی ئێمە تەنیا ئابووری نیە، بەڵكوو كولتووریشە، ئەوان شێوەی جل لەبەر كردنی ئێمە بە تاوان دەزانن، مەبەستی ئەو لە وشەی "ئەوان" دراوسێ فارسەكانیانن".

گلەیی، گریان، هەست بە جیاوازی لەنێو دیوەكاندا دەبینرێ، كاتێك منداڵێك لە كەسێك دەبیسێ باوكی لە سێدارە دراوە، چاوی پڕ دەبێ لە فرمێسك، یان بەهۆی عەرەب بوونیان، بنەماڵەكانیان كاریان دەست ناكەوێ كاتێك بنەماڵەكان دەڕۆن "باقی" بە پارێزەوە لە بەرانبەر هاودەردیكەران دا دەڵێت: "تیرۆریستەكان فیلمێكی ڤیدیوییان لە تەقینەوەكان گرتووە كە كەوتوەتە دەست دەسەڵاتداران".

بەرێز "ئەلبەلاد" دەڵێت: ئەوە بە روونی دەركەوتوە كە زۆر ئاسانترە لەگەڵ بێگانەكان هاورێیەتی بكرێ هەتا خەڵكی نێوخۆ، هەركات ئێران داوای لە عەرەبەكانی دەرەوەی سنوورەكانی كردبێت، توانیویەتی دوژمنایەتییەكی گشتی بەدژی ئەمریكا و ئیسرائیل وەرێ بخا.

بەڵام كاتێك بۆ حەشیمەتی عەرەبی خۆی ئەو باسە دێتە ئاراوە، یەكەمین بەرپرسایەتی دابین كردنی خوراك، كار و شوێنی حەوانەوەی پێویستە. ئەو هەر ئەو شتەیە كە بنەماڵەی دوو تاوانبار كراوەكە باسی دەكەن، بۆ رەخنەی ئەوان لەو سزا دەركردنە بۆتە هۆی رێكخەرێك بۆ دەربرینی ناهومێدییەكانیان.

یەعقووب بەنی تەمیم دەڵێت: "من ٩ برا و خوشكم هەیە، لەناو هەموو ئێمەدا تەنیا ئەو برایەم كە گیراوە كاری دەكرد. ئەمە هۆی چیە؟ تەنیا لەبەر ئەوەیە كە ئێمە عەرەبین.

*

# ئێمەش دەبینە دێموکرات

ئێجلال قەوامی

وەرگێڕانی: ڕۆندك

١ـ کۆسپەکانی بەردەم وەدیهاتنی دێموکراسی لە وڵاتانی جێهان سێیەمدا، ئەوەندە زۆرن، کە ناسینیان بۆ گەیشتن بە دێموکراسی پێویستە. وڵاتانی ڕۆژئاوا پاش دەورانی ڕێنسانس بواریان بۆ ئەوە خۆش کرد تا هێدی هێدی کۆسپەکانی بەردەم دێموکراسیو ئازادی تەخت بکرێنو بەسەر تەنگو چەڵەمەکانی سەردەمی دیموکراسیدا زاڵبنو پێبنێنە نێو ڕەوتێکی بەردەوامی دێموکراتیزەکردنی دەسەڵاتەکانیان.

ئەگەر پێوەندیی نێوان خەڵك، کۆمەڵگای مەدەنیو دەسەڵاتی سیاسی لە سەر بنەمای زەلاڵی (شەفافیەت) دامەزرابێ، بەرهەمەکەی دەبێتە چوونە سەری ڕێژەی ڕەزامەندیی خەڵكو کارامەیی دەسەلات. ژێدەری سەرەکیی دەسەڵات لە چەرخی کۆنو نوێدا، دەوڵەتی نەتەوەیی بوو. بەڵام لەم سەردەمەدا لە سۆنگەی ئەوناهاوسەنگییەی کە لە دەسەڵاتی دەوڵەتدا سەری هەڵداوە، ئەم دەسەڵاتە لە زۆر بوارەوە جێگای بۆ دەسەڵاتگەلی سەروورتر لە خۆی چۆڵ کردوە. لێرەوەیە کە بە مۆرکردنی ڕێککەوتننامە نێونەتەوەیییەکان، ناوەندگەلی مەزنی جیهانی ملی ڕێگایان گرتووەو قەوارەی دەوڵەت بچوك بۆتەوە. لە ڕاستیدا ڕەوابوونی هەر سیستمێکی سیاسی، لە کارامەییەکەیەوە سەرچاوە دەگرێ.ە کە هەمان ویستی گشتییە. سیستمێکی سیاسیی ئەوتۆ خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەوایەو شایانی ئەوەیە کە کە خەڵك ڕێز لە قانوونو بڕیارەکانی بگرن. ڕەوایەتی، هەڵگری لێوەشاوەیی سیستمی سیاسیە بۆ پێکهێنانو داکۆکیکردن لەو باوەڕەی کە دەزگاگەلی سیاسیی حاکم لەبارترین دەزگان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا سەرپاکی دەوڵەتان، بەدەر لە ئیدئۆلۆژییەکەیان، بەدوای دەستەبەرکردنی ڕەوایی خۆیانەوەن. کەوابوو ڕەوایی سیاسی، زۆر بە زەحمەت دابین دەبێو زۆر لایەنی جیاجیای هەیە.

٢ـ لە روانگەی نووسەرەوە، سەرەکیترین کۆسپ لەبەردەم وەدیهاتنی دێموکراسی لە ئێراندا، خەڵکن، یان وەکیتر، خەباتی دێموکراسیخوازانە لەم وڵاتەدا، بە قەولی فیلسووفەکان لە بازنەیەکی بۆشدا خول دەخواتەوە. مەرجی ساوکەبوونی دێموکراسی، بەرزبوونەوەی پلەی زانیاریی خەڵکەو بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ئازادیی ڕاگەیاندنیش هەبێو بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنی ئازاد هەبێ، دەبێ دێموکراسی هەبێ. ئەم گری پووچکەیە، هەرچۆنێك بێ، لە کۆمەڵگا دێموکراتیکەکاندا کراوەتەوە. بەڵام وادیارە ئەم گرییپووچکەیە لە هەندێ وڵاتاندا، کۆمەڵێك گرییپووچکەی دیکەی تێکەوتوە. دێموکراسی پێڤاژۆ یان شەبەنگێکە. کە ئێستا زۆر وڵات هەن کەوتوونەتە مەودای نێوان ئەو شەبەنگانەوە. ئەم چەشنە وڵاتانە دەست بە ڕەوتێکی دێموکراتیزاسیۆن دەکەنو بە گوێرەی دەستوداری سیاسی، کۆمەڵایەتیو... بە تاو یان هێدی دەچنە پێشەوە. ئەمەش دیسانەکە بەوەوە گرێدراوە کە تا چەندە ئەم ڕەوتە دەکەوێتە بن باندۆڕی گۆڕانکارییە نەتەوەییو نێونەتەوەیییەکان. ئەمە هەلومەرجێکە کە زۆرجار بۆ ئێران هاتۆتە پێشێ.

٣ـ هەنگاوە بەراییەکانی دێموکراسیخوازیمان، سەد ساڵ لەمەوبەرو کاتێك هەڵهێنایەوە کە وتەزای مەشرووتە لە لایەن ئەو کەسانەوە کە سەردانی ئورووپایان کردبووو هاتە نێو فەرهەنگی سیاسیی خەڵکی ئێرانەوە. لەمپەری گەورەی سەرەڕێی دێموکراسی لەم وڵاتەدا ئەوەیە کە دەورەگەلی ئازادی، لەگەڵ هەژاریو بێسەروبەرەیدا وەك جمك وابوون. بەدوای شۆڕشی مەشرووتەدا، ڕەوشەکە وای لێهات کە خەڵك هەمیشە خۆزگەیان بە ساڵانی پێشتر دەخواست. کاتێکە لەبرسیەتیو نەداری ڕزگاریان دەبووو مەترسیی گیانیان لەسەر نەدەما، ڕەوشیان خراپتر لەوەش بوون کە لە دەورەگەلی پڕ لە پەشێویو ئاڵۆزیدا هەبوو، بە دەرکەوتنی کاربەدەستانی دیکتاتۆر، تەناییو ئارامی زاڵ دەبۆوە.

بەم ڕەنگە، خەڵکێك کە هەر لە سەرەتاشەوە نەیان دەزانی مەشرووتە چیەو هیچ چەشنە شارەزاییەکیان لە وتەزای دێموکراسی نەبوو، بە ئەزموون بۆیان دەرکەوت کە دێموکراسی یەکسانە بە نەبوونی تەناییو بڵاوبوونەوەی برسیەتیو ئەوەش کە بە قەولی ڕووناکبیران بە دۆزەخی دیکتاتۆری ناودەبرێ، لانیکەم پاروە نانێکی بێقرەی بۆ خەڵکی تێدایە. بۆیە لەکن پرانیی خەڵك، چەمکگەلێك وەك دێموکراسی، ئازادیو دروشمگەلێکی لەم چەشنە، زۆر ناکەونە بەردڵان. ڕەنگە ئەم قسەیە لە جێی خۆیدا بێ کە ئەزموونی ئێران لەمەڕ دێموکراسیخوازی لە جیهاندا، ئەزموونێکی دەگمەنە. هەربۆیەیە سەرەڕای ئەوەی کە سەد ساڵ بەسەر ئەم ئەزموونەدا رادەبڕێ، هێشتا تیشکی دێموکراسی وڵاتی ئێمەی ڕووناك نەکردۆتەوە.

وشیاریی ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی تا هاووڵاتی بتوانێ لە نێوان فورمو نێوەڕۆکی دێموکراسی، لە نێوان دروشمو وشیاریو لە نێوان ئارمانجو ئامرازدا فەرق دابنێو فریوی دروشمی بێنێوەڕۆك نەخوا. مەرجی سەرەکیی ناسینی ڕەوتو حیزبگەلی دیموکراتیك لە ژیانی کۆمەڵایەتیو پێکهاتەی فرە چەشنی سیاسی، حکوومەتی، ئابووریو... بۆ شارەزایی مرۆڤ لە مەڕ چارەنووسو ئامانجەکانی خۆی دەگەڕێتەوە. بە بێ بوونی ئەم چەشنە شارەزاییە، پێوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوان مرۆڤو دەزگا جۆراوجۆرەکاندا نامێنێ. ئەمەش دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی جۆرێك لە نابەرپرسیارەتی، دڵساردی، بێهیوایی لە بەشداریو بڕیاردان لەسەر چارەنووسی مرۆڤ. ئاساییە لە ڕەوشێکی ئەوتۆدا، دێموکراسی دەبێتە شتێکی پووچو بێنێوەڕۆك، تۆوی سەرەکیی وشیارییو مەعریفە لەمەڕ دێموکراسی، لە ڕێی پێك گۆڕینی هزریو هاوکاریی فیکرییەوە، لە کەشوهەوایەکی تەژی لە تەنایی، مرۆڤانیو ئەخلاقیدا، چەکەرەدەکا. ڕێگایەکمان گرتۆتەبەر کە جاروبار پاشاوپاش گەڕاوینەتەوەو دیسانەکە، بەرەوپێشەوە چووین. خەڵکەکەمان هێشتا، سەبارەت بە دێموکراسیو مەرجەکانی هاتنەدیی، زۆر ناشارەزان. بۆیە ناکرێ پێمان وابێ، بەو دەمودەستە دێموکراسی لەم وڵاتەدا بێتەدی. یان خۆ با بڵێین، ئێمە هێشتا خەریکی تەمرینی دێموکراسین. و سەرئەنجام ئەو ڕۆژە هەردێ کە ئێمەش ببینە دێموکرات.

هەر چۆنێك بێ، چیرۆکی ئێمەو دێموکراسی، ئازادی، نان، شوێنی حەوانەوەو..هەروا درێژەی هەیە. ئەوە گرنگە کە لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی سیاسی لە ئێراندا، کولتووری بوونە دیموکرات، لە نێو چینو توێژە جیا جیاکانی خەڵکدا، فورمگیر نەبووە. ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بۆتە مایەی شکستی دێموکراسی لە وڵاتدا. گەشبین بەوەی کە لە کۆڕە ڕووناکبیرییەکاندا باسگەلێك وەك دێموکراسیو کۆمەڵگای مەدەنی لە گۆڕێدانو خەڵکیش بژاردەگەلی پەرۆشی ئەم چەمکگەلەن. تەنیا خەونێکەو هیچی دیکە. کەوابوو دەبێ، ڕێگا چارەیەك بدۆزینەوە. ئەویش دەسپێکردنی ڕۆشنگەرییە لەمەڕ ئەو کتوبەندە نەریتیانە کە دەستو پێی خەڵکی ئاڵاون. ئەمەش تاقە ڕێگایە کە کۆمەڵگای ئێمە لەو بازنە بۆشە ڕزگار دەکا کە تێیدا دەسوورێتەوە.

*

**مەرجی ساوکەبوونی دێموکراسی، بەرزبوونەوەی پلەی زانیاریی خەڵکەو بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ئازادیی ڕاگەیاندنیش هەبێو بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنی ئازاد هەبێ، دەبێ دێموکراسی هەبێ.**

# داخوا ئاگربڕی ئەمجارەی P.K.K ئاشتیی لێ دەکەوێتەوە؟

فەرهاد

پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)، لەم ڕۆژانەدا (٢٠٠٦/١٠/١)، بە ڕاگەیاندنی ئاگربڕێکی یەکلایەنە، بە پیر داواکاریی سەرکۆماری عێراق، بەڕێز جەلال تاڵەبانی، بەڕێز مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانو هەروەها دەوڵەتی ئامریکاوە چوو، تا بەڵکوو هەلێکی دیکە بۆ ئاشتی بڕەخسێنرێو کۆتایی بە سیاسەتی پڕ لە کوشتوکوشتاری پتر لە دوو دەیەی ڕابردوو بێو بە گرتنەبەری ڕێگای دیالۆگو وتووێژ، کۆتایی بە ئەقڵییەتی شۆڤینیستیو سەربازی بهێنرێو چارەسەری دیموکراتیك جێگای زەبروزەنگ بگرێتەوە.

ڕاگەیاندنی بڕیاری ئاگربڕ بووە مایەی خۆشحاڵیی سەرجەم ئەو هێزو لایەنانەی کە خوازیاری براندەوەی شەڕو خوێنڕشتننو لە ڕاستیدا دەیانەوێ بە پێی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەو جیهان، زمانێکی دیکە لە نێو میللەتانی ناوچەکەدا زاڵ بێو پێش بە پێکدادانو شەڕە ناوچەییو نێوخۆییەکان بگیرێ.

بە پێچەوانەی ئەو هەوڵانەی کە لە پازدەساڵی ڕابردوودا بۆ کۆتایهێنان بەم شەڕە لە لایەن (PKK)ەوە دراون، ئاگربڕی ئەمجارە بە گوێرەی ئەو سەنگیو گڤاشتنەی کە لە هەموو لایەکەوە خراوەتە سەر دەوڵەتی تورکیەو، بە تایبەتی ڕۆڵی ڕاستەوخۆی کورد (لە هەر دوو ئاستی عێراقو هەرێمدا)، ئامریکاو ئورووپا، پێدەچێ هێدی هیدی ئاکامێکی جێی ڕەزامەندیی ئەم لایەنانەی لێبکەوێتەوەو کێشەی کورد بچێتە نێو چوارچێوەی واقیعیو شایستەی خۆیەوەو لە سەرجەم ئەو تۆمەتو بوختانانە پاك بکرێتەوە کە تا ئێستا دەوڵەتی شۆڤینیستی تورکیە خستونیە پاڵی.

بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو، دەوڵەتی ئامریکا ژەنراڵ (جۆزیف رالیسۆن)ی وەك نوێنەری تایبەتی خۆی بۆ ئەم کێشەیە دیاریی کردوە. تا ڕێگا لەو سیاسەتەی تورکیا بگرێ، کە لەم پێوەندییەدا، زیان بە بەرژەوەندییەکانی دەگەیەنێ. هەروەها کاربەدەستانی یەکیەتیی ئورووپاش داوایان لە حکوومەتی تورك کردوە کە بە جیددی بۆ پێکهێنانی ریفۆرمی دیموکراتیكو چارەسەری کێشەی کورد لە ڕێگای بەرەسمی ناسینی مافە نەتەوەییو کولتوورییەکانیەوە، تێبکۆشێ. لە ئاستی ناوچەکەشدا، بە پسانی یەکێك لە ئاڵقەکانی شۆڤینیزمو نەژادپەرستی (لە عێراقدا) چیدی ڕێبەرانی کورد ڕێگا بە درێژەکێشانی ئەو ڕەنگە سیاسەتە کلاسیکییە نادەن کە تا ئێستا وڵاتانی باندەست لە کوردستاندا، گرتوویانەتەبەرو تەنیا بە زمانی ئاگرو ئاسن مامەڵەیان لەگەڵ داوا ڕەواو دیموکراتیکەکانی میللەتی کورددا کردوە. ئەمەش بۆخۆی پەیامێکی ڕوونو ئاشکرا بوو بۆ ئەو وڵاتانە، کە ئیدی ناچارن گۆڕان بەسەر روانگەکانی خۆیاندا بێننو مل بۆ ئەو ڕاستییانە ڕاکێشن کە پاش ڕووخانی ڕێژیمی بەعسو دامەزراندنی حکوومەتی فیدراڵی هەرێمی کوردستان، هاتونەتە گۆڕێو سنوورێك بۆ سیاسەتە چەوتەکانی خۆیان دابنێن، چونکە ئەم ڕەنگە سیاسەتانە لە گەڵ بەرژەوەندیو پرۆژەی نوێی ڕۆژئاوا بە گشتیو ئامریکا بەتایبەتی بۆ ناوچەکە ناگونجێن، کە کێشەی کورد وەك کێشەیەکی بان دەڤەریو جیهانی، شوێنێکی تایبەتی تێدا گرتوە. بە سەرنجدان بەم ڕاستییانە، پراکتیزەکردنی هەر چەشنە سیاسەتێکی نادێموکراتیكو تێکدەری ئەم ڕەوشە نوێیە، بە مانای دژ بەرایەتییە لەگەڵ زمانی تازەی چارەسەری دۆزەکان.

ئەوەی لەم نێوەدا جێگای سەرنجە، ئەوەیە کە دەوڵەتی تورکیە، ئەم هەڵوێستەی ئامریکاو ڕێبەرایەتیی (PKK)ی زۆر بەدڵ نەبوو. چونکە لە گەڵ ئەو سیاسەتەی کە باوەڕی پێیەتیو لەنێو بیروڕای گشتیی خەڵکی تورکیەدا چەسپاندویەتی، ناگونجێ. تورکیە تا ئێستا کە سیاسەتو کردەوە سەربازییەکانی خۆی لە باکووری کوردستانو ناوچەکەدا، بە ناوی بەربەرەکانێ لەگەڵ تیرۆریزمدا پاساو داوەتەوو ئیددیعای ئەوەی کردوە کە دژی تیرۆریزم شەڕ دەکا. کەچی ئێستا کە لەگەڵ بۆچوونی جیاوازی جیهانیو ناوچەیی لەم پێوەندییەدا بەرەوڕوو بۆتەوە، ئەویش کێشەی نەتەوەیەکی نزیك بیست میلیۆنە لە باکووری کوردستاندا کە بە تەواوی سیاسیو دێموکراتیکەو بەپێی پرنسیپەکانی دنیای ئەمڕۆ، دەبێ بە شێوەی سیاسی چارەسەر بکرێ.

بێگۆمان ئەم فشارە دەرەکییانە، دەبنە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیە بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە کە باوەڕی بە تاك نەتەوە، تاك زمان، تاك کولتوور هەیە، ئەویش کولتوورو زمانو نەتەوە تورکەو بوونو مەوجوودییەتی هیچ زمان، کولتوورو نەتەوەو تەنانەت ئایینێکی جیاواز لە ئایینی دەوڵەت بە ڕەسمی ناناسێو بەوپەڕی هێزەوە هەوڵی یەکدەست کردنو تواندنەوەی هەموو جیاوازییەکان لە کڵی نەتەوەی تورك دایە. ئەگەرچی دەکرێ ئەم هاودەنگیو ئیرادە جیهانی، ناوچەییو کوردییەی ئەمجارە بە دەستپێکی قوناخێکی نویی مامەڵەکردن لە گەڵ دۆزی کورددا لەقەڵەم بدەین. بەڵام بەوحاڵەش لە سۆنگەی ئەو کولتوورە نەژادپەرستانەو توندڕەوانەوە کە لە تورکیەدا زاڵە، نابێ پێمان وابێ بەو خێراییە کە ڕۆحی سەردەمو گۆڕانکارییەکان دەیخوازن، کێشەی کورد بچێتە ئاستێکی سیاسیەوە. بەڵام هێدی هێدی جێگای ڕاستەقینەی خۆی لە ئاستی سیاسیدا پەیدا دەکا.

*

**بێگۆمان ئەم فشارە دەرەکییانە، دەبنە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیە بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە کە باوەڕی بە تاك نەتەوە، تاك زمان، تاك کولتوور هەیە، ئەویش کولتوورو زمانو نەتەوە تورکەو بوونو مەوجوودییەتی هیچ زمان، کولتوورو نەتەوەو تەنانەت ئایینێکی جیاواز لە ئایینی دەوڵەت بە ڕەسمی ناناسێ**

کوردستان
ژماره:٤٤٦ (١٥ی رەزبەری ١٣٨٥)



# قەڵایەك لە رازی ئەڤین

ئەفراسیاب گرامی

دەساڵ لەمەو پێش، رۆژی هەینی ٦ی رەزبەری ساڵ١٣٧٥ی هەتاوی، شاعیری هەست بزوێن، پەیڤ رەنگین، تەواری جوان پەرستو وێژەی ئەدەبی کوردی خاتوو ژیلا حوسەینی، لە کارەساتێکی دڵتەزێن، بە داخو کەسەرێکی فراوانەوە لەگەڵ کۆرپە خنجیلانەکەی "ژینا" ماڵئاوایی لە مەملەکەتی شێعرو ئەڤین کردو قەڵایەك لە رازو گەشەی ئەوینی پێشکەش بە ئاسمانی وێژەی کوردیکردو چووە نێو ریزی کاروانی نەمرانی ئەدەبەوە.

ژیلا ژنە شاعیرێکی بە مانای راستەقینەو دڵسۆزێکی خەمو پەژارەو ئازارەکانی ژنانی کوردو کردستان بوو و چاوی لەو ستەمەی کە لە ژێرپەردەی کولتورو نەریتدا لە هەمان کاتدا چاوی لە برینکی وشکی گەڵوویان بوو. لە ماوەی تەمەنی کورتو پەپوولەیی خۆیدا گەلێك چالاکی لە بوارە ئەدەبیەکاندا بە ئەنجام گەیاندو خەرمانێك لە هزرو ئەندیشەی رەنگینو هونراوەی بە نرخی پێشکەش بە خوێنەرانی کوردو هۆگرانی ئەدەبی کورد کردو زۆر زوو ماڵئاوایی لێکردین.

ژیلا،لە گوتارێك دا بە ناوی "سوارە، شاعیری سەردەم" کە لە "کونگرەی فەرزانەگانی کورد" لە ساڵی ١٣٧٥ هۆنیویەتەوە، لەبارەی بە سوارە دەڵێ: "ئەو سەردەمەی کە سوارە تێدا دەژییا، ئازادی دەمامکی بریقەدارو تەنك بوو، بەڵام چاوی بەشەوارە نەدەخست. ئەودیوی دمامکەکەی ئەدیو لەو دەرفەتەك کورتەدا بە پەلاماری دەمامکەکەی دەداو لە هەرشوێنێکەوە بۆی بکردایە تۆزێکی لێ ئەدڕانو ددانە ریچەکانی زۆرداریو ستەمی شاهانەی وەدەر دەخست". ژیلا لە کاتێکدا لە سوارە دەدوێ، دەیهەوێ پێمان بڵێ کە ئازادیو بەختەوەری لە ژێر چ دمامکێك شاردراوەتەوەو نایەڵێ شکۆفە بکا. بۆیە من بوێرانە دەڵێم کە: ژیلا، ئەختەرژنێکی کورد بوو کە سەردەمێکی پڕ لە تاریکیو دەمامکی رەش دا دەژیا کە داوێنگری کوردو ژنانی کوردستان ببوو. ژیلا بە ژرا فانۆسێك لە هزرو ئەندیشەیو پەیڤە پرشنگدارەکانی رۆشنایی دڵی تەنیایی ژنانی کورد. سارێژکەرەوەی خەمو پەژارەی ژنان و منداڵان بوو. ژیلا بوێرانە توانی زۆر زوو دەنگی نەرێنی بەو کولتوورە بداتەوە کە رێگەی لە گەشەکردنی ژنان دەگرتو لەو بیابانە نامۆیە کە ژنان تووشی ببون تێپەڕ بوو. وەك خۆی دەڵێ:

**ئێوارەیە...**
**ئاسمان ژنێکی زەیسانی پڕ لە خەمو پەژارەیە**
**رەنگی زەردو چاوی تەماوی**
**رۆڵە کوژراوو مەمکەی لە شیر ترنجاو.**
**شار خامۆشە !**
**شار ژنێکی کۆس لێ کەوتووی سیاپۆشە**
**شەقامەکان**
**لە هەناسەی بۆ گەنیوی ئێوارەدا کپ خنکاون...**

ئاسکی وێژەی ژنی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بە تەمەنێك وەك گوڵ، وێنەی گوڵو بۆنی گوڵی دایە ئەدەبو بۆیە زۆرجار بە فرووغی کوردیش بەناوبانگە.

کاتێك باس لە ئەدەبی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ، هەموو کات ئەدەبێکی جوانەمەرگو ساوا دێتە پێش چاوی خوێنەران، بەڵام بەراشکاوی دەبێ بڵێین کە ئەدەبی نوێی رۆژهەڵات قارەمانی جوانکاریو رەوانبێژی ئەدەبیش بووە. لە هەمان کاتدا چاوگەی هزرو ئەندیشەی رێبازی ئەدبی بوونو رێبوارانی ئەم چاوگەیەش کۆتاییان نایەت. لە کاتێکدا کە ژنانی کوردستان جیا لە ستەمی نەتەوایەتی زاڵ بەسەر کوردستان دا، گیرۆدەی ستەمی کولتوور۔ کۆمەڵایەتینو خەباتی بۆ دەکەن. بۆیە وێژەی ژنی کوردیش لەو ستەمە بێبەش نەبووەو رێگەی لە گەشەی ژنی کورد لە هەموو بوارەکاندا نەداوە. بەڵام کاتێك ژیلا دێتە مەیدانی ئەدەبەوە یەکێك لەو پێشەنگانەیە کە توانی مۆمی تەمەنی وێژەی ژنی کورد هەڵ بکاو کەلێنی مەستوورەی ئەردەڵان پڕ بکاتەوەو بۆ جارێکیتر گوڕو تاوێکی نوێ بداتەوە ئەدەبی کوردی. لە کۆتایی پەیڤەکانم دادەمهەوێ بەم جۆرە یادی ژیلا بکەمەوە کە:

ژیلا، لەچکەی شێعری لەنجەی بە ئاسۆیەك دەکرد کە ئازادیو بەختەوەری بۆ ژنانی کوردو ئەڤینێك بۆ ژیان بوو. دەنگێکی رەسەنی زمانێکی ساکار لە هەوێنی شێعرەکانیدا منداڵانی پێ گۆش دەکرد. گەرچی مەرگ مەوادی نەدا تاوێك لەگەڵ کاروانی ئەدەب سەرخەوێك بشکێنێ، بەڵام تەمەنێك ئەزموونی دایە قوتابخانەی کوردی. ژیلا، پەیڤەکانی لە خەیاڵێکی ناسکدا دەکردە رستەو تاتایی بە وشەکانی دەرکردو بۆ دەست پێکردنەوە بە ژیان، ئازایەتی، هیوا، سۆزو خۆشەویستی، ئاواتو ئەوینو سارێژکردنەوەی ئازارو برینەکان، قەڵایەك لە رازی ئەڤینێکی بەرزەوە بۆمانی بەجێهێشت تا ببێتە پەیژەی سەرکەوتنو بەختەوەری.

# سروودێك بۆ رزگاربوون

رێبوار کەریمی

**ئازادیمان کردە ستران، نۆتە بە نۆتە**
**زایەڵەی دێ و گەلۆ! زڕەی زنجیر و کۆتە..**
**بۆ کوی دەفڕێ مەلی تەمای؟**
**کوێیە سنووری دنیا بۆی؟**
**پێی بڵێن سەر نەدا بێهۆ**
**لە سەنگی سەختی گیانی خۆی..**
**بڵێن دنیای دووری خەون**
**شوێنێك نیە دوور لە سنوور..**
**شوێنێك نیە کە پێی بگەیت**
**بەوەی ببڕی سنووری دوور**
**چاخی دووری ئەو ئێستەیە**
**چرکەی سووری ئەو لەمبەرە**
**بەردەبازی چیی پێدەوێ؟!**
**پێی بڵێن: لەخۆت تێپەڕە!**
**تێپەڕینێ هێندە بەشکۆ**
**هەست نەکەی لەخۆت بپەڕیت**
**هەست و نەستی خۆی نەکەیتە**
**باڵی مەلی دەربەدەریت**
**بڵێت: ئەو مێژە هەڵوەدای،**
**میوانی ماڵی هەورەکان**
**بڵێن: لە دوورە دەست نیە**
**ئاسۆی ئاواتە گەورەکان..**
**بڵێن پێی، پێی بڵێن: مرۆڤ!**
**بەس بێ دروشم و وڕێنە،**
**ئەی دیلی دەستی خۆت، هەوڵێ..**
**خۆت لەدەست خۆت راپسکێنە.**
**هەزار هەزار ساڵی دوورە**
**ئاڵاویتە هەست و نەستت**
**نەکا لەدووی کلیل وێڵ بیت؟**
**کلیل ئەوا لەناو دەستت!**
**چاو مەگێڕە بۆ دوورەکان**
**دوورترین لێت: دڵی خۆتە!**
**نزیکترین؟ دەشیا خۆت بای،**
**خۆت نیت بەڵام، بەند و کۆتە!**
**بپسێنە دەی بەند و زنجیر**
**ئازادی کە دە، گیانی دیل،**
**هۆنینەوەی مەرگە ژینت،**
**سروودێکە بێ بەم و زیل!**

***

**ئازادیمان کردە سروود**
**لەسەر هەوای هیوای سبەی..**
**ئێستە گەر سبەی تێپەڕێ،**
**رەنگە گوێ گپ، نەبیەین چیەی..!**

## بێ دوان



# سەرنج

وردە سەرنج

مەسعورد بابایی

سەرنجی بیستەم
وەرگێڕانی چەمك و زاراوەکان:

لە سەرنجی پێشوودا باسمان لە شێوازەکانی وەرگێڕان کرد. لێرەدا لە بابەتێکی ئێجگار هەستیار دەدوێین کە ئەویش بریتییە لە وەرگێڕانی چەمك و زاراوەکان.

چەمك کورتکراوەی کۆمەڵێك واتایە لە یەك وشەدا، چڕۆکەی دەسکەوتێکی هزرییە کە لە ئەنجامی تێڕامان و ئاڵوگۆڕی تێهزرین سەرهەڵدەدا.

چەمکەکان بەرەنجامی هزر لە چوارچێوەی سیستمێکی تۆکمەی فەلسەفی بنەجێ دەکەن. هەموو چەمکێك دەتوانێ دروستکەری چەندین زاراوە بێ، بۆ نموونە چەمکی دەسەڵات چەندین زاراوە لەخۆ دەگرێ وەکوو: سیستمی توتالیتێر، دێمۆکراسی، لیبرالیزم، سوسیالیزم و...هتد. بۆ نموونە دێموکراسی هەڵێنجراوی چەمکی ئازادییە بەڵام ناتونین بڵێین کە دێموکراسی هەمان ئازادییە، هەروەها وشەی "رزگاری" جۆرێك لە ئازادبوونە، بەڵام ئەویش واتای ئازادی نادا بە دەستەوە.

کەوابوو "چەمك" کۆمەڵەیەکی فراوانی واتایە کە چەندین لقەو هەرکام لەو لقانە دەتوانن زاراوە بن، هەندێك جار زاراوە دەتوانێ چەمك بێو بە پێچەوانەوە.

بۆ نموونە: "دەرباز"بوون خۆی چەمکێکە کە واتاکانی ئازادبوون و رزگاربوون دەگەیەنێ. ئازادبوونیش بەم چەشنەیە. هەربۆیە دەبێ وشەکان لە چوارچێوەی بەکارهێنانیان پاچەڤە بکەین.

ئێستا لە چاپەمەنیی کوردی و دنیای نووسین و کار بڵاوکردنەوەی کوردی، وەرگێڕان بە فراوانی بەدی دەکرێ. زۆربەی ئەو دەقانەش لە بواری فەلسەفە، کۆمەڵناسیو بەگشتی زانستە مرۆڤایەتیەکاندان. زانستە مرۆڤایەتیەکان لێوڕێژن لە چەمکەکان کە زۆربەیان باری ئەبستراکتیان هەیەو ورگێڕانیان ئاسان نیە.

ئەو وشانەی کە زاراوەی جیهانین و لە بیاڤی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەکار دێن، وەرگێڕانیان پێویست نیە. وەکوو: لیبرالیزم، دێموکراسی، سوسیالیزم و بەگشتی رێبازە سیاسییەکان دەچنە خانەی ئەم بەشەوە. چونکە تەنانەت وەرگێڕانی وشەی دێموکراسی "بە دەسەڵاتی خەڵك" لەڕووی رەچەڵەکی یۆنانیەوە شیاوە، بەڵام ناتوانێ دەقاودەق بەکارهێنانی ئەوڕۆیی ئەم زاراوەیە بگەیەنێت و...هتد.

هەندێك وشەش هەن کە پێویستە چاپەڤە بکرێن وەکوو ئەو وشانەی کە راستەوخۆ پێوەندییان بە فەرهەنگی زمانەوانیی هەیە، واتە ئەگەر پاچەڤە نەکرێن، باری ئەپستمۆلۆژیکی ئەو زاراوەیە یا چەمکە ناگوازرێتەوەو ئەوەش زیان لە زمان و تێگەیشتنی خوێنەر دەدا.

شێوازی وەرگێڕان:
أ۔ داتاشین و داڕشتن.
ب ۔ کەڵك وەرگرتن لە دیالکت و شێوەزارەکان.

أ۔ داتاشین و داڕشتن: هەندێ وشەو زاراوە و چەمك هەن کە رەنگە لە فەرهەنگی زامانەوانیی کوردیدا نەبن، کەوا بوو پێویستە دابڕێژرێن. سەرەتا دەبێ سەرچاوەی ئەو وشەیەی کە دەمانەوێ پاچڤەی بکەین، بزانین. واتە بواری بەکارهێنان و رەچەڵەکی وشەکە شی بکەینەوە. کاتێك کە هەموو لایەنەکانی واتایی و ئەپستمۆلۆژیکی وشەکەمان بۆ روون بوویەوە: بە سەرنجدان لە تایبەتمەندیی رێزمانیی دووەم (بۆ نموونە کوردی) هەوڵ دەدەین وشەکە پاچڤە بکەین بەبێ ئەوەی زیان لە واتاکەی بدات.

بۆ نموونە وشەی "مکاشفە" لە دەقێکی فەلسەفی ۔ عرفانیدا: مکاشفە لە "کەشف" هاتوە، کەشفی "شهودی" نەك "استدلالی" شهود **intoution** لە کوردیدا و بەپێی هەنبانەبۆرینەی مامۆستا هەژار "دیناو"ی پێ دەوترێ واتە "بینی نێواخنی شتێك" مکاشفە "کەشف" لە رێگەی "شهود"ە بە واتای عیرفانیو فەلسەفی.

بەڵام لە بوارەکانی دیکەدا شتێکی دیکەیە. ئێمە دەتوانین "نێواخندۆزی" دابنێین کە لە نێواخن + دۆزی پێکهاتوە، کە دوو وشەی لێکدراون و زاراوەیەکیان داڕشتوە.

شێوازی دووهەمی داڕشتن: وشەیەك و مۆرفیی بەند "پێشگر و پاشگر"ە. بۆ نموونە: نووس + ەر = نووسەر.
تێ + ڕوانین = تێڕوانین   نگرش.
لێ + ڕوانین = لێڕوانین   رویکرد...هتد.

لە سەرنجی داهاتوودا باس لە شێوازی وەرگرتن لە دیالکت و شێوەزارەکان دەکەین.

# فیستیڤاڵی منداڵان هەلێکی لەبار بۆ دۆزینەوەی توانا شاردراوەکانی منداڵان

کەماڵ شەریفی





دنیای منداڵان، دنیایەکی پڕ شانۆو شانۆ سازییە، ئەم بە شانۆ کردنەی دنیای منداڵان، لە کوێوە دەست پی‌دەکا؟! ـ لەو شوێنەوە کە منداڵی ڕۆح دەکاتە بەر گەمۆکەکانی خویداو لەگەڵیاندا ئەدوێ‌و کاروباریان بۆ دیاری دەکا، لێیان ئەڕەنجێ‌و لە گەڵیان ئاشت دەبێتەوە. دەیان کاتە مرۆڤەکانی دەوروبەری خۆی‌و ناویان لێ دەنی‌و، نانیان بۆ دادەنێ‌و، لە ئامێزی پاک‌و پەپوولەیی خۆیدا هەڵیان دەگووشێ. بەدوو سێ قاشوولکەی گچکە ماڵۆچکە دەکاتەوەو، هاتوچۆ ساز دەکاو، بۆ ماڵێ بووکێ دێنێ‌و کچی بە بووک دەدا. هەموو شتێك لەسەر جێی خۆیەتیی، هیچ شتێك بێ‌مانا نیەو بە دڵ، بە ڕۆح‌و بە جەستە هەر شتەو لە شوێنی خۆی دامەزراوە. ئەمانەو ئەوانی‌تر کە باسم نەکردوون وا دەکەن ئێمەی بە تەمەن گەورەو بە ڕۆحی زیندو سەرنجیان بدەینێ‌و چێژیان لێ‌وەربگرین‌و بە هێنانەوەیان بۆ سەر سەحنە چێژەکە دابەش بکەین بە سەر کەسانێکی زیاتر و لە ئێمە سەرقاڵ‌تر کە فریا نەکەوتوون لە دنیای قاشوڵکەیی منداڵەکانیان وردبنەوەو چێژی لێ‌وەربگرن، هەر بۆیە ئەم بیانوویە تەنیا بەهانەیەکە بۆ دەرهێنەری شانۆکان، بە گشتی‌و دەرهێنەری شانۆی منداڵان بە تایبەتی . من وەك یەکێك لە هەڵسەنگێنەران (داوەران)ی بەشی شانۆکانی فیستیڤاڵی سێهەمی منداڵان بە پێویستم زانی‌و، پێم حەیف بوو، ئەگەر روانگەی خۆم لەسەر فیستیڤاڵ بە گشتی‌و بەشی شانۆکان بەتایبەتی، باس نەکەم. لە راستی‌دا ئەم چەشنە فیستیڤاڵانە دەرفەتێکن بۆ دۆزینەوەی توانا شاردراوەکان‌و لێهاتوویی‌یە بەرفراوانەکانی منداڵان‌و جیا لەوەش پێم وانیە شتێکی‌تر بێ. لە فیستیڤاڵەکاندا منداڵان تواناکانی خۆیان بە گەورەکان هەڵدەڕێژن‌و بە زمانی ساکارو شیرینی خۆیان دەڵێن، ئێمە ئەوەین کە دەبینن‌و ئەگەر دەبینین ئەمساڵ لە پارەکە باشترین؟! دڵنیا بن ساڵانی داهاتوو باشتر دەبین کە هیچ، تەنانەت لە ئێوەش سەرکەوتووتر دەبین. بە بەشداریی لەم فیستیڤاڵە چ وەك هەڵسەنگێنەر چ وەك بینەر بۆم دەرکەوت کە گەلێك جار بە خوێندنەوەی دەیان کتێب‌و رۆژنامەو...تەنیا کاتم بە فیڕۆ داوە، دنیای راستەقینە، دنیای خوێندنەوەی منداڵان لەسەر سەحنەو لە جیهانی پراکتیك دایەو، بۆ ئەم ئیددیعایەشم نموونە دێنمەوە، "کیژۆڵەی شقارتە فرۆش" چیرۆکی میلیۆنان منداڵی دەست فرۆش‌و کرێکارو هەزاران منداڵی کۆڵبەرو دەستەنگی ئەم گەردوونەیە کە بە شانۆ لەسەر سەحنە ژیانی دەیان‌و هەزاران منداڵی کۆڵبەرو دەستەنگی جیهان‌و کوردستان وەبیر دێننەوەو "ساتێك بۆ مەستیی ئەسپەکانیش" هەر ئەوە دەڵێ. بەڵێ، نەتەوەی کورد خاوەنی هەزاران تراژدیای لە وێنەی بەسەرهاتی کیژۆڵەی شقارتە فرۆش گەورەترودڵتەزێنترە. شانۆی "قازەوان" لەم فیستیڤاڵەدا چیرۆکی گیان لەبەر دۆستی مرۆڤەکانە کە رامان دەچڵەکێنێ‌و پێمان دەڵێ: تەنیا مرۆڤ گیان لەبەر نیەو گۆی زەوی پڕە لە گیان لەبەری خاوەن ماف‌و ئازادی. شانۆی "ئاقیبەتی تەماحکاری" دنیای وەگۆ خستنی زمانی ئاژەڵی‌و بیرهێنەرەوەی چیرۆکی داپیرەو باوە گەورە لە بن کورسی‌و، کولتووری رەخنە لە خۆ گرتنە. شانۆی "پارلمانی منداڵان" دێتە سەر سەحنەو منداڵەکان بە لاسایی گەروەکان لە پارلمانێکی شانۆیی دا داوای مافە پێشێلکراوەکانی خۆیان دەکەنەوەو رێگەچارەی بۆ دەدۆزنەوە. "نەخۆشی بێ دەرمان" باس لە راستییەکی حاشاهەڵنەگر دەکا کە پەیامی یەکەمی ئەوەیە: مرۆڤی سەردەم مرۆڤێکی ماشینی‌و داهێنەری ماددییە کە فەرامۆشی کردووە، دەبێ پێبکەنێ‌و بگەڕێتەوەو ئاورێکی کورت لە لایەنە رۆحی‌و دەروونییەکانی خۆی بداتەوەو، پەیامی دووهەمیشی باس لە دنیای پڕ فێڵ‌و تەڵەکەی مرۆڤە درۆزنەکان‌و دەمامك لە چاوەکان دەکاو بە بزەو پێکەنینەوە گوێی ناحەزییەکان دەگرێ‌و دەیخاتە زبڵدانی مێژووەوە. شانۆی "شەڕی نوختەو وێرگول" باس لەوە دەکا کە زۆر بوونی بە ناو نووسەران وای کردووە کە نیشانەکانی نێو کتێب‌و رۆژنامەکانیش بە هۆی ئەوەی هیچکام لەسەر جێگای خۆیان نین، تێك بەردەبن لەگەڵ یەك بەشەڕ دێن. ئەو دادگایەی لە شەڕی نوختەو وێرگوڵ پێك دێ بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەکان بە زمانی ناراستەوخۆ بە من‌وتۆی نانووسەر دەڵێ: واز بێنە، دنیای ناو کتێبەکانیشمان لێ مەشێوێنە!

شانۆی "عەبە بێ دەرپێ"، کە هەر وەك لە ناوەکەیەوە دیارە کۆمێدیایەکی رەخنەگرانەو تریبونێکی راستەوخۆ بوو بۆ ئەو کەسانەی کاریان زوڵم‌و چەوسانەوەی هەژارەکانە. "شارەداری کاکۆڵزێڕین"، شانۆیەك بە دارشتنێکی بە هێزو جوان، بە دنیایەك پەندو ئامۆژگاری، بە گۆپاڵێك لە داری رەخنەی حەیزەران، دەسەڵاتخوازی‌و پاوانخوازی دەتەکێنێ‌و تۆزوخۆڵی کۆنەپەرستی‌و بیری چەرخە بەردینەکان وەحەوا دەخا و بە قەولی فارس گوتەنی: خود را بە کوچە علی چپ سازند" و دەگوزەرێ. شانۆی"لەخۆبایی"، باسێکی پەروەردەیی بە زمانێکی ساکارو منداڵ فام، بەهێزکردنی ژیانی هاورێیەتی‌و مرۆڤ دۆستانە بە بێ لەبەرچاو گرتنی ماڵی دنیاو، رێزگرتن لە بەرامبەر نەك لەبەر پارە بەڵکە لەبەر خۆی.

بێ‌گومان ئەم پەیامانەی تا ئێرە باسم کردن، ئەگەر بە شێوەی شانۆ نەم بینایەن نەم دەتوانی باسی بکەم، شانۆ رۆح دەبەر راستییەکان‌و پەیامەکان دەکاو بە بێ هیچ چاوەڕوانییەك دەیخاتە بەر دەستی من‌و تۆ بۆ ئەوەی رۆح‌و جەستەمان پێکەوە بن‌و لێك جیا نەبنەوە.

# مانگ لە نیوەدا گەورە دەنوێنێ

شەریف فەلاح (هێژا)





فیلمساز و دەرهێنەری بەناوبانگی کورد، لە درێژەی داهێنان و بەهرە سینەماییەکانی خۆیدا، جارێکی دیکە دەرکەوت و ئەمجارە بە رێچکەو ستایلە تایبەتیەکەی خۆیەوە هاتەوە مەیدان و لەچاوی کامێراوەو لە فستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی‌دا تواناو بەهرەکانی خۆی دەرخست. قوبادیی هونەرمەند و داهێنەر بە نیشاندانی فیلمی سینەمایی "نیوەی مانگ" لە فستیڤاڵی نێونەتەوەیی "سەن سباستیان"دا توانی لەنێو ١٦ فیلمی هەڵبژێردراوی جیهاندا خەڵاتی مرواریی زێرین بەدەست بێنێت و وەك فیلمی یەکەمی ئەم فستیڤاڵە هەڵبژێردرێ. هونەرمەندی دەرهێنەری کورد بەم دستکەوتە مەزنەی سەلماندی کە کورد لە مەیدانی هونەرو ئەفراندن و داهێنان دا خاوەنی بەهرەو بیرۆکەیەکی نوێیە، قوبادیی داهێنەر کە ئەم بەرهەمەی واتە "نیوەی مانگ" چوارەمین کاری سینەمایی هەر لە یەکەم هەنگاو و لە یەکەم چرکەساتەکانی هەڵگرتنی کامیراو بە دروست کردنی فیلمی "کاتێ بۆ سەرمەستی ئەسپەکان" بەردی بناغەی هونەری حەوتەم واتە سینەمای کوردی داناو و بە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ‌و بە نیشاندانی دەردوژان و نەهامەتییەکانی کورد بە جیهانیان و بە بەشداری لە فستیڤاڵ و کۆڕو بۆنە نێونەتەوەییەکان و بەدەست هێنانی چەندین خەڵاتی نێودەوڵەتی توانی بە چاوی کامێرا و بە شێوەیەکی هونەرمەندانە و هەژێنەر سیمای راستەقینەی گەلی کورد و ئاشتیخوازانەبوونی ئەم نەتەوەیە بە دونیا بناسێنێ و پێگەو کەسایەتیەکی جیهانی بۆخۆی و نەتەوەکەی تۆمار بکات، بەهمەنی خەمخۆر و دڵسۆز لە درێژەی کارەکانی‌دا بە سازکردنی "گۆرانیەکانی وڵاتی دایکم" و "کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن" جارێکی‌تر دونیای حەپەساند و ویژدانە خەوتووەکانی وەخەبەر هێنا کە نەتەوەیەك لە رۆژهەڵات دەژی ئێستاش دەچەوسێتەوەو بێ نیشتمان و بێ کیانی سیاسی‌یە هەروەك خۆی دەڵێ: هەرچوار فیلمەکەی من لەسەریەك ٣٠٠ خولەك دەخایەنێ کە هەموو نەهامەتیەکانی نەتەوەیەکی ٤٠ میلیونی بە سێ فیلم وێنان دەکرێ. کوا ئازارەکانی نەتەوەکەم کە دەبێ سەدان فیلمی درێژی سینەمایی بۆ تەرخان بکرێ لە قوژبنێکی چووکەی کامێراکەی من دا جێگایان دەبێتەوە؟ من چۆن دەتوانم کامێراکەم لە شاخەکان و سنوورە تێلبەندکراوەکان و لە مەیندان و رێگاوبانە مینرێژ کراوەکان و لە گوند و دارستان و خانەقا و مۆسیقا دوور بخەمەوە؟ بە بوونی ئەم هەموو خەم و برك و ئێش و ئازارەنەوە چۆن دەتوانم بە ئاسوودەیی بێمە کۆڵانە پڕ حەژمەت و هەرا و هورياکانی شار و باس لە ئەوینی کچ و کورێك بکەم کاتێك دەبینم بێوەژنێکی کۆڵبەر لەسەر سنوور بۆ بژێوی ژیانی خۆی و منداڵەکانی سینگی دەداتە بەر گوللەی دوژمن و پاسەوانی سنوور.

ئەمجارەش بەهمەنی قوبادی لەم بەرهەمە نوێیەی خۆیدا، بە شێوەیەکی ورد و جوان رۆدەچێتە نێو ناخی پیرۆزی مۆسیقا و گرێدانی مۆسیقا بە رۆح و ناخی کوردەوە ئەوە بە دنیا دەڵێ کە ئەم نەتەوەیە جوان پەرەستە ناخ و دەروونیان پڕە لە جوانی خەونە شیرینەکانی مۆسیقا و هەروەها گرینگی و کاریگەریی مۆسیقا لە زیندوو راگرتنی ئەم گەلە بە دنیا دەسەلمێنێ. بەهمەنی قوبادی دەرهێنەری رۆژهەڵاتی کوردستان رێباز و قوتابخانەیەکی نوێی بنیات ناوە کە دەبێ شانازی‌و فەخر بە بوونی ئافرێنەرێکی وەکوو ئەوەوە بکات.

# زمان، وەرگێڕان و پێوەندیی کولتوورەکان

## ئاراستەی وەرگێڕان
## کورتە مێژووی وەرگێڕان لە جیهان دا

بەشی هەشتەم

ن:حسین یەعقووبی

**٦ – وێناکردنی وەرگێڕ لەمەڕ شێوەی کۆد(ڕەمز)ی وەرگێڕان**

رۆڵی سەرەکی شێوەی کۆد لە پێوەندییەکاندا، دابینکردنی ئامرازی دەرهەستی پێویست لە راستای وەرگرتنی هزر و هەستی وەرگردایە بەڵام لە هێندێك خاڵدا شێوەی کۆد پێویستی بە تێڕوانین هەیە. بۆ وێنە کاتێك شانۆنامەیەك بۆ بەرێوەبردن وەردەگێڕدرێ، دەبێ وەرگێڕ گوتن و بیستنی وشەکان کە دەکەونە سەر زمان لە بەرچاو بگرێ. رووبەڕووبوونەوەی ئەکتیڤی وەرگێڕان لە گەڵ شێوەی کۆد لەم خاڵانەدا و خاڵەگەلێکی هاوشێوەدا تەنانەت وێدەچێ کاریگەری لە سەر مەبەستی وەرگێڕیش هەبێ، چونکە هێندێکجار دەبێ مەبەستی وەرگێڕ بگۆڕدرێ بۆ ئەوەی تایبەتمەندییەکانی شێوەی کۆد روون بکاتەوە. ئەم لە بەرچاوگرتنە تایبەتییەی شێوەی کۆدی وەرگێڕان بۆ وێنە لە دوبلاژ و پەراوێزنووسی فیلم دا پێویستە چونکە کاریگەری لە سەر پێویستی هائاهەنگی بزاوتەکانی لێو و کورتکراوەیی لە وەرگێڕاندا دادەنێن.

**٧ – بڕیاری وەرگێڕ لە سەر ئاستی وەرگێڕانی وشە بە وشە**

واتای وەرگێڕانی وشە بە وشە بە گشتی بریتییە لە:

ئا – کەڵك وەرگرتن لە وشە وەك یەکەی وەرگێڕان لە کاتی لە بەرچاوگرتنی بەش و پاژەکانی وتە و رێکوپێکردنی وشەکان لە دەقی سەرەکیدا.

ب – وەرگێڕانی واتای بنەڕەتی دەق.

ج – هاوواتای دانانی وشە لە زمانی مەبەست دا بە شێوەیەك کە واتای بنەڕەتی ئەو بە شێوەیەکی زۆر باش و گونجاو لە گەڵ واتای وشە لە زمانی سەرەتادا دەگونجێ.

وەرگێڕانی لەبز بە لەبز﴿وشە بە وشە﴾ واتای دەق و بوار لە بەرچاو ناگرێ و تەنیا و تەنیا بە شێوەیەکی رەها سەرنج بە واتا دەدا. وەرگێڕانی لەبز بە لەبز (یان وشە بە وشە) دەقێکی کامڵ، زۆربەی کاتەکان ناتوانین لێی تێبگەین و سەرلێشوێنەرە چونکە بە پێی زمانی سەرەتا کەڵك لە زمانی مەبەست وەردەگرێ. بەڵام هێندێك خاڵ هەیە کە وێدەچێ وەرگێڕ بڕیار بدا بە ئەنقەست ئەم کارە ئەنجام بدات وەك وەرگێڕانی دەقە ئایینییەکان.

**٨ – بڕیاردان لە سەر واتاکان**

هەڵوێست گرتن(تێڕوانین)ی گشتی لە سەر ئاکارەکانی دەقی بنەڕەتی، زۆرتر بۆ دیاریکردنی وەرگێڕانی شیاوی قەبووڵکردن پێویست نیە. هێندێکجار ناکرێ تەواوی واتا لەبار و گونجاوەکان بە پێی بابەتی گشتی وەفادارانە بگوازرێنەوە یان زمانی مەبەست ئیزنی گواستنەوەی واتا گریمانەییەکان لە بوارێکی تایبەتیدا نادا (بۆ وێنە وای دانێن دەتانهەوێ پەندی پێشنیانی *لێم بۆتە گونی قوڕ، دەیبڕی نابێ، نایبڕی هەر نابێ*( ئەم پەندە لە بری "ئاش کشك خالتە بخوری پاتە نخوری پاتە" دانراوە.و) بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕی). ئەگەری تێڕوانین، تێڕوانینێکی بەرژەوەندیخوازانە بێ وەرگێڕ تەنانەت دەبێ زیاتر لەوەش بڕیار بدا کە چ واتایەك بپارێزێ، چ واتایەك لابات و چ واتاگەلێك لە جیاتی واتای دیکەدا بگونجێنێ.

**٩ – بڕیاردان لە سەر شێوەی گواستنەوەی واتای بنەڕەتی**

لە هەر شوێنێکدا هەڵبژاردنی نێوان چەند خاڵێك بۆ گواستنەوەی واتا تایبەتییەکان لە گۆڕێدا بێ، دەبێ وەرگێڕ بڕیار بدا کە بە سەرنجدان بە شێوەی دارشتنی دەق و نێوەرۆکی ئەو کام خاڵ هەڵبژێرێ. بۆ وێنە بۆ گواستنەوەی چەمك و واتای فارسی "تێگەیشتن"(برداشت) بە زمانی ئینگلیزی، دەبێ وەرگێڕ لە نێوان وشە و دەستەواژەکانی offake ,dedution, in ,withdrawal ,taking advansce یەکێکیان هەڵبژێرێ. کاتێك وەرگێڕ، واتای شێوەی بگوازێتەوە دوو رێگای لە بەر دەمە: لاساییکردنەوە و جێگیرکردن، جێگیرکردن بە واتای دۆزینەوەی شێوازێکی هاوچەشن لە زمان و ئەدەبیاتی مەبەست دا کاتێك کە لاسایی تەواو دووپاتکردنەوەی ئامرازی وێنەیی شێوەی بنەڕەتییە. ئەوەی کە لە دوو شێوەی گواستنەویەی شێوازە دەبێ کامیان هەڵبژێرین زۆرتر پێوەندی بە جۆری خوێنەرەوەیە. وێدەچێ خوێنەر یا بەردەنگ لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی بنەڕەتی تێنەگا مەگین ئەوەی کە گەلێك گۆڕانکاری شێوازی لە وەرگێڕاندا ئەنجام بدرێ.

**١٠ – زانستی پێویست بۆ دووبارە دانانی کۆد(ڕەمز)**

و: سمایل زارعی

دووبارە دانانی کۆد پێویستی بە ئاشنایی زۆر لە گەڵ زمانی مەبەست، پێوەندی دوو لایەنە و زانیاری لە سەر کولتووری خوێنەرەوە هەیە. کاتێك ئەم جۆرە زانستە پراکتیزە دەبێ قۆناغێکی دیکە لە رەوتی وەرگێڕان دەست پێ دەکا. ئاشنایی و زانینی زمانی مەبەستیش بریتییە لە زانیاری لە نیزامی زمانی – بەو شێوەیە کە فەرهەنگی وشە و کتێبەکانی رێزمانی وێنا دەکەن – و زانیاری لە سەر یاساکانی پراکتیکی کارایی و سوودی ئەویش. بۆ وەرگێڕ تەنیا شارەزابوون لە سەر زمانەکانی سەرەتا و مەبەست تەواو نیە. ئەو پێویستی بە بنەچەبوونی بەرامبەریش هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو وشانەی دوو زمان کە ئەوپەڕی هاوشێوەییان پێکەوە هەیە – زۆرتر لە رەهەندی واتاییەوە – بگونجێنێ و کەڵك لە باشترین ئامراز لە زمانی مەبەست دا وەرگرێ، بۆ دەربڕینی هەمان واتا یا واتایەکی هاوشێوەی ئەو.(موختاری ئەردەکانی، ١٣٧٥: ٩٥ – ٨٨).

**گرفتەکانی وەرگێڕان وەك ئامرازێك بۆ پێوەند جیهانی**

مەبەستی سەرەکی وەرگێڕان، ئەفراندنی هاوواتای واتایی گونجاو و وردی نێوان زمانی سەرەتا و زمانی مەبەستە. ئەوە راست پرسێکە کە وەرگێڕان لە گەلێك هەوڵی وەك وەرگرتن(اقتباس)، کاکڵەنووسی و پۆخت نووسی‌و کورتکردنەوە جیای دەکاتەوە. هەڵبەت دۆزینەوەی هاوواتای ورد دیاردەیەکی نەلواو و نەگونجاوە. هیچ وەرگێڕێك ناتوانێ وەرگێڕانێك بخاتە روو کە هاوواتای دەقی سەرەتا بێ، خاڵگەلێکی وەك زاراوە، قسەی نەستەق، پەندەکان و بە سووك و بێ نرخ زانینی کولتووری و ئەدەبی لە زۆربەی خاڵەکاندا وەرناگێڕدرێن. زۆربەیان لە زمانێکی دیکەدا هاوواتایەکی ناتەواو و نادرووستیان هەیە کە هەر کام لەوان کاراییەکی زۆر بەرتەسکتریان لە هەمبەر وشەی بنەڕەتی‌دا هەیە. کەواتە بە کردەوە شتێك بە ناوی باشترین و وردترین وەرگێڕان نیە. سەرکەوتنی وەرگێڕان پێوەندی بە مەبەستی وەرگێڕانەوەیە و بە واتایەکی دیکە بە پێویستی بە کۆمەڵێك کە ئەم وەرگێڕانە بۆ زانیاری و ئاگایی ئەوان ئەنجام دەدەرێ. رەنگە وەرگێڕانێکی تایبەتی و سەرەتایی کە لە هەموو جۆرە وردەکارییەکی ئەدەبی بێ بەرییە بۆ زانیاری پێرسۆنێلی کۆمپانیا یا دامەزراوەیەك بۆ دۆزینەوە تازەکان بەس بێ، هەر بەم شێوەیە وەرگێڕانی بابەتگەلێکی زانستی و ئابووری تەنیا پێویستی بە وەرگێڕانی کامڵ و پوختی واتا هەیە و لە بەرچاوگرتنی وردەکارییەکانی ئەدەبی لەودا هێندە پێویست و گرینگ نابێ. نموونەیەکی دیکە دوبلاژی فیلمە سینەماییەکانە، لە دوبلەی فیلمێك دا، بە پێی کێشی ئاخاوتن و دەنگ وشەی وەرگێڕدراو لە گەڵ بزاوتەکانی لێوی کارەکتەرەکان زۆر گرینگترە لە وەرگێڕانی وردی دیالۆگەکانی ئەو فیلمە. بەڵام لە وەرگێڕانی ئەدەبی‌دا، رەهەندی خاوەنداریتی شێوە و فۆڕمی ئەدەبی بە رادەی وەرگێڕانی وردی نێوەرۆکی دەق گرینگە و تەنانەت هەر لە بەر ئەم پرسە، هێندێك لە شاکارەکانی ئەدەبی پێویستیان بە چەند جار وەرگێڕان هەیە بۆ ئەوەی لە هەر کام لەوان دا لایەنێکی تایبەتی بەرهەمی رەسەن و بنەڕەت، جیا و دیاری بکرێ.

# دەقی قسەكانی بەڕێز د. میرۆ علیار لە پارلمانی ئورووپا سەبارەت بە بارودۆخی "كەمایەتی‌یە ئیتنیكییەكانی ئێران"



د. میرۆ عەلیار

**خاتوو ئەنجلیكا بێر!**
**ئاغاگەل و خانم گەل!**

پێشەكی رێگام بدەن لەلایەن كۆنگرەی نەتەوەكانی ئێرانی فیدراڵەوە، لە هیئەتی پارلمانی ئورووپا بۆ پێوەندی لەگەڵ ئێران سەبارەت بە پێكهێنانی ئەو كۆڕە، لە قوولای دلمەوە سوپاستان بكەم، بۆ ئەم بانگهێشتەتان سوپاستان دەكەم.

هەروەك دەزانن ئێران ولاتێكی فرەنەتەوەیە، كە لەو ولاتەدا جگە لە نەتەوەی فارس، نەتەوەگەلی دیكەی وەك: توركی ئازەری، كورد، عەرەب، بەلووچ، توركمەن و چەند كەمایەتیی دیكەی ئیتنیكی و مەزهەبی دەژین.

هەروەك ئاگادارن نەتەوەكانی غەیرە فارس، دوو لەسێی سەرجەم حەشیمەتی ئێران پێك دێنن. بەڵام وەك نەتەوەی خاوەن زمان و فەرهەنگ و مێژووی تایبەت بە خۆیان، بەرەسمی دانیان پێدا نەهێناون و، لەژێر توندترین ستەمی میللیدا دەنالێنن.

من لێرەدا لە چەمكی نەتەوەكان "ملیتها" و گەلان (خلقها) كەڵك وەردەگرم و زاراوەی نادروستی كەمینەگەلی نەتەوەیی (اقلیتهای قومی) بەكار ناهێنم، چونكە لەنێوخۆی ئێراندا هیچكام لەو ٦ نەتەوانە كە ناویان هاتوە لەبواری حەشیمەتەوە لە زۆرینەدا نین. هەر لەو سۆنگەوە، جێگەیەك كە زۆرینەی لێ نەبێ، ناكرێ كەمینەش وجوودی هەبێ و یان دەبێ هەر ٦ نەتەوە جیاجیا لە پێوەندی لەگەڵ گشت حەشیمەتی ئێران بە كەمینە ناو ببرێن.

كۆماری ئیسلامی بۆ رەسمی نەناساندنی ناسنامە و شوناسی میللیی نەتەوەكانی غەیرە فارس، بەو بەڵگەو دیكۆمێنتە خۆی دەپەرێنێتەوە كە ئەوان وەكوو ئێرانی و موسلمان، ئوممەتی ئیسلامیی ئێران پێك دێنن. هەربۆیە لە سۆز و هەستی ئیسلامی‌و مافی یەكسان بەشدار و شەریكن، بەڵام ئەم ئیدیعایە لەراستی‌دا تەنیا وەك ئامرازێكی پاساو هێنانەوە بۆ شاردنەوەی "ناسیۆنالیزمی بەچاوتەنگ" و توندرەویی نەتەوەی باڵادەست كەڵكی لێ وەردەگرن، ناسیۆنالیزمێك كە سیاسەتی رێژیمی ئیسلامی بەسەر نەتەوەكانی ژێر ستەم دەسەپێنێ، ئەم سیاسەتە بە مەبەستگەلی شوڤینیستی، لەسەر گشت لایەنەكانی ژیانی گەلانی ژێر ستەم كاریگەریی ماڵوێرانكەری داناوە. ئەوان لەگشت مافگەلی نەتەوەیی، فەرهەنگی و ئینسانیی خۆیان بێبەش كراوەن، بەهۆی قەدەغەو قۆرغ كردنی وانەگوتنەوە لە قوتابخانەكان بە زمانی زگماكی، منداڵانی نەتەوەكانی غەیرەفارس لە سەرەتاییترین مافی ئینسانی بێبەش كراون. بەم هۆیە رادەی نەخوێندەواری لەنێو نەتەوەكانی غەیرەفارس دا چەند بەرابەری حەشیمەتی فارس زمانە.

هەرجۆرە ویست و داخوازیی رەوای سیاسی، فەرهەنگی، مروڤی و تەنانەت ئابووری لە نەتەوەكان، بە بیانووی جوداییخوازی یان دنەدانی دەرەكی لەلایەن رێژیم رەت كراونەتەوەو بە توندترین شێوە سەركوت دەكرێن.

تێكوشەرانی سیاسیی نەتەوەكانی دیكە، تەنانەت داكوكیەرانی مافی مرۆڤیش، لەژێر ناوی سووكی قاچاغچیی مەوادی موخەدیر، تێكدەرو خراپكار، سیخور و پیاوی رۆژئاوا دەخرێنە زیندانەوە، دەكەونە ژێر ئەشكەنجەو ئێعدام دەكرێن و دەكوژرێن.

دەستبەسەر كردنی خۆرایی، ئەشكەنجە، دەستدرێژی، ئێعدام و بێسەروشوێن كردنی دانیشتوانی نەتەوە غەیرەفارسەكان بۆتە كارێكی ئاسایی رۆژانە. تاكو ئێستا بە سەدان شەخسییەت و تێكوشەری سیاسی، مەزهەبی، فەرهەنگی، پارێزەرانی مافی مرۆڤ و مافی ژنان و رووناكبیرانی سەربەوان لەنێوخۆ و دەرەوەی ولات بوونەتە قوربانیی تێرۆریزمی رێژیمی ئیسلامیی ئێران.

بەپێی راگەیاندراوی رێكخراوی داكۆكیی لە مافی مرۆڤ، زیاتر لە ١٠٠٠ كەس لە بەرهەلستكارانی سیاسیی سەربە نەتەوەكانی ئێران لە زیندانەكانی رێژیم دا لەژێر بارودوخی خراپ و تاقەت پروكێنی زیندان دا بەسەر دەبەن.

مەرگ هەڕەشە لە گیانی سەدان كەس لەو زیندانییە سیاسییانە دەكا كە شوێنی زۆربەیان نادیارە. بە هۆی خۆپاراستنی بە ئەنقەستی سەرمایەدارانی رێژیمی ئیسلامی‌و وەگەرنەختستنی سەرمایە لە ناوچەكانی غەیرەفارس، هەژاری، بێكاری، ئیعتیاد، كۆچ و خوكوژی گەیشتونەتە ئاستێكی مەترسیدار. لە كۆماری ئیسلامیی ئێراندا، نەتەوەكانی غەیرەفارس، نەك تەنیا لەگەڵ ستەمی میللی و پێشێلكردنی مافی مرۆڤ رووبەروون، بە سەركوت و هەڵاواردنی مەزهەبیش، مەشروعیەتی قانوونییان پێدراوە.

> **نەتەوەكانی غەیرە فارس، دوو لەسێی سەرجەم حەشیمەتی ئێران پێك دێنن. بەڵام وەك نەتەوەی خاوەن زمان و فەرهەنگ و مێژووی تایبەت بە خۆیان، بەرەسمی دانیان پێدا نەهێناون و، لەژێر توندترین ستەمی میللیدا دەنالێنن.**

هەروەك دەزانن شیعەی دوازدە ئیمامی مەزهەبی رەسمیی ولاتە. بە پێی قانوونی بنەڕەتی، تەواوی پۆست‌و ئۆرگانگەلی گرینگی بڕیاردەری ئەم ولاتە، تەنانەت ئەندامبون لەو ئۆرگان‌و پۆستانەداو هەروەها، رێبەری ولاتیش تایبەت لە ئیختیارو سەلاحییەتی هاوولاتییانی شیعە مەزهەب دایە. ئەوە



لە حالێك دایە كە، میلیونان كەس لە حەشیمەتی ئێران سوننی مەزهەبن. سەرەڕای ئەوانەش زۆربەی هاوولاتییانی شیعە مەزهەب غەیرە فارسن. بەهۆی پێوەندیی نەتەوەیی كارو پۆستە گرینگەكانیان نادرێتێ.

خانمان‌و ئاغایان!

بە ئامانجی كۆتایی هێنان بە هەڵاواردن‌و سەركوت‌و، هەروەها خەباتی هاوبەش لە پێناوی وەدیهێنانی مافەكانماندا، ژمارەیەك لە حیزب‌و رێكخراوەكانی سەر بە نەتەوەكانی ژێر ستەمی كۆماری ئیسلامی، رۆژی ٢٠ی فوریەی ٢٠٠٥ لە هەنگاوێكی مێژوویی‌دا، "كۆنگرەی نەتەوەكانی ئێرانی فیدراڵ"یان پێك هێنا. بۆ یەكەمین جار، لە مێژووی ئێراندا، هێزگەلی سیاسیی پێكهاتوو لە گشت نەتەوەكانی ژێر ستەم، ئۆرگانیزاسیۆنێكی، سەرتر لە حیزب بە ئامانجی هاودەنگ كردن‌و چالاكییەكانی سیاسیی خۆیان كۆنگرەیەكی ئەوتۆیان پێك هێناوە.

ئەم كۆنگرەیە بۆ بنیات نان‌و دامەزراندنی ئێرانێكی دێموكراتیك، سێكۆلارو فیدراڵ هەوڵ دەدا. بە واتایەكی دیكە: حیزب‌و رێكخراوەكانی ئەندام لەو كۆنگرەیەدا، بە پێچەوانەی ئیدیعاكانی رێژیم‌و هێندێك لە رێكخراوگەلی ناسیونالیستی سەرتاسەری، خوازیاری چارەسەری كێشەگەلی سیاسیی نەتەوەكانی ئێران لە چوارچێوەی سنوورەكانی ئێراندایەو خوازیاری مافی وەك یەك بۆ هەموو نەتەوەكانی نیشتەجێی ئێرانە. لە یەكەمین بەیاننامەی كۆنگرەی نەتەوەكانی ئێرانی، فیدراڵدا هاتوە: ئێران هی هەموو ئێرانییەكانە، هی گشت نەتەوەكانی ئێرانە. ئێمە لەسەر ئەو باوەرەین كە لە ئێرانێكی دمۆكراتیك‌و فێدراڵیدا هەم گشت خاكی ئێران دەپارێزرێ‌و هەمیش مافی میللی‌و ئینسانی نەتەوەكانی غەیرە فارس وەدی دێ. بەڵام سەقامگیركردنی دێمۆكراسی، تەناهی، ئارامی‌و ئاسایش لە ئێرانی فرەنەتەوەدا پێش هەموو شتێك پێوەندیی بە چارەسەری عادیلانەی كێشەی نەتەوەكانەوە هەیە. مێژووی نزیك بە سەد ساڵی ڕابردووی ئێران دەری خستوە كە، فاكتەری سەرەكیی شكست‌و بە ئاكام نەگەیشتنی بزوتنەوەگەلی دێمۆكراتیك‌و دێمۆكراسیخواز دەگەرێتەوە بۆ لەبەرچاو نەگرتنی تایبەتمەندیی فرەنەتەوەیی‌و فەرهەنگی ئێران. وەكی دیكە هەوڵدان بۆ دێمۆكراسیی بەبێ دابینكردنی مافی نەتەوەكان سەری هەڵداوە.

هەروەك لە سەرەتای قسەكانمدا ئاماژەم پێدا. نەتەوەگەلی غەیرە فارس دوو لە سێی حەشیمەتی ئێرانیان پێك هێناوە. جا بۆیە بێمانایە لە ولاتێك كە دوو لەسێی خەڵكەكەی لە مافەكانیان بێبەش كراون، وەك هاوولاتیی پلە دوو چاویان لێبكرێ‌و باسی دێمۆكراسی‌و مافی مرۆڤی تێدا بكرێ؟!

بەداخەوە ئەمڕۆكەش تاقمێك لە هێزە سیاسییەكانی ئێران، هەڵەكانی ڕابردوو دووپات دەكەنەوە. لە كاتێكدا بۆ داهاتووش هەر جۆرە هەوڵ‌و تەقەلایەك بۆ دێمۆكراتیزەكردنی ئێران، بەبێ چارەسەری سیاسیی كێشەی نەتەوەیی ناكام دەمێنێتەوەو، تەنیا "ئۆتۆپیایەك" دەمێنێتەوە. تەنانەت ڕەمزی مانەوەی ئێران بە شێوە هەنووكەیی لە گروی بە ڕەسمیی ناسینی شوناس‌و دابینكردنی ویست‌و داخوازییەكانی نەتەوەگەلی غەیرە فارس دایە؟

بەشداربووانی بەڕێز!

ئێران ولاتێكی گەورەو فرە دەوڵەمەندە. گرنگایەتیی جوغرافیایی‌و ئێستراتیژیكی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەوەی كە ئێران چ نەخش‌و رۆڵێك لە سیاسەتی جیهانیدا دەگێڕێ، ـ باش یان خراپ ـ بەستراوەتەوە بە سیستمی دەسەڵاتدارێتیی حاكم بەسەر ئەم ولاتەدا. ئێران لەژێر ئاڵای كۆماری ئیسلامیی ئیراندا، پێشێلكەری مافی مرۆڤە. خەڵكی ولاتەكەمان بە شێوەی سیستماتیك سەركوت دەكا، كەمینەگەلی مەزهەبی هەڵاواردوە، لە ناوچەگەلی غەیرە فارسدا دەست بە پاكتاوی نەژادی كراوە، سووكایەتی بە ڕەگەزی ژن دەكا، دەست لە كاروباری ولاتانی دراوسێ وەردەدا، یارمەتیی ماڵی‌و كوجێستكیی بە ڕێكخراوگەلی تیرۆریستی دەكا، هەڕەشەی لەناوبردنی ئیسرائیل‌و ولاتانی دیكە دەكا، كۆسپ‌و تەگەرە دەخاتە سەر ڕەوتی ئاشتی‌و ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناڤین، تیرۆریزمی دەوڵەتی لەسەرەوەی سیاسەتی ڕەسمیی خۆی داناوەو، پشتیوانی لە تیرۆریزمی نێودەوڵەی دەكاو سەرئەنجام وەك ڕێژیمێكی سەرەڕۆ بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەكی ناوكیی كەڵەوەكێشی دەكاو كۆمەڵگای جیهانیی خستۆتە تەنگژوە.

بۆ چارەسەریی ئەو كێشانەی باس كران، سیستمێكی دێموكراتیك لە ئێراندا، دەتوانێ كۆمەڵگا بەرەوپێشكەوتن بەرێ‌و باری شێرزی ئابوریی ولات باش بكا، ئارامی‌و سەقامگیریی سیاسی دەستەبەڕ بكاو، بۆ بەردەوام بوونی ئەمنییەت‌و ئاسایش‌و دێموكراسی لە ناوچەكەدا یارمەتیدەر بێ‌و سەرنجام وەك ئەندامێكی چالاكی كۆمەڵگای نێونەتەوەیی، یارمەتیدەری ئاسایش‌و تەناهی لە جیهاندا بێ. بەر لە كۆتاییدا دەمهەوێ ئاماژەیەكی كورت بە سیاسەتی یەكیەتیی ئورووپا لە هەمبەر ئێراندا بكەم. هەمان سیاسەتی ناسراو بە "دیالۆگی ڕەخنەگرانە یان دیالۆگی چارەساز".

بەداخەوە سیاسەتی یەكیەتیی ئورووپا لە ٢٦ ساڵی ڕابردوودا، كۆمەكێكی ئەوتۆی بە كرانەوەی كەشی ئێران‌و ئاڵوگۆری پوزەتیڤی لە ولاتەدا نەكرد. بەپێچەوانەوە، ئەم سیاسەتە تەنیا بوو بەهۆی بەهێزكردنی رێژیم. هەروەك ئەمڕۆكە دەبینین بۆتە مەترسییەكی واقعیی بۆسەر تەنایی جیهان.

رۆژئاوا نابێ زیاتر لەوە مەیدان بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بدا هەتا لە هەڵوێستی فەرمی وەكوو مۆری تەئید لە كردەوەو سیاسەتەكانی لەنێوخۆو دەرەوە، ئاڵۆزی‌و گرژی بجۆلقێنێ، هەروەها بەدووپات كردنەوەی سەركوت‌و ئازادی‌و مافی مرۆڤ لە نێوخۆدا كەڵكی خراپ وەربگرێ. درێژەدان بە سیاسەتی نەرمیكێشان لە بەرانبەر كۆماری ئیسلامیدا، دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی‌و نائومێدیی زیاتری خەڵك‌و هێزگەلی دێموكراتیك.

> **هیوادارم، مەسەلەی دێموكراسی‌و مافی مرۆڤ لەوە زیاتر نەكەوێتە ژێر باندۆری قازانج‌و بەرژەوەندییە سیاسی‌و ئابوورییەكان‌و، لە هەمبەر كێشەگەلی میللەتانی ژێر ستەم‌و ویست‌و داخوازییەكانیان بە شێوەی جیددی پشتیوانی بكەن.**

سەبارەت بە سیاسەتی رۆژئاوا لەمەڕ كاروباری مافی مرۆڤ و ئازادی‌و دێموكراسی لە ئێراندا نەرمیكێشی‌و پاشەكشێ لە هەمبەر هەڕەشەو تیرۆریزمدا، بە هەر هۆیەك بێ، جێگای پابەندی پرنسیپ‌و جیددی بوون لە سیاسەتدا بگرێتەوە، ئیرادەو متمانەی مرۆڤ بە رێگا چارە ئاشتیيانە ـ دێموكراتیكەكان تووشی لەرزۆكی دەبێ‌و پەنابردنە بەر زۆرو تێرۆرو دەبنە ئاوازگەلێك بۆ وەدیهێنانی ئامانج‌و ئەمەش قازانجی هیچ لایەكی لێ ناكەوێتەوە.

خانمان‌و ئاغایان!

لە پێناوی خەباتێكی كاریگەر دژی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی، دابینكردنی عەداڵەت‌و سەقامگیریی سیاسی‌و دابینكردنی مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی نێوەراستدا، بۆ باشتر بوونی ئاسایش‌و هێمنیی جیهان دەبێ ئێران دێموكراتیزە بكرێ. ئەمەش تەنیا ئەڵترناتیڤی كۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

یەكیەتیی ئورووپا دەتوانێ نەخشێكی كاریگەرو بەرچاوی لە دێموكراتیزە كردنی ئێراندا هەبێ. ولاتانی ئەندام بەداخەوە لە دارشتنی سیاسەت لەمەڕ ئێران زۆرجاران فاكتی فرەنەتەوە بوونی ئەم ولاتەیان لەبەرچاو نەگرتوەو لە هەمبەر سەركوتی درندانەوەو بێبەزەیی‌یانەی نەتەوەگەلی غەیرەفارس بێدەنگ بوون‌و چاو پۆشییان كردوە. بێگومان گۆڕینی‌ڕا لەسەر ئەم هەڵوێستەیان بە قازانجی خودی یەكیەتیی ئورووپایی‌یە، چوونكە بۆ هەمووان روونە كە بزوتنەوەی نەتەوایەتیی نەتەوەكان لە ئێراندا، رۆژ دەگەڵ رۆژ بەهێزو پەرەگرتووتر دەبێ‌و، لە شكڵی رێكخستنێكی رێك‌وپێكتردا خۆ دەنوێنێ. ئەم راستییە بێگومان لە داهاتووی ئێراندا رۆڵێكی چارەنووس‌ساز دەگێڕێ. ئەم هەلومەرج‌و گۆرانكاریە سیاسی‌و كۆمەلایەتییانەی چەند مانگی ڕابردوو لە ئێراندا، دارشتنی سیاسەتێكی نوێ لە لایەن یەكیەتیی ئورووپاوە لەمەڕ كۆماری ئیسلامی دەخوازێ. سیاسەتێك كە لەودا، هیوادارم، مەسەلەی دێموكراسی‌و مافی مرۆڤ لەوە زیاتر نەكەوێتە ژێر باندۆری قازانج‌و بەرژەوەندییە سیاسی‌و ئابوورییەكان‌و، لە هەمبەر كێشەگەلی میللەتانی ژێر ستەم‌و ویست‌و داخوازییەكانیان بە شێوەی جیددی پشتیوانی بكەن.

**زۆر سوپاس گوێتان لە قسەكانم گرت.**

# تاران:

# کۆڕی بیرئانینی مەستوورەی کوردستانی بەڕێوەچوو

PNAمەنسوور جیهانی/ تاران ـ کۆڕی بیرئانینی ماە شەرەف خانم ئەردەلان (مەستوورەی کوردستانی) ـ بە مەبەستی ڕێزگرتن لە پلەو پایەی زانستی و ئەدەبیی ئەم شاعیرە و مێژوونووسە گەورەیەی کورد، لەلایەن ئەنجومەنی بەرهەمەکان و بلیمەتەکانی فەرهەنگیی ئێران لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەو ئەنجومەنە لە تاران بە بەشداری جەماوەرێکی بەرچاو بەڕێوەچوو.

لەم کۆڕەدا کە ٢ کاتژمێری خایاند لەلایەن د. مێهدی موحەقیق ـ سەرۆکی ئەنجومەنی بەرهەمەکان و بلیمەتەکانی ئێران، د. شەوکەت بامەڕنی ـ سەرۆکی نووسینگەی پارتی دیموکراتی باشووری کوردستان لە ئێران، د. محەمەد کەڵەوڕ ـ مامۆستای زانکۆ، سارا ئەردەلان ـ نووسەر، د. ئەسعەد ئەردەلان ـ سەرۆکی لێژنەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی کوردانی دانیشتووی تاران، محەمەد کەمانگەر ـ نووسەرو ڕۆژنامەنووس، محەمەد رەئوف تەوەکولی ـ نووسەرو توێژەر و ئەندازیار بەهائەدین ئەدەب ـ نوێنەری شاری سنە لە خولەکانی٥و٦ی پارلمانی ئێران چەندین وتارو ئاخاوتن و بابەتی زانستیی لە سەر کەسایەتی و پێگەی مەستوورە پێشکەشکرا.

سەبارەت بەم کۆڕە د. مێهدی موحەقیق لە لێدوانێکی تایبەت بۆ پەیامنێر گوتی: ئەمە ٧٤مین کۆڕە بۆ کەسایەتییەکانی زانست و ئەدەب بەڕێوەی دەبەین، تا ئەو کەسانە کە مایەی شانازیمانن لە بیریان نەکەین و ڕوخساریان تازە و جوان ڕابگرین، ئەوەی نوێش بیانکەنە سەرمەشق. پێشتریش بۆ مامۆستایان هەژار و عەبدولحەمید بەدیعولزەمانی و ئەحمەد تورجانی زادە و د. ئیبراهیم یونسی کۆڕی ڕێزلێنان و پێزانینمان سازکردوە.

هەروەها گوتی: مەستوورەی کوردستانی لە نێو خانمەکاندا هەڵکەوتووە و بەرهەم گەلێکی باشی لە بواری شیعر و مێژوو لە دوای خۆی بە جێهێشتووە. هەروهەا د. محەمەد کەڵەور مامۆستای زانکۆی شاری رەی تاران بە پەیامنێری راگەیاند: مەستوورە لە نێو خەڵکی کوردستان و ئێران و مێژوونووساندا گەوهەرێکی بێ وێنەیە، بە راشکاوی دەتوانین بڵێین مەستوورە یەکەم ژنی مێژوونووسە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها لە ئاستی جیهاندا.




سەبارەت بە پوختەی وتارەکەشی گوتی: وتارەکەم لە ٣ بەش پێکهاتووە، یەکەم (ئەنگێزەکانی نووسینی مێژووی ئەردەلانە، بە چاوخشاندنێکی مێژوویی)، دووهەم (ڕوانگەی مەستوورە بۆ کۆمەڵگای کوردەکانی دانیشتووی شارو لادێ) و بەشی سێیەمیش (ڕوانگەی مەستوورەیە لەمەڕ ژنانی کورد).

هەروەها د. ئەسعەد ئەردەلان سەرۆکی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی کوردانی دانیشتووی تاران لەمەڕ وتارەکەی بە پەیامنێری گوت: لێکۆڵینەوەکەم دەربارەی سیاسەتی وڵاتانی زلهێزی ئەو کاتی ئورووپاوە وەکوو ئینگلتەرا و فەرەنسا و یەکێتی سۆڤییەتە کە دەیانویست دەست بگرن بەسەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەر ئەمەش کاریگەریی دەبێ لەسەر بنەماڵەی ئەردەلان و ژیانی مەستوورە خانم کە ئاوارە دەبێ و لە شار دەچێتە دەرێ و بەرەو سلێمانی کۆچ دەکات.

هەروەها محەمەد کەمانگەر نووسەرو ڕۆژنامەنووس سەبارەت بە کەسایەتی مەستوورە لە لێدوانێکدا بۆ پەیامنێر گوتی: مەستوورەمان چاك نەناسیوە، لە ڕاستییدا مەستوورە کاتی خۆی ژنێکی زۆر ئازاو دلێر و لێهاتوو بووە و هەنگاوێکی هەرە بەرزی هەڵگرتووە. کارێك کە مەستوورە کردوویە دەتۆانم بڵێم ئەگەر بێ وێنە نەبێ بەراستی کەم وێنەیە.

هەروهەا گوتی: مەستوورە زیاتر لە٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا هاتۆتە دنیا، ئەویش لە شوێنێکی وەك سنە کە لەو کاتەدا ئیجازەی خوێندن بە ژن نەدەدرا، تەنانەت بە کارێکی خراپ و بە کردەوەیەکی دژ بە ئایینییان دەزانی کە کچان بچنە قوتابخانە و بخوێنن. ئەو کاتە بەختەوەرانە باوکی مەستوورە ئینسانێکی زۆر ڕۆشنبیر بووە، دەیەوێ کچەکەی زۆر بە چاکی پەروەردە بکا و مەستوورەش لێهاتوویی خۆی نیشان دەدا و لە تەمەنێکی زۆر کەمدا دەست بۆ پێنووس دەباو دەبێتە شاعیرێکی باش و لە کۆڕی شاعیران و ئەدیباندا بەشداری دەکات و شیعریان لەگەڵدا دەگۆڕێتەوە. پاشان بۆ بنەماڵەی ئەردەلان و بەشێك لە کوردستان مێژوو دەنووسێت، ئینجا لەسەر ئایین کتێبێك دەنووسێ کە ئێستاش ژن بۆی نیە خۆی لەو بوارە بگەێنێت. چوارەمین بەرهەمی مەستوورە (مجمع الادبا)یە کە ژیاننامەی شاعیرانە، بەداخەوە تا ئێستاش چاپ و بڵاو نەکراوەتەوە.

کەمانگەر دەربارەی ئەم کتێبە گوتی: (بابا مەردۆخ رۆحانی) لە کتێبی "مەشاهیری کورد"دا نووسیویەتی نوسخەیەك لە کتێبی "مجمع الادبا" لە کتێبخانەی بنەماڵەیەك لە سلێمانی هەیە. هیوادارم ئەم نوسخەیە چاپ بکرێت، بەتایبەت وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە بگەڕێ و ئەو کتێبەی مەستوورە بدۆزێتەوە و لە چاپی بدات و بیخاتە بەردەستی هەموان.



هەروەها محەمەد رەئووف تەوەکولی نووسەرو توێژەر دەربارەی مەستوورە بە پەیامنێری راگەیاند: لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مەستوورە یەکەم ژن بووە کە توانیویەتی لە سەر مێژوو کار بکاو مێژوو بنوسێت کە ئەوە بۆ کورد زۆر گرینگە، چون کورد زۆری نووسەر و ئەدیب بووە، بەڵام بەداخەوە نەعەرەبەکان و نە ئێرانییەکان باسیان لێنەکردوون. بۆ وێنە گەورەترین مێژووی ئیسلام کتێبی "ئەلکابیل"ە کە ئەویش (ئیبنی ئەسیر)ی کورد نووسیویەتی. زۆریەك لە گەورە پیاوان ونووسەران ومێژوونووسانی ئێمە بەوە ناسێندراون کە عەرەبن، بەم شێوەیە مێژووی ئێمەیان شێواندووە، بۆیە ئێمە دەبێت لەسەر مێژووی خۆمان باس و لێکۆڵینەوە بکەین.

لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: بۆ وێنە حوکمرانەکانی ئەردەڵان هەرکات قەڵایەك، یان شارێکیان بیناکردووە لە پێش هەموو شتێکدا قوتابخانە و حەمام و مزگەوتیان تێدا دروستکردووە. ئەمە نیشاندەدات کورد خاوەنی بیروڕای فەرهەنگی و ئایینی بووە.

شایانی باسە ساڵی٢٠٠٥ بە چاودێری و ئامادەبوونی سەرۆکی حکوومەت و ژمارەیەك ڕۆشنبیر و هونەرمەند و نووسەرانی کوردستان فیستیڤاڵی بیرئانینی٢٠٠ ساڵەی لە دایکبوونی مەستوورەی کوردستانی لە هەولێری پایەتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو. لە دەسپێکی ئەم فیستیڤاڵەدا لە پارکی شەهید سامی عەبدولرەحمان پەیکەری مەستوورەخانم لەلایەن ڕێزدار" نێچیرڤان بارزانی" پەردەی لە سەر لادرا. هەربەم بۆنەیەوە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ١١ کتێبی لەسەر پێگەو کەسایەتی و بەرهەمەکانی مەستوورەی ئەردەڵان چاپ و بڵاوکردەوە.

هەرلەم ڕۆژانەش لە شاری سنە بینایەك بۆ یادی مەستوورەی کوردستانی لە نزیك عەمارەتی خەسرەوئاوا شوێنی ژیانی ئەو، لە زەوییەك بەرووبەری ٩٠ مەتری چوارگۆشە سازکرا کە بەشێوەی چەندین کۆڵەکەی چیمەنتۆی کەوانی لە نێو یەکدایە و بەچوار کەوانی باریکتر لەوان دەوریگیراوە و سومبولێکە لە ساڵانی تەمەنی مەستوورە.

جێی ئاماژەیە مەستوورەی کوردستانی ساڵی١٨٠٥ لە بینای حکوومەتی ئەردەڵانەکان لە شاری سنە چاوی بە دنیا هەڵهێناو ساڵی١٨٤٨ لە تەمەنی ٤٣ ساڵی بەهۆی نەخۆشی، دڵی لە لێدان کەوت و لە گۆرستانی گردی سەیوان نزیك شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.

# دزی بە شێوەی ئاخوندی، لەژێر ناوی پەروەردەو فێرکردندا

ماوەی شەش ساڵە لە ناوچە کوردنشینو سونینشینەکان دا قوتابخانەگەلێکیان بەناوی "رستگاران" دامەزراندوە. مەبەست لە دامەزراندنی ئەم قوتابخانانە پەروەردەوفێرکردنی منداڵانی فارس زمانو شیعە مەزهەبە تا نەکەونە ژێر شوێنەواری مامۆستا کوردەکان.

ئەم قوتابخانانە لەلایەن ئەو ئاخوندانەوە سەرپەرستی دەکرێن کە راستەوخۆ لە قۆمەوە نێردراونو تێچووشیان هەر لەوێوە دابین دەکرێ.

لەماوەی شەش ساڵی رابردوودا دوو ئاخوند بە ناوەکانی فولادی لە ساڵی ١٣٧٩ تا ١٣٨٣و ئیمانی لە ساڵی ١٣٨٣ تا ١٣٨٥ سەرپەرستیی قوتابخانەی رەستگارانیان لە مەریوان دا لەئەستۆ بووە. ئەم دوو ئاخوندە لەم ماوەیەدا کاریان تەنیا دزیو بەتاڵان بردنی تێچووی دابین کراوی قوتابخانەکە بووە بە شێوەیەك کە لەم دواییانەدا دەرکەوتووە ئاخوند فولادی لەکاتی گەڕانەوەدا بۆ قۆم نزیکەی ٧٠ میلیۆن تمەنو ئاخوند ئیمانیش بە دەیان میلیۆن تمەنی لەگەڵ خۆیدا بردووە.

شایانی باسە بنەماڵەی قوتابییان تەنانەت ئەو بنەماڵە نیزامییانەش کە لە پادگانی مەریوان دا نیشتەجێن پاش ئاگاداربوون لەم دوخە منداڵەکانیان لە قوتابخانەی "رستگاران" هێناوەتە دەرەوەو گەڕاندونیانەتەوە بۆ قوتابخانە ئاساییەکان. ئەم بنەماڵانە رایانگەیاندوە کە "حاج ئاغا" نە تەنیا بەو پووڵو پارەیەی کە لە قۆمەوە پێی دەگەیشت تێر نەدەبوو بەڵکوو بۆ ناونووسیکردنی هەرکام لە قوتابییان داوای ١٥٠هەزار تمەنی لێیان کردوە.

جێی باسە کە تەنانەت مووچەی ئەو مامۆستایانەش کە لەم قوتابخانەیەدا کاریان دەکرد لەلایەن "حاج ئاغا"وە دزراوە.

# راپۆرتی کۆنفرانسی

# یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لقی نۆروێژ

رێکەوتی ٣٠ی سێپتامبری ٢٠٠٦ لە شاری ئۆسلۆ، پایتەختی نۆروێژ یەکەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لقی نۆروێژ بە بەشداریی خوێندکارانی کوردی دانیشتوی وڵاتی نورویژ پێك هات. کۆنفڕانسەکە بە سروودی ئەی رەقیبو پاشان دەقەیەك بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان بەم جۆرە دەستی پێکرد:

١ـ پەیامی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لقی نورویژ لە لایەن بەڕێز سەیران مەعروفی.

٢ـ پەیامی کاك کەریم پەرویزی، بەرپرسی گشتیی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە نێو حیزبی دیموکراتەوە لە لایەن بەڕێز سەیران ئەحمەدییەوە خوێندرایەوە.

٣ــ پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ نورویژ لە لایەن بەڕێز قادر ئەلیاسی.

٤ــ دواتریش راپۆرتی کومیتەی کاتیی یەکیەتیی خوێندکارانی کوردستانی ئێران لقی نۆروێژ لە لایەن کاك یاسین ئازەری پێشکەش کراو لە لایەن بەشداربوانەوە باسی لەسەر کرا.

٥ــ پێشکەش کردنی وتارێك لە لایەن بەڕێز فەرزاد میران لەسەر زەرووڕەتی پێکهاتنی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی نۆروێژ، هەر بەدوای ئەم وتارەدا بەشدار بووانی ئەم کونفرانسەش بە پێشنیار و بیرو بۆچوونی خۆیان بەشدارییان لە باسەکەدا کرد.



٦ــ دوای پشووی نان خواردن کۆنفرانس دەستی بەکارەکانی خۆی کردەوە کە لەم بەشەدا باسو لێکۆلینەوە لە نێوان خوێندکارانی بەشدار بوو لەسەر بەرنامەو پێڕەوی نێو خۆی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی نۆروێژو پاشانیش پەسەند کردنی بەرنامەو ئەساسنامەی بەردەوام بوو.

٧ـ لەبەشی کۆتایی کۆنفرانسەکەدا هەڵبژاردنی کۆمیتەی گشتیی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لقی نۆروێژ دەستی پێکرد کە ئەم بەڕێزانە هەڵبژێران:

- دارا میران
- ئەنوەر ئازەری
- گەزیزە سەید ئەحمەدی
- سەیران مەعرووفی
- یاسین ئازەری

هەروەها ئەم بەڕێزانەش وەکو جێگری کۆمیتە هەڵبژێردران:

- مادێح ئەحمەدی
- ئەسعەد فەتاحی

کۆنفڕانسەکە سەعات ٢١:٣٠ی ئێوارە بە پێشکەش کردنی پلانو بەرنامەی تازە بەدەستەی بەڕێوەبەرایەتیی نوێ سەرکەوتووانە کۆتایی پێهات.

# راپۆرتێك لەسەر پێشێلكارییەكانی مافی مرۆڤ لە كوردستانی ئێران لە چەند مانگی رابردوودا

حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران (نوێنەرایەتیی دەرەوەی وڵات)

رێژەیەكی بەرچاو لە چالاكانی بەندكراو لە ئێران دا

لە مانگی ژوڵای ساڵی ٢٠٠٥ەوە زیاتر لە ٤٠٠ كورد لە سێدارە دراون، كوژراون، زیندانی كراونو یان بەزۆر جەریمە كراون، جگە لەوەیش زیاتر لە ١٧٠٠ كەس بەهۆی بەشداری لە خۆپیشاندانەكان دا دەستگیركراونو سزای جۆراوجۆریان بەسەردا سەپێنراوە.

رێژەیەك لە چالاكانی كوردو خەڵكی بێتاوان لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا لەلایەن هێزەكانی ئاسایشی كۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەسگیركراون. كۆماری ئیسلامی ئیددیعا دەكات كە گیراوەكان پێوەندییان لەگەڵ گرووپە سیاسییە كوردەكانی كوردستانی ئێران هەیە.

لەسەردەمی هاتنە سەركاری "مەحموود ئەحمەدینژاد"وەك سەركۆماری ئێران، بارودۆخی كوردستانی ئێران گۆڕدراوەو میلیشیاكانو "پلیس مخفی" رۆڵ دەگێڕنو چالاكانی سیاسیو مەدەنی دەگرنو تەقە لە خەڵكی بێتاوان دەكەن.

توندوتیژی بەردەوام بە دژی مافی مرۆڤ لە كوردستانی ئێران ئاكامی كردەوەی چەند ئەفسەرێك نیە، بەڵكوو ئەوە ئاكامی شێوازو سیاسەتی بەبەرنامەی كۆماری ئیسلامیی ئێران بە دژی نەتەوەی كوردو خەڵكی ئێرانە.

حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە كۆمەڵگای نێونەتەوەیی، نەتەوەیەكگرتووەكان، یەكیەتیی ئورووپا، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئامریكاو رێكخراوەكانی مافی مرۆڤ داوا دەكات كە سەرنجێكی تایبەت بدەنە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە كوردستانی ئێرانو جیاوازیی ئابووریو سیاسیو دەستدرێژی نیزامی بە دژی گەلی كورد لە ئێران دا.

مەحكووم نەكردنی شەڕخوازیی بێكۆتایی رێژیمی ئێران هیوادارییی نەتەوەی كوردی سەبارەت بە كۆمەڵگای نێونەتەوەیی زۆر كەم كردۆتەوە.

ناوی بەشێك لە تاوانباركراون لە ماوەی دوو حەوتووی رابردوودا كە سەرپۆش بەسەرنوەكانیاندا نەكراوەو لەقاودراون.

| ناو | شار | تاوانەكان لە روانگەی كۆماری ئیسلامییەوە | سزا |
|---|---|---|---|
| جاسم دیانەت | مەهاباد | پشتیوانی لە حیزبی دێموكرات | ساڵێك زیندانو دوورخستنەوە (تەبعید) بۆ هەشتروود |
| ئەمیر عومەربیل | مەهاباد | پشتیوانی لە حیزبی دێموكرات | ساڵێك زیندانو دوورخستنەوە (تەبعید) بۆ هەشتروود |
| عەبدولڕەحمان جەهانجوی | مەهاباد | پشتیوانی لە حیزبی دێموكرات | ساڵێك زیندانو دوورخستنەوە (تەبعید) بۆ هەشتروود |
| رزگار بلكامە | مەهاباد | پشتیوانی لە حیزبی دێموكرات | ساڵێك زیندانو دوورخستنەوە (تەبعید) بۆ شەبستەر |
| مەنسوور عومەربیل | مەهاباد | پشتیوانی لە حیزبی دێموكرات | ساڵێك زیندانو دوورخستنەوە (تەبعید) بۆ شەبستەر |
| محەممەد شەریفی | قوروە | چالاكی بە دژی ئاسایشی گشتی (امنیت ملی)و بەشداری لە خۆپیشاندان | ٤ مانگ زیندان |
| تاڵیب میرزایی | قوروە | چالاكی بە دژی ئاسایشی گشتی (امنیت ملی)و بەشداری لە خۆپیشاندان | ٤ مانگ زیندان |
| میخاییل ئەمینی | قوروە | چالاكی بە دژی ئاسایشی گشتی (امنیت ملی)و بەشداری لە خۆپیشاندان | ٤ مانگ زیندان |
| حەبیبوڵڵا محەممەدی | دێگولان | چالاكی بە دژی ئاسایشی گشتی (امنیت ملی)و بەشداری لە خۆپیشاندان | ٤ مانگ زیندان |
| عەلی تەهماسبی | دێگولان | چالاكی بە دژی ئاسایشی گشتی (امنیت ملی)و بەشداری لە خۆپیشاندان | ٤ مانگ زیندان |
| شەمسوڵڵا مەنسووری | دێگولان | چالاكی بە دژی ئاسایشی گشتی (امنیت ملی)و بەشداری لە خۆپیشاندان | ٤ مانگ زیندان |
| مەسعوود ئەمیری | دێگولان | چالاكی بە دژی ئاسایشی گشتی (امنیت ملی)و بەشداری لە خۆپیشاندان | ٤ مانگ زیندان |
| هوشەنگ بەهمەنی | دێگولان | چالاكی بە دژی ئاسایشی گشتی (امنیت ملی)و بەشداری لە خۆپیشاندان | ٤ مانگ زیندان |
| فەرەیدوون مەفاخری | دێگولان | چالاكی بە دژی ئاسایشی گشتی (امنیت ملی)و بەشداری لە خۆپیشاندان | ٤ مانگ زیندان |
| حەسەن مەفاخری | دێگولان | چالاكی بە دژی ئاسایشی گشتی (امنیت ملی)و بەشداری لە خۆپیشاندان | ٤ مانگ زیندان |

# بەشداریی هەیئەتێكی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە كۆنگرەی حیزبی سۆسیال دێموكراتی وڵاتی سویس

رۆژانی شەممۆ و یەك شەممۆی رابردوو، رێكەوتی ١٦ و ١٧ی ٢٠٠٦,٩.ی زایینی، كۆنگرەی ساڵانەی حیزبی سۆسیال دێموكراتی سویس لە شارۆچكەی "سوور زێ" سەر بە كانتۆنی " لوتزێن"، بە بەشداریی نێزك بە ٨٠٠ كەس بەڕێوەچوو.

لەسەر بانگهێشتنێكی فەرمیی حیزبی سۆسیال دێموكراتی وڵاتی سویس لە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، هەیئەتێكی ٣كەسیی بەشی پێوەندییەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بەشداریان لە كۆنگرەی ئەو حیزبەدا كرد. هەروەها هەیئەتێكی یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستانیش بەشدار بوون.

رۆژی یەكەمی كۆنگرە كە كاتژمێر ١١ی سەر لە بەیانی رۆژی ٢٠٠٦,٩,١٦ بەڕێوەچوو، پاش بەخێرهێنانی بەشداران و دەستەی نوێنەرایەتیی حیزب و لایەنە بیانییەكان و هەروەها پێشكەش كردن و خوێندنەوەی دەستووری كاری كۆنگرە، چەندین باس لە سەر چەمكی (گلۆبالیزاسیۆن ـ بە جیهانی بوون) لە لایەن پرۆفیسۆری ئاڵمانی، فرانس جۆزیف رادێرماخێرو، شیكردنەوەی لایەنە فرە رەهەندەكانی (سیاسی، ئابووری، كولتووری)و هەروەها شوێنەواری داهاتووی ئەم چەمكە لەسەر ئەم لایەنانە و زیادبوونی حەشیمەتی دنیا لە ساڵانی داهاتوودا، هەڵسەنگاندنی باسەكە ی ناوبراو لە لایەن بەشدارانەوە تەوەری یەكەمی بابەتە سیاسییەكان بوون. دواتر وەزعی سیاسی ئەمڕۆی جیهان، ئاڵۆزی و قەیرانەكانی و رێگا چارەكانی كەوتنە بەر باس و هەڵسەنگێندران.

هەر لەم بەشەی كاری كۆنگرەدا، بابەتەكانی وەك: ،ماڵیات و داهات و دارایی باسیان لێوەكرا و پێ لەسەر دادپەروەری كۆمەڵایەتی و ئابووری و كەم كردنەوەی مەسەلەی ماڵیات، باسیان داگیراو ریگا چارەی گونجاویان بۆ پێشنیار كرا. ئەم بەشە لە كاری كۆنگرە كاتژمێر ١٨ی سەر لە ئێوارە كۆتایی پێهات.

رۆژی دووەمی كارەكانی كۆنگرە كاتژمێر ٩ی سەر لە بەیانی ١٧ی سێپتامبر دەستی پێكرد كە لەو وێدا لە لایەن چەندین كەس لە ئەندامانی پارلمانی وڵاتی سویس ـ كە سەر بە حیزبی سۆسیال دێموكراتن ـ باس لە زیادكردنی داهاتی بنەماڵە، باری دارایی و داهاتی بانكەكانی سویس و شێوەی هاوكاری لە گەڵ وڵاتانی ئورووپای رۆژئاوایی كرا.

پاشان نۆرەگەیشتە خولی هەڵبژاردن كە لەم بەشەدا هانس یۆرگ فێهر بە زۆربەی دەنگ، جارێكی دیكە وەك سەرۆكی پارتی سۆسیال دێموكراتی سویس بە دوو جێگرەوە، هەڵبژێردرایەوە. هەر لەو پێوەندییەدا، چەند كەسێكی نوێ وەك ئەندامانی رێبەرایەتی و كۆمیتەی بەڕیوەبەری، هەڵبژێردران.

باسێكی دیكەی بابەتەكانی كۆنگرە تەرخان كرابوو بۆ هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٧ ، كە بڕیار وابوو بەڕێزان : مۆریتس لۆینبێرگێر سەرۆك كۆمار و خانمی میشلین كاڵمیرێ وەزیری دەروە كە سەر بە حیزبی سۆسیال دێموكراتن راستەوخۆ لە كۆنگرە، باسیان لێوە بكەن، كە دیارە سەرۆك كۆمار بە هۆی بەشداری لە كۆبوونەوەی رێكخراوی نەتەوە یەككگرتووەكان لە نیویۆرك، لە ریگای مانگی دەستكردەوە، باس و وتەكانی خۆی بە شیوەی زیندوو بۆ بەشدارانی كۆنگرە كردو، هەروەها وەزیری دەرەوە، كە ئەویش نەیتوانی راستەخۆ بەشدار بێت، بە ناردنی بابەتێكەی نووسراو بەشدار بوو. لە مەڕ ئەم بابەتەدا، بەڕێز هانس یۆرگ فێهر سەرۆكی پارتی سۆسیال دێموكراتو خانمی ئورسوولا ڤیس سەرۆكی فراكسیۆن و ئاغای پیر یەڤیس مایلارد، جێگری سەرۆكی پارتی سۆسیال دێموكرات لەسەر ئەم بابەتە دوان .

بەشێكی دیكەی باسەكانی كۆنگرە تەرخان كرابوون بۆ پێشكەش كردنی پەیامی حیزب و لایەنە بیانییەكان و پەسندكردنی چەندین بڕیارنامە لە پێوەندی لەگەڵ چەندین بابەتی جۆراوجۆر كە یەكێك لەو بڕیارنامانە تایبەت بوو بە گەلی كورد لە هەر چوارپارچەی كوردستان كە لە لایەن دەستەی رێبەرایەتی پارتی سۆسیال دێموكراتی سویس، بە شیوەی نووسراوە خرابووە بەردەم بەشدارانی كۆنگرەوە.

پاشان لە لایەن بەڕێز هانس یۆرگ فێهر، سەرۆكی پارتی سۆسیالیست، داوا لە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران كرا بۆ پێشكەش كردنی پەیامی حیزب و باس لەسەر ئەو بڕیارنامەیە بۆ بەشداران بدوێ بەرپرسی بەشی پێوەندییەكانی حیزب، بە نوێنەرایەتیی هەیئەتی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، پەیامی حیزبی خوێندەوە كە لەودا، پاش پیرۆزبایی كۆنگرەی حیزبی سۆسیال دێموكرات و، هیوادەربڕین بۆ سەركەوتنی كۆنگرەكەیان، ئاماژە بە مێژووی هاوكاری و هاوپێوەندیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لەگەڵ حیزبە سۆسیال دێموكراتەكان كرا و لەو پێوەندییەدا، رێكخراوی ئەنتێرناسیۆناڵی سۆسیالیستی وەك نموونە هێنایەوە. پاش باسكردنی تەمەنی پڕ لە زەبروزەنگی رێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێران لە دژی گەلانی ئێران بە گشتیی و گەلی كورد بە تایبەتی، بە كورتی باس لە مێژووی خەباتی حیزب لە ماوەی ٦١ساڵدا كرا و دواتر نوێنەری حیزب ١٤هەمین ساڵیادی تێرۆری كاك دوكتۆر سەعیدی هێنایە بەرباس و لەوپێوەندییەدا گوتی: " حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران ماوەی ٦١ ساڵە خەبات بۆ دێمۆكراسی لە ئێران و دەستەبەركردن و بەدەست هێنانی مافی چارەنوسی گەلی كورد لە كوردستانی ئێران دەكات و بزووتنەوەی ئازادیخوازنەی خەڵكی كورد لە كوردستانی ئێران لەم پێناوەدا، قوربانییەكی زۆری داوە و زۆر لە رێبەرە بە نرخەكانی خۆیی لە دەست داوە. بۆنموونە، راست ١٤ساڵ لەمەوبەر، واتا لە ١٧ی سێپتامبری ساڵی ١٩٩٢، دوكتۆر سادقی شەرەفكەندی سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران كە پاش تێرۆری دوكتۆر عەبدلڕەحمانی قاسملوو، بەرپرسایەتیی رێبەریی حیزبی كەوتە ئەستۆ، پاش تەواو بوونی كۆبوونەوەكانی رێكخراوی ئەنتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست لە بێرلینی ئاڵمان، سەر لە ئێوارەی هەمان رۆژ لەگەڵ دووكەس لە هاوڕێیانی كەوتنە بەر دەستڕێژی تیرۆریستەكانی رێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێران و شەهیدیان كردن. پاش ئەم كارەساتە، دادگای قەزایی ئەڵمان، پاش نێزیك بە ٥ساڵ لێكۆڵینەوە لەسەر پەروەندەی ئەو قەتڵە، سەر ئەنجام لە بڕیارێكی بوێرانەدا، قاتڵەكانی بە زیندان مەحكووم كرد و ئایەتوڵا خامنەیی، رێبەری كۆماری ئیسلامی، هاشمی رەفسەنجانی، سەرۆك كۆماری پێشووی رێژیم و هەروەها عەلی فەلاحییان، وەزیری ئیتلاعاتی ئەوكاتی، وەك داڕێژەرانی ئەسڵیی ئەو قەتڵە سیاسییە، بە تاوانبار ناسی.

پاشان نوێنەری حیزب داوای لە بەشدارانی كۆنگرە كرد، كە بەدانی دەنگی ئەرێنی، ئەو بڕیارنامەیەی كە لە لایەن حیزبەكەیانەوە بۆ پشتیوانی لە گەلی كورد لە هەر چوارپارچەی كوردستان ئامادە كراوە، پەسند بكەن كە خۆشبەختانە پاش پەیامی نوێنەری حیزب، بەشدارانی كۆنگرە بە تێكڕای دەنگ، بڕیارنامەكەیان پەسند كرد .

كورتەی بڕیارنامەكە بەم شێوەیەیە:

"ـ : سەرەڕای ئەو پێشكەوتنانەی كە گەلی كورد لە كوردستانی عێراق بەدەستی هێناوە، حیزبی سۆسیال دێموكراتی سویس، نیگەرانیی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلكارییەكانی مافی گەلی كورد لە بەشەكانی دیكەی كوردستان و ئاوڕنەدانەوە و سەرنج نەدانی ئەو وڵاتانەی كە بەسەر كوردان دا حوكم دەكەن، دەردەبڕێت.

ــ : حیزبی سۆسیال دێموكراتی سویس داوا لە حكومەتی توركیە دەكات كە رێز بۆ سەروەری و دەستەڵاتی عێراق دابنێ و لە شكەركێشی بۆ كوردستانی عێراق نەكات.

ـ : پارتی سۆسیال دێموكرات، لە سەركوتی بەربڵاوی كوردەكانی كوردستانی ئێران و كوشت و كوشتار و هەروەها قوربانییەكانیان و پێشێلكارییەكانی مافەكانی مرۆڤ لە كوردستانی ئێران، لە لایەن رێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە كە بەردەوام دووپات دەبێتەوە و درێژەی پێدەدرێ، نیگەرانیی خۆی دەردەبڕێت.

ـ : سەرەڕای چەند هەنگاونانێكی حكومەتی توركیە بە مەبەستی بوون بە ئەندام و ئەوی كە تا رادەیەك لەم پرۆسەیە نێزیك بۆتەوە، بەڵام پرسیاری سەرەكیی ئەمڕۆ ئەوەیە، كە كوردەكانی كوردستانی توركیە، لە بواری كولتووریەوە و بە تایبەت لە بواری زمانەوە، بە چاوی جیاوازەوە، لە لایەن حكومەتەوە، چویان لێدەكرێت. ئەوان هەتا ئەمڕۆش ملكەچی ئیرادەی هێزەكانی سوپا، پۆلیس و دامودەزگاكانی تۆڕی زانیاریی توركیەن.

ـ : نیگەرانییەكی دیكە تایبەت بە بارودۆخی كوردەكانی سووریەیە كە لە لایەن حكومەتەوە، بە چاوێكی جیاوازی تایبەتەوە، چاویان لێدەكرێت، تا ئەو رادەیەی كە بەشێكی زۆر و بەرچاو لە كوردەكانی ئەم بەشە، هەتا لە ناسنامەیان بێبەش كراون و وەك هاووڵاتی، نایان ناسن.

ــ : پارتی سۆاسیاڵ دێموكراتی سویس داوا لە دەوڵەتەكانی: توركیە، ئێران و سووریە دەكا كە لە سیستەمێكی فیدراڵی وەك وڵاتی عێراق، ئۆتۆنۆمی و مافی كوردەكان لە چوارچێوەی ئەو سیستەمە داواكراوەدا، دەستەبەر بكات و بیان پارێزێت. رێز لە مافەكانی مرۆڤ بگرن و لە سەرجەم ناوچە كوردنشینەكاندا، دەستی ئاشتی بۆ كوردەكان رابكێشن".

كۆنگرەی پارتی سۆسیال دێموكراتی سویس، كاتژمێر ٤:٣٠ی پاش نیوەڕۆ، كۆتایی بە كارەكانی خۆی هێنا.

جێگای ئاماژەیە لە ماوەی ٢رۆژ كارەكانی ئەم كۆنگرەیەدا، دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران ، لەگەڵ بەڕێز هانس یۆرگ فێهر، سەرۆكی پارتی سۆسیال دێموكرات، بەڕێز پیتێر هوگ، بەرپرسی پێوەندیە نێونەتەوەییەكانی ئەو حیزبە و چەند پارلمانتێرێك ، چاوپێكەوتن و دیداریان پێكهێنا.

شایانی باسە، تا ئەم چەند ساڵەی دوایی، پارتی سۆسیال دێموكراتی سویس، بەهێزترین پارتی دەستەڵاتداری نێو پارلمان بوو، ئێستاش سەرۆك كۆمار، سەرۆكی پارلمان و وەزیری دەروە، لە حیزبی سۆسیال دێموكراتی سویسن . نێزیك بە ٢ساڵ پێش ئێستا بە ئیبتكاری چەندین پارلمانتێری سەربەم حیزبە و بە هاوكاریی حیزبی سەوز و حیزبی لیبراڵ و هەروەها بە پشتیوانیی كۆمەڵەی داكۆكی لە گەلانی هەڕەشەلێكراوی سویس و بە پاڵپشتیی دەیان پارلمانتێری دیكەی سویسی و هێزە كوردستانییەكانی هەر چوار پارچەی كوردستان جێگیر لە سویس، گروپی پارلمانتێری كورد لە پارلمانی سویس بۆ داكۆكی كردن لە مافە سیاسیاسی و كولتورییەكانی گەلی كورد پێك هات.

*

# ئامانج و بنەماکانی سەرهەڵدانی فیمینیزم

و: شنۆمێهرپەروەر

بەشی دووەم

لەوەڕا کە پێکهاتەی ئایینیو مەزهەبی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان، ئیزنی چالاکی بە فمینیزم نادا، بزوتنەوەی فمینیزم بۆ مانەوەو درێژەدان بە چالاکییەکانی خۆی ناچارە، بڕواو خواستو داواکارییەکانی خۆی لە چوارچێوەی ئیسلامیدا بگونجێنێو بە زمانی ئایینی ڕاڤەیان بکا. ڕوانگەی ئەم بزوتنەوەیە بۆ ئایین ڕوانگەیەکی جیاوازو، ئایین بە جودا لە سیاسەت دەزانێو زۆر بە پارێزەوە باسی خوێندنەوەیەکی نوێ لە ئایین دەکەن. بیروباوەڕی ئەوان لە باسی بەرابەریی مافەکاندا یەکسانەو لەم پێوەندییەدا هەنگاو بۆ نەهێشتنی سنوورە ڕەگەزییەکان هەڵدەگرن. دیارە هەڵسەنگاندنی ڕوانگەی فمینیسمی ئیسلامی، وێڕای باسکردنی پێگەی ژن لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە، لەباری هاتنە سەر دنیاوە، جیاوازییەك لە نێوان ژنو پیاودا نابینێو هەردوو بە خاوەن ئیختیارو ئەرك وەخۆگرو بەرپرسیار دەزانێ کە بۆ کامڵ بوون دەبێ هەنگاو هەڵ بگرن. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ، گرینگترین مەبەستەکانی ئەم بزوتنەوە لەم پێوەندییەدا بۆ گەیشتن بە مافی وەك یەك، ڕەدکردنەوەی بەکەم زانینی ژنان، یەکسانیو بەرابەریی نێوان ژنو پیاو، خۆ بە زیاتر زانینی پیاو بەسەر ژنداو وەدەستهێنانی بەرابەرییو هەروەها لە دوایین بەشی ئەم وتارەش لە ڕوانگەی ڕێنوێنییەکانی ئیسلامەوە فمینیزم هەڵدەسەنگێنێ کە ئیسلام لەسەر بنەمای وەحی بونیادنراوە، بەڵام فمینیزم مرۆڤ دەکاتە سەرچاوەی شەرعو وەحی بە پێویست نازانێ. فمینیزم خوازیاری مافی وەك یەك لە نێوان ژنو پیاو لە هەموو کاروبارەکاندایەو خوازیاری کۆمەڵگایەکە لەودا ژنو پیاو، سەرووتر لە ڕەگەز، لە هەموو بەرپرسایەتییەکان، ڕۆڵی وەك یەك هەڵ بژێرن. فمینیزم تایبەتمەندییە ژنانەکان بە تایبەتمەدیگەلی باشترو بانتر دادەنێو ڕەگەزی نێرینە بە هۆی ژێردەستەیی ژن دەناسێنێ. لە حاڵێکدا کە لە ئیسلامدا، ژنو پیاو لەیەك ڕەگەزن، بەڵام لە بواری ئەركو مافدا جیاوازن، تایبەتمەندییە ژنانەو پیاوانەکان هیچ کام لەوی دیکە زیاتر نیەو ئیسلام نەهێشتنی زوڵمو ستەم لەسەر ژنان لە ڕێگای گۆڕانی ڕوانگەکان، شارەزایی ژنو پیاو بە مافەکانیانو کەسایەتیی یەکترو نوسینو کۆکردنەوەی بەرنامە ئەخلاقییەکان دەزانێ. ئێستاش لەسەرچاوەی جۆراوجۆرەوە چاوێك بە

گرینگترین ئامانجی بزوتنەوە فمینیستیەکاندا دەخشێنن.

گرینگترین ئامانجی بزووتنەوە فمینیستییەکان:

سەرەڕای ئەوەی کە فمینیزم بزوتنەوەیەکی فیکریی یەکدەست نیە، بەڵام هەموو فمینیستەکان تێدەکۆشن بیرۆکەیەك بدۆزنەوە تا لە ژێر تیشکیدا ژنان پێگەی خۆیان بدۆزنەوەو بۆ ڕزگاری خۆیان تێبکۆشن، لەو ڕووەوە کە لێکۆڵەرەوە فمینیستەکان خوازیاری کۆتایی هێنانی ستەمو چەوسانەوە لەسەر ژنانن، هاوڕان. تیئۆرییە فمینیستییەکان دەبێ بایەخگەلێك بێننە بەرباس کە لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە جێگای پەسند بن. تیئۆرییگەلێك کە لە ڕاستیدا یەکگرتوو بن، بەڵام هەموو بیرۆکە فمینیستییەکانی ئێستا لەسەر ئەوەی کە دەتوانێ چ شتێك بە بەڵگە بهێننەوە؟ دەبێ چ شتێك باس بکەیو شیی بکەیتەوە؟ و کام باسیو شیی کردنەوە ڕوون کەرەوەیە؟ بیروڕای جیاوازیان هەیە. بەو حاڵەشەوە دەتوانی فمینیزم بە بزوتنەوەیەك بۆ دەست ڕاگەیشتن بە مافەکانی ژنانو ئیدئۆلۆژییەك بۆ ئاڵو گۆڕی کۆمەڵگا دابنێیو مەبەستو ئامانجیشی لابردنی هەموو جۆرە جیاوازی دانانو هەڵاواردنێکی ڕەگەزییو چینایەتییە لەسەر ژن، فمینیزم لە قۆناخی هزرو گەڵاڵە کردنی بەرنامەدا بۆ ئەو ئامانجانەی تێ دەکۆشێ:

**١ـ هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی مافی وەك یەك لەگەڵ پیاوان.**

یەکەمین نارەزایەتییەکانی کۆمەڵگای ژنانی کرێکار، لە کارگەی چنینو ڕستنی نیویۆرك لە هەلومەرجێکی نالەباری کاردا لە ڕێکەوتی ٨ی مارسی ساڵی ١٨٥٧ی زایینیدا بە شێوەی بزووتنەوەیەکی فەرهەنگیو کولتووری دەستی پێکردو خوازیاری حەقدەستو مووچەی وەك یەكو یەکسان لە گەڵ پیاوان بوو. ئەوان یەکسان بوونی مووچەی حەقدەستی ژنو پیاویان وەك هێمای بەرابەری دوو ڕەگەز دەناسی. لە شەپۆلی یەکەمدا ژنان لەسەر ئەوبڕوایە بوون کە دەتوانن لە چوارچێوەی کۆمەڵگای ئێستا دا، پێگەی خۆیان باشتر بکەن، دروشمەکانیان ڕزگارییو وەدەستهێنانی مافی وەك یەك و یەکسان لەگەڵ پیاوان بوو.



حاڵەتی گشتیی باسەکە پێوەندی بە مافی ئابووریی ژن لە کۆمەڵگا دا هەیە، بە تایبەتی وێڕای ئەو هەمووە بەربەستە توندە ئابووریو کۆمەڵایەتییانەی کە بنچیان لە دڵی مێژوودا داکوتاوە. ئەگەر، بە درێژایی سەدەکان دەسەڵاتداران، مافی خاوەندارییەتییان بۆ ژنانیان لەبەرچاو نەدەگرتو پاش پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، ژنیان بە گوێڕایەڵو خزمەتکارو پیاوانیش بە خاوەندارو فەرمانڕەوای ئەو دەزانی، فمینیزم لەم ڕوانگەوە نارەزایەتیو هاوارێکە بەم هەموو نابەرامبەریو نایەکسانیە، بە تایبەتی بەو نادادپەروەرییە ئابوورییانەو ئەو هەڵاواردنە ئابوورییانەی لەمەڕ ژنان کە ڕەگو ڕیشەیەکی قووڵیان هەیە. کە تەنانەت پاش نارەزایەتیی بەربڵاوی ژنان لە سەدەکانی ڕابردووەوە تا ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتاندا، بیرۆکەی بەرامبەریی حەقدەستو مووچەی ژنو پیاو هێشتا وەدی نەهاتوە.

**٢ـ هەوڵدان بۆ ڕەتکردنەوەی بەکەم گرتنی ژنان.**

لە ڕابردوویەکی کۆندا بە هۆی ڕێگرتن لە خوێندنی ژنان و بارهێنان لە هاوکێشە ئابوورییەکانو پۆلێن بەندی بایەخە کۆمەڵایەتییەکان، ژن بە بوونەوەرێکی ژێر دەستە دەژمێردرا. لە زۆربەی نموونەکاندا، سەرچاوەی مافەکانی ژنان شێوە ڕوانگەیەك بوو کە ژنی بە ڕەگەزی دووەم دادەنا.

لە ئایینی زەردەشتی دا، ژنێك کە منداڵەکەی بە مردوویی لە دایك بایە، نەدەبوا تا سێ شەو ڕۆژان دەستی بۆ هیچ شتێك ببردبایەو لە پاش ئەوەش دەبوایە بە میزی مانگا خۆی شوستباو بڕێك لەوەشی خواردباوا، تا خاوێن بایەوە.

لە ئایینی یەهوودییش پەیکەرەی حەوایان بە سەرچاوەی هەموو دەردە بێدەرمانەکانو خەمو خەفەتە دڵتەزێنەکانی مرۆڤایەتی دەناساندو لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ژن لە لای خودا، کەساسو داماو، لە خولقانەوە ناتەواوو لە پاداشیشدا زیانکارو زەرەرمەندە، و لە سوننەتو دابونەریتی عەشیرەتدا، ژن گوێ لە مستێکی بێ دەسەڵاتە، لە ئاست مێردەکەیدا. هەڵبژاردنی هاوسەر بۆ ژیانی هاوبەش بە دەست باوكو دایکی کچە بوو، و تەڵاقو جیابوونەوەش تەنیا لە ڕووی مەیلو پێخۆشبوونی پیاوەوە بەڕێوە دەچوو. لە ئایینی مەسیحییەتدا تەنیا مریەمیان بە مرۆڤێکی خاوەن ڕوحی هەمیشەییو هەتاهەتایی دەزانیو ژنانی دیکەیان لە نێوان مرۆڤ و چوارپێ دادەنا. قەشەکان لە کۆمەڵگای ئایینی فەڕانسە لە ساڵی ٥٨٦ی زایینیدا پاش باسێکی زۆر سەبارەت بە ماهییەتی ژن، گوتیان ژن مرۆڤە، بەڵام بۆ خزمەت کردن بە پیاو خولقاوەو لە دایك بوو. ژن لە باوكو مێرد میراتی پێنادرێو تەنیا بۆ زاوزێو پەروەردەو گەورەکردنی منداڵو ئیدارەی ماڵ بەکەڵکە. لە زۆربەی ناوچەکانی ئەفریقادا، زکوزاکردن، چنینی حەسیر، چاندنی گیاو ئاوداشتنی زەوی لەو ئەرکەکانی سەرشانیانی ژنانن. زیاتر منداڵان بە قسەکانی دایك گرنگی نادەنو بۆ بچوکترین مەسەلە تەنانەت شەقەزللەش لە دایکیان دەدەن، سەیرو سەمەرەتر لە هەمووان ئەوەیە کە ژن بۆ خۆی ئەم باودۆخە بە شتێکی ئاساییو دادپەروەرانە دەزانێ.

**٣ـ پێداگری لە سەر نەبوونی یەکسانییو بەرامبەریی نێوان ژنو پیاو.**

یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی فمینیزم، لە ئەسڵی باڵا دەست نەبوونی پیاو بەسەر ژندایە کە لەچاو ئامانجەکانی دیکەی فمینیزم ڕوانینێکی مەنتیقیترە، چونکە لەسەر بەرابەریو یەکسانیی نێوان ژنو پیاو هاوڕانو بەلانیکەمەوە لە ڕوانگەی ئاناتۆمییەوە ژنو پیاو بە جیاواز دادەنێ. ئەم ڕوانینە یان کاریگەری لە ڕوانگەکانی پاش مودێرن هەیە کە لەسەر ئەو بڕوایەن لە شوناسی ژناندا، چ لە ڕوانگەی ژیانو چ لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیشەوە، توانایی پۆزەتیڤو باشی هەیە کە ڕۆڵی دایك، توانایی بارهێنانو بەرپرسایەتی ژنان دەباتە سەرێو لەم ڕوەشەوە ئەوان بەگشتی حاشا لە سیستمی بنەماڵە دەکەن. بەڵام لە هەمان کاتدا داوای ڕۆڵی یەکسانی ژنو پیاو لە ئەركو بەرپرسایەتییەکانی بنەماڵەو کۆمەڵایەتیدا دەکەن.

**٥ـ هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی مافی یەکسانی:**

بیرچەوتیو ڕوانگەی زاڵمانەو چەوسێنەرانەی هێندێك لە سیاسەتمەداران بۆتە هۆی ئەوەی کە پێشێلکرانی مافە ڕەواکانی ژنانیو چەسپاندنی بێ بەشییەکانیان شێوەیەکی قانوونی بە خۆیەوە بگرێ. ئەو پەڕی ئەم هەڵاواردنە لە مەسەلەکانی بنەماڵەدا وەك پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی، جیابوونەوەو بژێو. خۆی دەردەخاو هەر بۆیە کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی ژنان بەو شێوەیەی کە باوە، پێشینەیەکە دوورو درێژی هەیە، واتە لە کاتی دەرکەوتنی سیمۆن دۆبوارو گەڵاڵەی بیرۆکەی یەکسانیی ژنو پیاو کە لە چوارچێوەی ڕێبازی فەلسەفیی ئیگزیستانسیالیزمدا هاتە بەرباس. داوای یارمەتیی توێکاری زانستیو فیزیۆلۆژیك بۆ سەلماندنی بەرابەریی دوو ڕەگەز کرا. دەتوانین گرینگترین داخوازییەکانی ئەم ڕوانگەیە لە ٨ داوادا باس بکەین.

١ـ مافی دەنگدانی ژنان،

٢ ـ نەهێشتنی لەشفرۆشی

٣ـ بەفەرمی ناسینی مافەکانی ئەو منداڵانەی کە تەنیا باوك یان دایکیان هەیە

٤ـ ئازادی لەبار بردنی کۆرپەڵە

٥ـ مافی هەبوونی منداڵ لە پیاوی دڵخوازی خۆیان

٦ـ بە فەرمی ناسینی ئازادی چێژ وەرگرتنی جنسی

٧ـ ماقی بەقەشە بوونی

٨ـ بەفەرمی ناسینی Homosexual(هم جنس گرایی) هۆمۆسێکشواڵ

لەوەی ڕا کە هێندێك لە داخوازییەکانیان لەگەڵ ئایینە ئاسمانییەکانو سیستمی بنەماڵە دژایەتیان هەبوو. هەر بۆیە لەسەرەتاوە خواستو داواکارییەکانیان لەگەڵ نارەزایەتییەکی زۆردا، بەرەو ڕوو بوو.

# لە قامووسی فیمینیزمدا

وەرگێڕانی: ب.هانا

(٢٠)

**دوورەگەزێتی** Androgyny

وشەیەکی یونانییە لە دوو وشەی andro (پیاو)و gyn ی(ژن) پێك هاتوەو، بە واتای تێکەڵاوێکی دەروونیو جەستەیی تایبەتمەندییە پیاوانەو ژنانەکانە. دەبێ لە نێوان ئەم زاراوەیەو "نە نێر نە مێ" کە زۆرتر حاڵەتێکی فیزیکییە، جیاوازی دابنرێت.

ئاندروژێنی مێژوویەکی درێژی هەیە. زۆر لە ئایینە هیندو ئوروپاییەکان، ژنو پیاو لە بوونەوەرێکی سەرەتایی دوو ڕەگەزیدا، ئامێتە دەکەن.

یەکەمین بیردۆزە فیمینیستییەکان لە بارەی دوو ڕەگەزێتییەوە، سەرمەشقێکی دوورەگەیان ناساندوە. بۆ نموونە ئێلیزابێت کادی ستانتۆن لە "کتێبی پیرۆزی ژنان" ( ٨ ـ ١٨٩٥)دا، مرۆڤی نیشتەجێی بەهەشتی بە دوورەگەز داناوە. ویرجینیا وۆڵف لە "ژوورێکی تایبەت بە خۆت"دا، دوورەگەزێتی بە پاشکۆیەك دەزانێ کە ئادەمزادەکان دەنتوانن شوێنی خۆیانی بێوەبەرچاوگرتنی مێژوو یا نەریت، تێدا هەڵبژێرن. فیمینیزمی شەپۆلی دووهەم لەسەر ئەم بڕوایەیە کە ئاندرۆژێنی دەتوانێ کەسایەتییەکی یەك ڕەگەزیی نوێ بخاتە ڕوو. کارولین هیلبران ئاماژە بە بوونی نەریتێکی درێژخایەنی دوورەگەزێتی لە ئەدەبیاتو ئوستورەناسیدا دەکا کە دەکرێ بۆ گەڕاندنەوەی دووانە هاوچەرخەکان بۆ جێگای خۆیان، کەلکی لێوەربگیرێت (Heilbrun,1973).



لە دەروونناسیی فیمینیستیدا، ساندرا بێم تاقیکارییەکی بە ناوی "سەرچاوەی ڕۆڵی جینسی" ئامادە کرد کە دەری دەخست مرۆڤ هەتا هۆشمەندتر بێت، دوورەگەزێتی لەو دا پترە (Bem,1979).

زۆر لە فیلسۆفە فیمینیستەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کەسایەتییە دوورەگەزەکان، گەشبینترنو توانای تاقیکردنەوەی شەبەنگێکی تەواو لە هەستو سۆزە مرۆییەکانیان هەیە (Trebilcot). ئاندریا دئورکین واتای دوورەگەزێتی بە مەبەستی پێکهێنانی گۆڕانی فیزیکی لە بایۆلۆژیی مرۆڤ دا پێشنیار دەکا: "ئێمە بە ئاشکرا، چەشنێکی چەند ڕەگەزیین.... ئەو توخمانەی بە نێر و مێ دادەنرێن، لە ئێمەدا لێك جیا نین" (Dworkin,1981). ئەمە ئامانجێکە کە نووسەری فەڕانسەیی مونیك ویتیگیش بە شوێنێوەیە. ژولیا کریستوا هەرچەشنە بڕوایەکی میتافیزیکی بە شوناسە جینسیتییەتییە نەگۆڕەکان بە وێرانکەر دەزانێو بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هێزی وێرانکەری ئەم جۆرە بڕوایانە، هێندێك بەڵگە دێنێتەوە (Moi,1985). فیمینیستەکانی دیکەش لە سەر ئەم ڕایەن کە دوو ڕەگەزێتی، واتایەکی وەستاوە، چونکە کێشەکانی دەسەڵات کە دەتوانن لە ڕێگای گۆڕانی ماددییەوە، یارمەتیی گۆڕانی دەروونیی تاك بدەن، پشتگوێ دەخا (J.B.Miller1976).

فیمینیستە ڕادیکاڵەکان بۆ وێنە ماری دەیلیو ئادرین ڕیچ بەڵگە دەهێننەوە کە تەنانەت ئەگەر دوو ڕەگەزێتی نموونەیەکی ئایدیالی گونجاوو ڕەخساویش بێت، وەکوو ئامانجی سیاسی، بە تەواوی لە کاریگەری بێبەرییە. چونکە توانای دەربڕینی جیاوازییەکانی نیە. ئایدیای دوو ڕەگەز بوون (دوورەگەزێتی) گومان دەخاتە سەر پێویستیی خەبات لە پێناوی جیاوازیخوازیدا (Raymond,1975).

سەرچاوە: کتێبی "فرهنگ نظریەهای فمنیستی"

**بۆ هاوکاریی هێزە دێموکراتو پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 446   7 Oct 2006

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com    http://www.pdk-iran.org    www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com    e- mail: pdkiran@club-internet.fr    e- mail: rdk_iran@yahoocom


## چیاکانی کوردستان

## کوڕەی مریەم Korey Meryam



یەکێکە لە بەرزایی‌یە هەرە جوانەکان کە خاوەنی زۆر دیمەنی بێ وێنەیە، یەکێکیشە لە دوندە ستراتیژیکەکانی "ژاوەرۆ". "کوڕەی مریەم" لە باشووری ڕۆژئاوای شارستانی سنەو لە ناوچەی "پایگەلان" هەڵکەوتوەو، بەرزایی‌یەکەی ۲۷۵۰ میترە. ئۆگرانی چیاو شاخەوانان لەگەڵ سەیرانگەکانو شاخەوانیی هاوینان لە کوڕەی مریەم، ئاشنان. ئەم ترۆپکە دەڕوانێتە ئاوایی‌یەکانی پایگەلان، گواز، سەرڕێز، تەنگیسەر، ژان، هۆیەو سەرهۆیە، بێساران‌و ئەوێهەنگ. ترۆپکە بەرزو ناودارەکانی دەوروبەری ئەم چیایە بریتین لە: مێرگەوار، وەزە قالاو، حەشبەنا، سنجین، تەوەنەسوور، خولی، شنگەجاڕ، چادرگا (پایگەلان)، لەغاوگیر، تەونەوڕای (پشت گواز)و دەرەسفتە بە دیوی ژاندا کە بە بەرزایی کەم‌و زۆر جیاوازەوە، وەك سەربانەکانی ئاوایی‌یەك، ناوچەیان داگرتوە.

کوڕەی مریەم، بە هۆی بەرزایی زۆرەوە، بارانی وەرزیی زۆری لێ‌دەبارێ‌و لە ئاکامدا رووبەرێکی گیایی لەباری هەیە. رووەکە خۆراکی، دەرمانی‌و زینەتی‌یەکانی ئەم ناوچەیە بریتین لە : ڕێواس، شنگ، گەزنە، کەنگر، بەنا و خاشخاشك، هەڵاڵە برمە، سوورە هەراڵە، گوڵی سووسەن، شەوبۆو بابونە، چنوور، مەرزەی کێوی (هەزبێ)و گوێنی، کەتیرەو هتد. بزنەکێوی، مەڕە کێوی، گورگ، ڕێوی، بەراز، کەروێشك، کەو، بولبول، هەڵۆ، شەهێن، ماری جۆراوجۆر لە گرنگترین گیانلەبەرانی ناوچەن.

دیمەنە جوانەکانی کوڕەی مریەم بریتین لە: چیای شاهۆ، کێوی کوڕەی میانە، کێوی شانشین، (پشت ئەوێهەنگ)، کێوی عەوالان (پشت کامیاران) بەرزایی‌یەکانی بووك‌و مارانی (پشت ڕەزاو)و دیمەنی چراکانی شاری کرماشان، کە شەوانە جوانی‌یەکی کەم وێنەیان هەیە. "کوڕەی مریەم" حەشارگەی دەستکردی نیە بەڵام پڕە لە قەڵشتی سروشتی کە زستانان دەبنە پەناگەی شاخەوانان. کوڕەی مریەم سەرچاوەی کانیاوی جۆراوجۆرە. کانیی خۆڵی، گریان مێردو سنجێن (بە دیوی پایگەلان دا)و کانیی "قەڵەوەزە" (بە دیوی گوازدا)، هەروەها "سەرڕێز"، کانیی سەراو دەرە سفتەو مێرگەوار (بە دیوی ژان دا) لەو کانیاوانەن کە زۆربەیان وەرزیین‌و ئاوەڕۆیان دەچێتەوە نێو دۆڵی سیروان.

کوڕەی مریەم دوو ڕێگای سەرکەوتنی هەیە: یەکیان لە پایگەلانەوە بۆ "وەزە قالاو" لەوێشەوە بۆ "قالاوە سیاو"، چارەگا، بەفرەوارو پاشان بۆ "وەروەلارە"، لەوێش ڕا بە سەعاتێك دەچێتە سەر ترۆپکی کوڕەی مریەم. ڕێگاکەی دیکەش لە "هێشەلارە"ڕا دەچێتە "هەنگەوانە"و لەوێشەوە دەچێتە "لەغاوگیر"و پاشان دەچێتە سەر ترۆپکی چیاکە. چوون‌و هاتنەوە لەم چیایە، ٥ سەعات دەخایەنێت.

کتێبی: "جلوەهای طبیعی کردستان، دفتر اول: کوهها" (دیمەنە سروشتی‌یەکانی کوردستان، دەفتەری یەکەم: چیاکان)

ئامادە کردنی: ئەکبەر وەلەبەیگی

## کوڕێك کە وەك بابی، خەڵاتی نۆبیلی شیمیی وەرگرت



خەڵاتی نۆبیلی شیمی(هی ساڵی۲۰۰٦) درا بە ڕاجێر کۆرنبێرگ مامۆستای زانستگەی ستانفورد لە ئەمریکا. باوکی ناوبراویش (بەرێز کورنبرگ) نیوسەدە لەمەوبەر، خەڵاتی نۆبێلی پزیشکی وەرگرتبوو.

ئەم خەڵاتە سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکانی پرۆفیسۆر کۆرنبرگ لەم بوارەدا کە خانەکان چلۆن زانیاری لە "ژێن" رادەگوێزن تا پرۆتیئین بەرهەم بێنن، درا بە ناوبراو.

ئاکادیمیای پاشایەتیی زانستەکان لە سوئید لە ڕێزلێنانەکەی خۆیدا نووسیویە: راجێرکورنبرگ بە لێکۆڵینەوەکانی دیمەنێکی وردی لەو شتە کە زاناکان ناویان ناوەو دابەزاندن لە یوکارپوت" (Transcription in eukaryotes) خستۆتە ڕوو.

ئەم کومیتەیە لە بارەی گرنگی لێکۆڵینەوەکانی دوکتور کورنبرگ لە بارەی پزیشکی‌یەوە گوتی:" تێگەیشتن لە چۆنیەتیی کردەوەی پرۆسەی دابەزاندن، لەباری پزشکیی‌یەوە گرنگی‌یەکی بنچینەیی هەیە." پیتر فریز ئەندامی پایەبەرزی شوورای توێژینەوەی پزیشکیی بریتانیا گوتی: "ئەگەر بتوانین نهێنیی ژیان بە ماشینێك بچوێنین، پرۆسەی دابەزاندن گرینگترین بزوێنەری ئەم ماشینەیە کە ئەندامەکانی دیکەش دەخاتە جوولان."



ناوبراو هەروەها دەڵێ: "کورنبرگ دیمەنێکی یەکجار وردو روون لەو ماشینەی خستۆتەڕوو کە بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان گرینگی‌یەکی بنەڕەتی هەیە."

## ناوی وەرگرانی خەڵاتی نۆبێلی فیزیك ڕاگەیەندرا



خەڵاتی نۆبێلی فیزیك، ئەمساڵ سەبارەت بە رۆڵی بێ‌وێنەی سێ زانا لە بەرەوپێش بردنی تیۆریی زلە گەیەنەرەکان (ابر هادی‌ها) و زلە شلەکان (ابر مایعات)، بە هاوبەشی بەوان درا. ئەلکسی ئەبرسیکۆف و ویتالی گینزبێرگ خەڵکی روسیەو ئەنتونی لێگت کە لە بریتانیا لەدایك بووەو دانیشتووی ئەمریکایە، بە هاوبەشی ئەم خەڵاتەیان وەرگرت.

زلە گەیەنەرەکان ئەو ماددانەن کە دەتوانن لە گەرمای زۆر نزم دا بێ ئەوەی خۆراگری لە خۆیان نیشان بدەن، ئەلیکتریسیتە بگوێزنەوە. "زلە شلەکان"یش لە گەرمای یەکجار نزم دا، واتە گەرمای کەمێك بەرزتر لە پلەی سیفری رەها دا، چالاکیان هەیەو هیچ چەشنە بەرهەڵستێك پیشان نادەن، بەجۆرێك ئەگەر وەگەر کەوتن، وەستانیان نیە.

زلە گەیەنەرەکان لە کانزاکان، ئالیاژەکان و پێکهاتە سیرامیکەکان دروست دەبن. نەبوونی خۆراگری لەوان دا بووە بەهۆی ئەوە بێ ئەوەی وزە زایە بکەن، لە بەرهەمهێنانی ئەلێکترۆ موغناتیسەکان دا کە مەیدانە گەورە موغناتیسی‌یەکان پێکیان دێنن، کەلکیان لێ وەربگیرێ. ئەم موغناتیسانە لە سکانیرەکانی M.R.I (وێنە هەڵگرتنی موغناتیسی رەنگدانەوەیی)دا، بۆ پشکنینی پێکهاتەی لەش و دەزگاکانی پاڵنەری گەردیلەکان کە بۆ لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندی‌یەکانی ماددە بەکار دەهێنرێن، کەلکیان لێ وەربگیرێ. ئەگەرچی لەو پێوەندی‌یەدا بانگەشەی سەیر و سەمەرە هاتۆتە گۆڕێ، بەڵام ئەم زانستە مزگێنیی پێشکەوتنی گرنگ لە بواری داهێنانی کامپیوتێری یەکجار خێرای پێیە. هەروەها مزگێنیی بەرهەمهاتن، پاشەکەوت و ڕاگوێزتنی وزەی کارەبا، بەسوود و بەرهەمی یەکجار بەرزەوەی پێیە.

BBC.persian




فیدرالیزم سیستمی دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر بناخەی ئیقلیمی و سەرزەمینی‌یە. (...) بۆ ئەوەی فیدرالیزم بەڕاستی بۆ گەلێك سوودبەخش بێ، دەبێ ئەو گەلە خاوەنی هەرێمی تایبەت بە خۆی بێ. هێندێك جار موخالیفانی فیدرالیزم بەگشتی و هی فیدرالیزمی نەتەوەیی بەتایبەتی دەیانەوێ بە پشت بەستن بە وەزعییەتی دێموگرافیی ئێران ئەو سیستمە رەت بکەنەوە و دەڵێن لە ئێران "قەومەکان" بەشێوەی پەرش و بڵاو و تێکەڵ پێکەڵ دەژین و دەرەتانی ئەوە نیە کە کەسایەتی قەومی یا میللیی گەلانی ئەو وڵاتە بکرێتە چوارچێوە و بناخەی فیدرالیزمی داهاتوو. بۆ وێنە دەگوترێ کە نیوەی تورکەکانی ئێران لە دەرەوەی ئازەربایجان دەژین و تورکەکانی تاران لە تورکەکانی تەورێز زۆرترن؛ یان ئەوە کە ئەندامانی سەر بە فڵانە گەل لە ناوچەی مێژوویی فڵانە قەومیش هەن. شك لەوەدا نیە کە سەدان ساڵ مێژووی هاوبەش و بەتایبەتی هێندێك بەرنامەی عەمدیی لێکدانی قەومەکان لە ئێران بۆتە هۆی تێکەڵ بوونی خەڵکی نەتەوە جۆربەجۆرەکانی وڵات. ئەگەر بەو پێیە بێ ئێمەش دەتوانین بڵێین کە تاران گەورەترین شاری کوردنشینە. بەڵام بۆ مەگەر لەو وڵاتانە دا کە فیدرالیزە کراون مەسەلەکە بە جۆرێکی دیکەیە؟ چما وەزعییەتی دێموگرافیی ئێران لە وەزعییەتی کانادا خراپترە کە لەوێ زیاتر لە یەك میلیۆن فەڕانسەیی زمان لە دەرەوەی هەرێمی کێبێك دەژین و ۱۷%ی دانیشتووانی خودی کێبێکیش ئینگلیسی زمانن. پەرش و بڵاویی قەومەکان خاڵی هاوبەشی نزیك بە تەواوی وڵاتانی فرەنەتەوەیە و تاقە یەك دەوڵەتی فیدرالیشمان لە دنیادا نیە کە خاوەنی کۆمەڵێك کەمایەتی لەسەر خاکی بەشێك لە هەرێمەکانی نەبێ. لەلایەکی دیکەوە فیدرالیزم بۆخۆی سیستمێکە کە بۆ ئەوە ساز کراوە کە راست وڵامی کێشە و گیروگرفتی لەو جۆرە بداتەوە، چونکە هەم سیستمی دابینکردنی مافی کەمایەتی‌یەکان لە چوارچێوەی هەرێمەکانی تێدایە و هەم مێکانیزمی بەڕێوەبردنی هاوبەشی دەڤەرە فرەقەومی‌یەکان.

(وەرگیراو لە کتێبی "فیدرالیزم بۆ کورد، فیدرالیزم بە کوردی، نووسینی: ئاسۆی حەسەن زادە، لاپەڕە ۱۱۳-۱۱٤)

## مرواریی دەریای وشە

نەبوونی دادپەروەری، بەتواناترین مرۆڤەکانیش بەرەو گەندەڵی و وێرانی دەبا. (سالیسبوری)

ویستن دەسووتێنێ، توانین وێران دەکا، بەڵام زانین هێمنیت پێ دەدا. (ڕۆلان بارت)

هەر شوێنێك حەقیقەتی لێ نەبێ، هەموو شتێك نزم و دزیو و پووچ دەبێ. (سوقرات)

ئەگەر دەتەوێ بەسەر جیهان دا سەربکەوی، ئاوەز (عەقل) بەسەر خۆت دا زاڵ بکە. (تولستوی)

رق و نەفرەت بۆ ئەوانە بێڵنەوە کە توانای خۆشەویستییان نیە. (ڤیکتۆر هۆگۆ)

## سوودەکانی وەرگێڕان

بەر لەماڵاوایی

قادر.وریا

### بە بۆنەی ۳۰ی سێپتامبر، ڕۆژی جیهانیی وەرگێڕانەوە

وەرگێڕان یەکێك لە دەسکەوتە هەرە گرنگەکانی بیری مرۆڤەو پردی پێوەندیی نێوان نەتەوەکان‌و کەلتوورە جیاوازەکانە. گەلان بەهۆی وەرگێڕانەوە لێك تێ دەگەن‌و، سوود لە دەسکەوتە فیکری‌یەکانی یەکتر وەردەگرن. چاوخشاندنێك بە مێژووی ئەو نەتەوانەدا، کە لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوویان دا، ڕاپەڕینی کەلتوورییان وەرێخستوەو، گۆڕانێکی گەورەیان بەسەر کۆمەڵی خۆیان دا هێناوە، بۆمان دەردەخا کە وەرگێڕان ڕۆڵێکی گرنگی لەو ڕاپەڕین‌و بەرەو پێشچوونەیان دا هەبووە.

"ئەگەر بەوردی سەرنج لە سەردەمی بوژانەوە "ڕێنسانس"ی هەر نەتەوەیەك بدەین، دەبینین پێش ئەو سەردەمە، یان شان بەشانی ئەو سەردەمە بزووتنەوەیەکی فراوانی وەرگێڕان هاتۆتە کایەوە. کەوابوو وەرگێڕان سەرقافڵەچی بوژانەوەو داهێنانە ... میللەتێ لە بواری وەرگێڕاندا دوا بکەوێت، ئەوا لە سەرجەمی بوارەکانی ژیان دا دوا دەکەوێت. بۆیە دام‌و دەزگا جۆربەجۆرەکانی دەوڵەتان دەست‌و برد دەکەن لە وەرگێڕانی بەرهەمە ڕەسەن‌و کاریگەرەکان تا وەك بەم بەرهەمانە ڕۆشنبیریی گەلانی خۆیانیان پێ متوربە بکەن."[1]

ئەدەبی نەتەوەیەك بەهۆی وەرگێڕانەوە دەتوانێ خۆی دەوڵەمەند بکاو لەم ڕێگایەوە لەگەڵ ئەزموونی گەلانی دیکە، لەگەڵ شێوازو فۆرمە ئەدەبی‌یەکان، لەگەڵ فکرو داهێنانی نووسەران‌و شاعیران‌و بیرمەندانی نەتەوەکانی دیکە ئاشنا بێ‌و سوودیان لێ وەربگرێ. دوکتور فەرهاد پیربباڵ وەرگێڕان بەیەکێك لە فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا دادەنێ‌و لەم بڕوایە دایە کە برەوسەندنی جموجۆڵی تەرجەمەو ڕۆژنامە نووسی، کاریگەرییان هەبووە لە سەرهەڵدانی هونەری شانۆو تەنانەت چیرۆکیش لە ئەدەبیاتی کوردیدا. هەروەها دروستبوونی پێوەندیی کەلتووریی بەهێز بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورد لە نێوان ئەدەبی کوردی‌و ئەدەبی ڕۆژئاوا دەبەستێتەوە بەسێ ڕێگە کە تەرجەمەی ئەدەبیاتی ئورووپی بۆ سەر زمانی تورکی‌و خوێندنەوەیان لەلایەن نووسەرانی وەك پیرەمێردو شێخ نووری شێخ ساڵح‌و نەجدەت کەرکوکی‌و خەلیل خەیاڵی‌و مستەفا شەوقی‌و عەبدولرەحیم ڕەحمی هەکاری‌و جەمیل سائیب‌و ئەوانی‌تر، یەکیانە.[2]

ئەدەبیاتێك کە پەرژینێکی قایمی بەدەوری‌دا کێشرابێ‌و ڕێگەی ئەوەی نەبێ لە ڕێگای وەرگێڕان یا ڕێگاکانی دیکەوە سوود لە ئەدەبی گەلانی دیکە وەربگرێ "ئەوە لە گۆمێ دەچێ کە لەهیچ لایەکەوە ئاوی تێ نەڕژێ، وەها گۆمێك دوای ماوەیەك لەناو خۆیدا دەگەنێ ... ئەو گۆمە کاتێ زوڵاڵ‌و ڕوونە کە چۆم‌و ڕووبارەکانی دەوروبەری لە باوەش بگرێ ... ئەوە بەمانای تێکەڵ‌و ئاوێتە بوون نییە. ئەو گۆمە تایبەتمەندییەکانی خۆی دەپارێزێ‌و لەهەمان کاتدا بۆ زیندوو بوون‌و بزاڤی نوێ کەڵك لەچۆم‌و ڕووبارەکانی‌تر وەردەگرێ."[3]

نەتەوەکانی جیهان هەر لە بواری ئەدەبی‌دا نا، بەڵکوو لە زۆر بوارو مەیدانی دیکەش دا سوودیان لە وەرگێڕان وەرگرتوە. زۆربەی زانستەکان پێشتر لە یەکێك لە وڵاتان دا سەریان هەڵداوەو پاشان بەڕێگای جۆراوجۆر، کە وەرگێڕان یەکێك لە هەرە گرنگەکانیان بووە، بەدنیادا بڵاو بوونەوە. پێ‌بە پێی پێویستیی نەتەوەو وڵاتان بە لێك تێگەیشتن‌و، سوود وەرگرتن لە بەرهەمە مەعنەوی‌و ماددی‌یەکانی یەکترو، شانبەشانی گەشەکردنی تیکنیك‌و زانستی وەرگێڕان، وەرگێڕان ڕۆڵی پتری لە پێکهێنانی پێوەندیی نێوان ئەوان دا هەبووە. دیارە هەم ئەو نەتەوەو وڵاتانەی لەباری شارستانەتی‌و فکرو کەلتوورو پیشەسازی‌یەوە دەوڵەمەندو لە پێشتر بوون، هەم ئەوانە کە لەم بوارانەدا هەژارو دەسکورت بوون، پێویستیان بە لێك تێگەیشتن‌و پێوەندی هەبووە کە ئەمەش بەهۆی وەرگێڕان ـ جا زارەکی یا نووسین ـ مسۆگەر بووە. لە جیهانی ئێستادا ئەم پێویستی‌یە بە وەرگێڕان زیاترو، ڕۆڵی وەرگێڕان لە پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان‌و کۆمەڵە جیاجیاکان دا پتر بووە. چونکە "جیهانی ئەمرۆ زۆر بە توندی پێکەوە بەستراوەتەوە. هەموو جیهان وای لێهاتوە پێویستی بە یەکتری بێت. هەر بۆیەشە هەموو دەوڵەتە جیاجیاکانی جیهان هەڵپەی ئەوەیانە هەرچی پێشکەوتنێك یان گۆڕانێك لەهەر کوێیەك ڕوودەدات بیزانن ـ جا لە بواری رامیاری، تەکنۆلۆژی، سەربازی، فەلسەفی، زانستی، ئابووری، پزیشکی یان لایەنی دیکەوە بێت. هەڵبەت شارێگەی گەیشتن بەم مەبەستەش وەرگێڕانەو هەر لە ڕێگای وەرگێڕانەوەیە کە بابەتی نوێباوو نۆژەن بە دیدەو گوێچکەمان شاد دەبێت. هەر لە دەرچوونی مۆدێلێکی نوێی ئۆتۆمبێلەوە بگرە تا دەگاتە مایکرۆسۆفتی نوێ، کۆمپیوتەری نوێ، دامەزرانی کۆماری نوێ، سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ، دۆزینەوەی زانستی نوێ‌و شوێنەواری نوێ ..."[4]

ئێمەی کورد دان بەوەدا دەنێین کە سوودی زۆرمان لە وەرگێڕان وەرگرتوەو بە ڕێگای وەرگێڕان دا هەوڵمان داوە لە هەموو بوارو مەیدانەکان دا کەڵك لە دەسکەوتە ماددی‌و مەعنەوی‌یەکانی نەتەوەکانی دیکە وەربگرین. بەڵام پرسیار ئەمەیە ئایا ئێمە هەر دەبێ کەڵکوەرگر بین؟ یا بە دەربڕینێکی دیکە ئێمە کە ئەو هەمووە وەرگرتنەمان هەیە، ئەدی چیمان هەیە بە ڕێگای وەرگێڕان دا بە نەتەوەکانی‌تری بدەین؟

قسەی تێدا نیە کە وەرگێڕان لە زمانەکانی بێگانەوە بۆسەر زمانی کوردی، زۆر زیاترو بەرچاوترە لە وەرگێڕان لە زمانی کوردی‌یەوە بۆ سەر زمانی بێگانە. لەمەشەوە نابێ بگەینە ئەم ئاکامە کە دەبێ وەرگێڕان بۆسەر زمانی کوردی وەلا بنێین‌و، تەنیا بایەخ بە وەرگێڕان لە زمانی کوردی‌یەوە بۆ سەر زمانی بێگانە بدەین. ئێمە هەروا ئاتاجی وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردیین.

با ئەوەش بگوترێ کە وەرگێڕان هەر لەباری بەرز کردنەوەی ئاستی فکرو فەرهەنگ‌و زانست‌و تێگەیشتنی نەتەوەکەمانەوە بە قازانج نیە، بەڵکوو بۆ خودی زمانەکەشمان ئامرازێکی زۆر باشی پەرە پێدانە. چونکە جگە لەوەی دەبێتە هۆی دروستبوونی وشەو زاراوەی نوێ‌و هاتنی وشەو چەمك‌و موفرەداتی دیکە بۆ نێو زمانەکەمان، دەشتوانین بۆ هێنانەوە مەیدان‌و پاراستنی زۆر وشەی کوردی کە خەریکن لەبیر دەچنەوە، کەڵکی لێ وەربگرین.

دێینەوە سەر ئەم پرسیارە کە چ شتێك لە زمانی کوردی‌یەوە بۆ سەر زمانەکانی دیکە وەربگرین کە هەم زۆر پێویست بێ، هەم زۆر گرنگ؟ بێگومان ئەو بابەت‌و زانستانەی کە کورد خۆی داینەهێناون‌و بە زمانەکانی دیکەش هەن‌و سەرچاوەی باشترو دەوڵەمەندتر لەبارەیانەوە هەیە، ئەگەر بەزمانی کوردیش لەسەریان نووسرابێ، پێویستی‌یەکی ئەوتۆ بە وەرگێڕانیان بۆسەر زمانەکانی بێگانە نیە. باشترە ئەوانە لە زمانی کوردییەوە وەربگێڕدرێنە سەر زمانەکانی دیکە کە پێوەندییان بە مێژوو، ژیانی سیاسی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی کوردەوە هەیە، یا بە فەرهەنگ‌و ئەدەبیاتی کوردی دادەنرێن. وەرگێڕانی ئەم جۆرە بابەتانە هەم بۆسەر زمانی نەتەوەکانی دەوروبەرمان پێویستن هەم بۆسەر زمانەکانی ئینگلیزی، فەرانسەیی، ئەڵمانی، رووسی، ئیسپانیایی‌و هتد. چونکە هەم یارمەتی بە ناساندنی نەتەوەکەمان‌و کێشەی نەتەوەییمان دەکەن، هەم ئەدەب‌و زمان‌و کەلتووری مێژووی ئێمە بەم شێوەیە بە نەتەوەکانی دیکە دەناسێندرێ.

1 ئازاد حەمە شەریف، بە بێ وەرگێڕان ئەستەمە ڕۆشنبیریی کوردی پێش بکەوێ، ڕامان، ژمارە ۳۷، ل ۹۰

2 د. فەرهاد پیرباڵ، عەبدولرەحیم ڕەحمی هەکاری، ل۱۱۸ـ ۱۱۱

3 جەلال مەلەکشا، بزاڤی ڕووناکبیری لە کوردستانی ئێران (میزگرد)، رامان، ژمارە ٥۱، ٥ی ئەیلوولی ۲۰۰۰، ل١٦٤

4 ئازاد حەمە شەریف، بەبێ وەرگێڕان ئەستەمە ڕۆشنبیریی کوردی پێش بکەوێ، ڕامان، ژمارە ۳۷، ٥ی تەمموزی ۱۹۹٥، ل۸۹